# گوڵان

سالّی بیست و هەشتەم (١٣٠٠)- (١٠)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٢




**پ.د. شێرزاد نەجار:**

**چیتر حزبی سیاسی ناتوانێت وەك پێشان نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە بکات**



**زاگرۆس فەتاح:**

**ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی ٢١ بەنداو دراوە و ٣٣ ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە**

**دکتۆر ئەمیر سەلیم پسپۆڕی دارایی و بانک:**

# بازاڕەکانی عێراق و کوردستان بێسەروبەرن و هیچ خەسڵەت و سیمایەکی ئابووریی بازاڕیان تێدا نییە

## وەزارەتی دارایی عێراق ناتوانێت پەنا بۆ بەهێزکردنی بەهای دینار ببات






## ئەگەر ئیرادە هەبێت دەگرێ نامومکینەکانیش بێنینەدی

هەرچەندە دەستپێکردنەوەی شۆڕش دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کارێکی ئاسان نەبوو، تەنانەت لای زۆر کەس پتر لە خەیاڵ دەچوو، بەڵام بە دەستپێکردن و هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان، ئەو ڕاستییە بە تەواوەتی سەلمێندرا کە بیروباوەڕ و ئیرادە لە سەرووی هەموو شتێکە و، هیچ بەربەستێک توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرادە و بیروباوەڕی نییە. نسکۆی شۆڕش، نسکۆیەکی سەربازی نەبوو، بەڵکو سیاسی بوو. لە بارودۆخی هەستیار و تەنانەت پڕمەترسیی ئەو ساتدا، واقیعێکی ناخۆش هاتبووە ئاراوە، بەڵام دەبوایە بەرپرسیارانە بجووڵێینەوە و ئەو واقیعە قبووڵ نەکەین، ئەوە بوو بڕیارمان دا، نسکۆی شۆڕش بکەینە وەرچەرخانێک بۆ دەستپێکردنی قۆناخێکی تازە.. دوای ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش، ئەو نائومێدییەی بە هۆی نسکۆوە باڵی بەسەر گەلی کورددا کێشابوو، نەما و بڕوابەخۆبوون و هیوا شوێنی گرتەوە، لە بارودۆخی سەختی ئەو کاتدا بەلای منەوە گەورەترین سەرکەوتن ئەوە بوو کە تەسلیمی نائومیدی نەبین، ڕاستە ئاسان نەبوو، مەترسییەکان هێجگار زۆر بوون، هەڕەشەکان بەردەوام هەبوون، گوشارەکان لە هەموو لایەکەوە بوون، بەڵام دەبوایە خۆڕاگر بین و ئیرادەمان نەشکێت. سوپاس بۆ خودای گەورە ئیرادەمان نەشکا.. بە کردەیی سەلمێندرا ئەگەر ئیرادە هەبێت، دەکرێت نامومکینەکانیش بێنینەدی.

چاپی یەکەمی دیوانە شیعری (هەولێر لە سەردەمی کۆرۆنادا) لە لایەن شاعیر ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا (بێدەر)ەوە بە بەرگێکی جوان و بە (١٣٥) لاپەڕە چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. سەبارەت بە ئیلهامی نووسین ئەو هۆنراوانە، شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کاتێك قەدەغەی هاتوچۆ لە زۆربەی وڵاتان ڕاگەیاندرا، کوردستان بە گشتی و هەولێری پایتەختیش بەتایبەتی لەم بڕیارەی قەدەغەکردنە بەدەر نەبوو، بۆیە هەروەك دەڵێت: ئەو ڕۆژانە زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوە بەسەر برد، بەڵام لەو ماوەیەدا توانی ئەو هەموو هۆنراوانەی نێو کتێبەکە بنووسێت، کە هەموو ژینگەو ژیان و گوزەرانی خەڵکی شاری هەولێریان تێدا بەجەستە بووە.

ئەم کتێبە خۆی لە خۆیدا پانۆرامایەکی تایبەتە بۆ ئەم شارە، ئەو هاتووە باس لە خانەدان و خەڵکی سادە و ساکار و بازاڕ و کوچە و کۆڵان و چایخانەکانی هەولێر دەکات، قەڵاو منارەی کردووە بە ناونیشانی زیندووی پایتەخت، دێتە سەر ناوی گەورە شاعیرو نووسەرو مامۆستایانی ئایینی و پیشەوەرو ئافرەتانی سەربەرزی شارو هونەرمەندو حەیرانبێژو کاسبکارو دووکاندارو خاوەن پیشەو ڕۆشنبیرانی زیندوو و کۆچکردووی هەولێر، ناوی هەموویانی خستووەتە نێو دێڕە شیعرییەکانیەوە.

ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا (بێدەر)ی شاعیر بۆ نووسینی زانیارییەکانی ئەم پانۆرامە شیعرییە، سوودی لە دەیان سەرچاوەی کتێب و دیوانی شاعیران و گۆڤارو ئەرشیفی نووسەران و ئیسکلۆپیدیای هەولێر وەرگرتووە، دەستخۆشی لە شاعیر دەکەین، بۆ ئەو کتێبەی کە یەکەم بەرهەمی چاپکراویەتی .. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.






هۆشیار سیوەیلی



## درێژەکێشانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بژێویی خەڵک دەبێت

کریستۆفەر جەی :




## قەرزی کورد لای جیهان ئەوەیە کە ڕێگە بدەن بە ئاشتی و ئارامی بژیت

ستیڤ زونێس :



## پێشبینی ناکەم ئێران و ئەمریکا لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ

جۆن تیرمان :



## دەستووردانە دەرەکییەکان ڕێگری سەرەکین لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

زەردەشت عەبدولخاق سەرسام :

## ئەمساڵ دەست به جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕیسایکڵینی ئاوەڕۆی پارێزگای هەولێر دەکرێت



## لە پێناو کاڵبوونەوەی کۆچی لاوان داوا دەکرێت زەمینەی خواستەکانیان فراوانتر بکرێت



## ئایا مۆمی بۆندار زیانی تەندروستیی هەیە؟




## پتەوترین و بەهێزترین لاپتۆپ



پەیمان زەینەدین :

## کارێکی زۆر باشە یانەکان ئافرەتێک یان زیاتریان لە دەستەی کارگێڕیدا هەبێت





## شانۆی چوار پارچەی کوردستان لە کەرکووک

بەڕێوەبردنی تەنگژە (Conflict management) ئەگەر لە ڕوویەکەوە بە مانای گوزەران و خۆڕاهێنان بێت لەگەڵ تەنگژە و کێشە سیاسییەکاندا، ئەوا بە دیوێکی دیکەدا بە بوونی لایەنی سێیەم لە ناو تەنگژەکەدا، هەوڵێکە بۆ خۆدوورخستنەوە لە هەڵکشانی کێشەکان و چوون بەرەو شەڕ و خوێنڕشتن، هۆکاری سەرەکی لە مەترسیی حاڵەتی بەڕێوەبردنی تەنگژەدا، ئەوەیە کە لایەنەکانی کێشەکە هێشتا شەتەك نەبوون و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن، کە بە شێوازی شەڕکردن کێشەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەلایەکدا بخەن و، لە زۆربەی قۆناخەکانی بەڕێوەبردنی تەنگژەشدا، لەگەڵ ئەوەی گەلێك شەڕ و دانوستاندن لە نێوان لایەنەکاندا بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم ئەنجام دەدرێت، بەڵام هیچ وەرچەرخانێك بەسەر تەنگژەکە (conflict transformation) نایەت، ئەم حاڵەتی وەرچەرخانەش کاتێك دێتە ئاراوە، کە لایەنەکانی کێشەکە شەکەت و هیلاك بووبن و، ناچار بن بە دوای چارەسەرێکی مامناوەندی ئەمری واقیعدا بگەڕێن، بۆ ئەوەی قۆناخێکی تازەی پێکەوەژیانی ناچاری بێتە ئاراوە.

لە پرۆسەی سیاسیی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣، بەردەوام تەنگژەی گەورە لە نێوان لایەنەکاندا هەبووە، یان بە شێوازێکی دیکە، بەردەوام کورد و عەرەبی سوننە کێشەیان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا هەبووە، کە لە بەغدا لەلایەن حزبە ئیسلامییە شیعەکانەوە ئاراستە کراوە و، لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی بەغدا نەك بە هونەری بەڕێوەبردنی تەنگژە مامەڵەیان لەگەڵ کۆی تەنگژەکاندا نەکردووە، بەڵکو بۆ شاردنەوەی تەنگژەیەك، تەنگژەیەکی دیکەیان دروست کردووە، تا سەرەنجام تەنگژەکان بە جۆرێك بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون، کە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ تەنگژە ڕاستەقینەکەی قورستر کردووە، ئەم حاڵەتە کە بە هۆی سیاسەتی «دروستکردنی تەنگژەی دیکە بۆ شاردنەوەی تەنگژە» لە لایەن حزبە ئیسلامییە شیعەکانەوە بۆ کۆی تەنگژەکانی عێراق دروست دەکرا، بووە هۆکاری ئەوەی کە کاری لەپێشینەی حکومەتەکانی بەغدا لە بری ئەوەی هەوڵدان بێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، بووە ئەولەوییەتی دروستکردنی تەنگژەی تازە، بەمەش وەرچەرخانێك لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراقدا هاتە ئاراوە، کە حوکمڕانیی حزبە ئیسلامییە شیعەکان، نەك هەر لە عێراقدا، بەڵکو لە ناو پارێزگا شیعەنشینەکانیشدا شکستی هێناوە.

ئەم وەرچەرخانەی لە ناو ماڵی عەرەبی شیعەی عێراقدا دروست بوو، پەیامێك بوو ئاراستەی ئەو سیاسەتەی حزبە ئیسلامییەکانی شیعە کرا، کە لە حوکمڕانیی عێراقدا پیادەیان دەکرد، ئەمەش بەو مانایەی وەك لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی نێو ماڵی شیعەدا بینیمان، ئەوا بێجگە لەوەی ژمارەیەکی کەمی خەڵك بەشدارییان کرد، لە هەمانکاتدا حزبە ئیسلامییە شیعەکانیشیان سزا دا و دەنگی پێویستیان پێ نەدان، ڕەنگدانەوەی ئەم وەرچەرخانەش بووە

# بەرەو قۆناخی وەرچەرخانی تەنگژەکان

هۆی ئەو شڵەژانەی کە ئێستا لە ناو پرۆسەی سیاسیی شیعەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم حاڵەتی شڵەژانەی ئێستا لە ناو لایەنە سیاسییەکانی شیعەدا دەبینرێت، لەوانەیە لە ڕووکاردا وەك حاڵەتێکی تراژیدیای سیاسی دەربکەوێت، بەڵام ئەگەر هەڵوەستەی وردی لەسەر بکەین، ئەم شڵەژانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی حزبە سیاسیەکانی شیعەی عێراق بە ناچاری بە خۆیاندا بچنەوە و، ئاوڕێك لە دەنگدەرانی خۆیان بدەنەوە، کە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا پەیوەستە بە دەنگی ئەوانەوە و، واقیعێك فەرز دەبێت لەسەریان، کە بیر لە پرۆسەیەکی سیاسیی سەقامگیر و حکومەتێکی کارای ئەوتۆ بکەنەوە، کە توانای ئەوەی هەبێت، وەڵامی خواست و پێداویستیی دەنگدەرانیان بداتەوە.

لەم خاڵەوە دەشێت بە گەشبینییەکی هەستیارەوە سەیری ئەو پرۆسەیە بکەین، کە ئێستا بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لە ئارادایە، لەگەڵ ئەوەی ئەم گەشبینییە هەستیارە لە شڵەژانی نێوماڵی سیاسیی شیعەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام تێگەیشتنی لایەنی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەدا بە یەك شاندی و یەك هەڵوێستی و، هەروەها یەکگرتنی ڕێژەیی نێوماڵی عەرەبی سوننەش لە میانەی هاوپەیمانی نێوان (تەقدوم و عەزم)دایە، ئەمە مانای ئەوەیە ئیدی قۆناخێکی تازە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەست پێ دەکات، کە دەشێت پێی بگوترێت قۆناخی «وەرچەرخانی تەنگژە» کە هەموو لایەك بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرن، بە چارەسەری ئەمری واقیع ڕازی ببن و، وەك پێشان بیر نەکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەی:

١- چیتر حزبە ئیسلامییەکانی شیعەی عێراق ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە بەتەنیا و بەبێ هاوسەنگی و شەراکەت دەتوانن حوکمڕانیی عێراق بکەن و، بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە.

٢- عەرەبی سوننەی عێراق چیتر ناتوانێت خەو بەوەوە ببینێت کە جارێکی دیکە لە عێراقدا دەگەڕێنەوە بۆ حوکمڕانی، بۆیە وا باشترە بیر لە ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە و شارەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە و، ئەمری واقیعی تازەی سیاسی لە عێراقدا بە سنگفراوانییەوە قبووڵ بکەن.

٣- کورد تا ئێستاش لە دووبارەبوونەوەی مێژووی ڕابردووی خۆی دەترسێت، بۆیە لێرەوە نابێت چیتر کورد لە ئایندەی خۆی بترسێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر باردۆخێکیان هێنایە پێش، کە کورد ناچار بێت لە ئایندەی خۆی بترسێت، ئەوا هەرگیز عێراقیش سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.

پێدەچێت، بابەتی سەرەکیی دانوستاندنی لایەنە سیاسییەکانی «کورد و شیعە و سوننە» لە بەرچاوگرتن و وردکردنەوەی ئەو وەرچەرخانانە بێت کە لە تەنگژەکان هاتوونەتە ئاراوە و، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی بە ڕاشکاوی باس لە پێداچوونەوە بە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا دەکات.


# پێگەی حزبی سیاسی لە ناخی جەماوەردا

# کێ نوێنەرایەتی کێ دەکات؟



**«حزبی سیاسی پرانسیپی میانگیرییە لە نیوان مرۆڤ و مێژوودا»**

**جۆرج لۆکاش (١٨٨٥–١٩٧١ ز)**



پ.د. شێرزاد نەجارِ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

## ١

**ئایا لە سەدەی بیست و یەکەمدا حزبی سیاسی تەنگژەی هەیە؟**

حزبەکان لە خودی خۆیاندا ڕووبەڕووی تەحەددی دەبنەوە، ئەم تەحەددییەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕۆڵی حزب لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان، بەو سیفەتەی میانگیرێکی چالاکە لە نێوان «هاوڵاتی و حکومەتدا»، هەر بۆیە «لاوازییەکەی» زیاتر پەیوەندیدارە بە ڕێکخستنە پاسیڤەکەی نەك لەبەریەك هەڵوەشانی ئەدای کارە دیاریکراوەکانی.

ئەوجا بۆ ئەوەی بتوانین لێکۆڵینەوە لەسەر بوونی تەنگژە لە ناو حزبە سیاسییە هاوچەرخەکاندا بکەین، ئەوا کاریکی بەسوودە ئەگەر جیاکاری لە نێوان فاکتەری هەیکەلی و ڕێکخراوەیی لە لایەك و ئەو هۆکارانە بکەین کە کاردەکەنە سەر ئەو ئەرکانەی کە حزب جیبەجێیان دەکات لەلایەکی دیکەوە.

لە ڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە، ئاماژەی زۆر ڕاستەوخۆ، ڕاشکاوانە بۆ بوونی تەنگژە ژمارەی ئەندامانی حزبە، حزبی جەماوەری لە پشت پڕۆگرامەوەیە، هێزەکەی لە ژمارەی ئەندامەکانیەتی، ئەمەش لەسەر ئەو پرانسیپەی کە حزبی سەرکەوتوو ژمارەیەکی زۆر ئەندام کۆدەکاتەوە و، حزبی شکستخواردوو ئەندامەکانی لەدەست دەدات. ئەو حاڵەتانەشی کە سەرکردەی حزبی، ستراتیژییەکی زۆر ورد بۆ کەمکردنەوەی ئەندامەکانی پیادەی دەکات، زۆر دەگمەنە و بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر حزبە شۆڕشگێڕەکان چڕدەبێتەوە، ئەم ستراتیژەش ئاماژەیە بۆ بوونی متمانەیەکی گەورە بە خۆی و کۆنترۆڵی هاوپەیمانییەکی

**حزبی جەماوەری لە پشت پرۆگرامەوەیە، هێزەکەی لە ژمارەی ئەندامەکانیەتی، ئەمەش لەسەر ئەو پرانسیپەی کە حزبی سەرکەوتوو ژمارەیەکی زۆر ئەندام کۆدەکاتەوە و، حزبی شکستخواردوو ئەندامەکانی لەدەست دەدات**

**دەنگدەران حزبەکان هەڵدەبژێرن، ئەوانیش بەشێک نین لە پێکهاتەی حزبەکان، هەر بۆیە جەختکردنەوەوە لەسەر ڕەهەندی هەڵبژاردن ڕەهەندی ڕێکخراوەیی دادەپۆشێت**

**هێزی حزب پەیوەندی بە حاڵەتی وەرچەرخاوی دەنگدان و دیاریکردنی ناسنامەی حزبەوە نییە، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیدارە بە ژمارەی ئەندامانی حزبەوە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ژمارەی ئەندامانی حزب پێوەرێکی سەرەتاییە بۆ هێزی ڕێکخراوەیی حزبی**

باڵادەست لەسەر ڕێکخستنە حزبییەکان. بەمجۆرە پاشەکشەی حزب زۆر بە بەهێزی پەیوەندیدارە بەرەو جۆریکی دیاریکراو لە حزب «حزبی جەماوەری».

لای هەندێك توێژەر لە زانستی سیاسەت «کرشمایر Kirschmeir و کاز Kaz» شرۆڤەی ئەم بابەتە بەو جۆرەیە کە ئەو حزبە سیاسییانەی لە دوای پیشەسازییەوە دامەزراوان، زیاتر پشت بە ژمارەیەکی کەمی ئەندام و ئەرکێکی کوالێتی بەرزی تایبەت بە خۆیان دەبەستن، بەمجۆرە «ژمارەی ئەندامان» هێندەی کوالێتی گرنگ نییە.

لێرەدا میتۆدێکی دیکە بۆ سەیرکردنی حزبی سیاسی و سەنتراڵییەکەی هەیە کە زیاتر جەخت لەسەر ئەو ڕێوشوێنانە دەکاتەوە کە ناسنامەی حزب دیاری دەکات و بەکاری دەهێنێت، بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی حزب، لەم ساڵانەی دواییدا توێژینەوە تەجریبییەکان دەریانخستووە کە ئاراستەیەکی بەرەو داکشان لە دیاریکردنی ناسنامەی حزب هاتووەتەکایەوە، هەروەك هەر یەك لە «هاردینگ' Hardingو سچمیت Schmitt» ئاماژەیان پێ کردووە، «پاشەکشە لە دیاریکردنی ناسنامەی حزب ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە و پەیوەست نەبوونیان بە حزبێکی دیاریکراو دوور لە پەیوەندیی سۆزداری، ئەدای حزبی پێشوو هەڵدەسەنگێنن و متمانەیان بە ئەدای داهاتوویان هەیە، ئەمەش واتە چیتر دەنگدەران ئیمزا لەسەر چەکی سپی ناکەن و، پرۆسەی سکۆلاریزمیش کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوای پێدا تێپەڕیوە، بووەتە هۆکاری لاوازکردنی لینکە نەسەبی و بۆماوەییەکان. هەر بۆیە بە میتۆدێکی زۆر سارد هەڵسەنگاندن بۆ حزب دەکرێت (بەڵام مەرج نییە ئەقڵانی بێت)، هەتا ئێستاش لینکی سۆزداری ئەو بژارەیە دیاری دەکات. بێگومان ئەوەش ڕاستە کاتێك بەرز دەبێتەوە جارێکی دیکە ئایدیۆلۆژیەت بە شێوەیەکی زۆر توند دەردەکەوێتەوە، بەڵام شتی تازە ئەوەیە کە لە ئێستا هاووڵاتیان زیاتر ئازادن لە لایەکەوە بچن بۆ لایەکی دیکە و، گواستنەوەی سەنگەر لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە شتێکی ئەوتۆی گرنگ نەماوە و، هەر کەسێك دەتوانێت لەم حزبەوە بچێتە ئەو حزبە، یان بگەڕێتەوە بۆ ناو حزبەکەی خۆی، بەبێ ئەوەی هەست بە خیانەت، یان لۆمەکردن بکات، کە پێشتر لەسەر سەنگەرگواستنەوە لەم حزبەوە بۆ ئەو حزب هەبووە.

ئەگەر ئەم حاڵەتە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی حزب ڕاست بێت، ئەوا بە هەمان ئاست بۆ بژارەی هەڵبژاردنیش ڕاستە، ئەمەش ئاکاری دەنگدان بە شێوەی دووبارەبوونەوە لە دیاریکردنی حزب وەك هۆکارێك بۆ باری دروستی حزب فەرز دەکات، بە شێوەیەکی وردتر، ئەم حاڵەتە وەرچەرخاوەی هەڵبژاردن دەبێتە ئاماژەیەکی دیکە بۆ پاشەکشەی حزبی سیاسی، لەگەڵ ئەمانەشدا و وەك «Schlesing-er» ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کردووە: «ئەگەر بمانەوێت واقیعی حزب بگێڕینەوە، دەبێت دەنگدەر دوور بخەینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەنگدەران حزبەکان هەڵدەبژێرن، ئەوانیش بەشێك نین لە پێکهاتەی حزبەکان، هەر بۆیە جەختکردنەوەوە لەسەر ڕەهەندی هەڵبژاردن ڕەهەندی ڕێکخراوەیی دادەپۆشێت.

هەڵسەنگاندنی لاوازی گریمانەیی بۆ ڕێکخستنی حزبی، پشت بە مانای ڕێکخستنی حزب دەبەستێت، پاشەکشەی حزبیش، وەك تێدەگەین ئەوەیە کە هێزی حزب پەیوەندی بە حاڵەتی وەرچەرخاوی دەنگدان و دیاریکردنی ناسنامەی حزبەوە نییە، بەڵکو بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیدارە بە ژمارەی ئەندامانی حزبەوە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ژمارەی ئەندامانی حزب پێوەرێکی سەرەتاییە بۆ هێزی ڕێکخراوەیی حزبی. لەم بارەیەوە توێژەر «janta» لە کارە سەرەکییەکەیدا سەبارەت بەم خاڵە پێشنیاری زنجیرەیەك فاکتەری گۆڕاو دەکات (ئاڵۆزی، سەنتراڵیەتی هێز، پتەوی، بەشداری)، بەڵام ئەم ڕێوشوێنانە بە شێوەیەکی مەنهەجی بۆ هەوڵی هەمەجۆر و هاندەر سەبارەت بە ڕێکخستنی حزبی بەکار نەهاتوون، ئەمە وێڕای ئەوەی پڕن لەو ئاماژانەی کە هێزی ڕێکخراوەیی دیاری ناکات. بەڵکو پێویست ئەوەیە کە پێوەری هاوبەش بۆ ژمارەی ئەندامانی حزب و هێزی ڕێکخراوەیی حزب، ژمارەی چالاکان

و ژمارەی بەرپرسانی هەڵبژێردراوە، لە بری ئەو سەرچاوانەی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کۆدەکرێنەوە.

بە کورتی، ئەو سێ ئاماژەیەی لەبەرچاومان گرتن، وەڵامێکی جێی پەسەندی بۆ پرسی پاشەکشەی حزب پێ نەداین، کە ئەوانیش بریتی بوون لە «قەوارەی ئەندامان» کە بێگومان پێوەرە بۆ هێزی حزب، ئەگەر تەواویش نەبێت، ئاراستەیەکی دیاری نییە، دوو هۆکارەکەی دیکەش (دیاریکردنی لایەن و سەنگەرگواستنەوە) لەگەڵ ئەوەی لانیکەم پاشەکشەمان لە دیاریکردنی ناسنامەی حزب پیشان دەدات، بەڵام دوو پێوەری گوماناوین بۆ هێزی حزب.

بەڵام لێرەدا میتۆدێکی جیاواز بۆ کێشەکە هەیە، کە ئەرکی حزب دیاری دەکات، سێ ئەرکی گرنگ پەیوەندیدارە بەم شرۆڤەیەی ئێمەوە کە بریتین لە:

١. هەیکەلییەتی دەنگدان.

٢- دەستنیشانکردنی کادری سیاسی.

٣- رۆڵی پێکهێنانی سیاسەت.

ئەرکی یەکەم تەنیا ئەرکە کە ماوەتەوە بۆ تایبەتمەندی سنووورداری حزبەکان، بە کورتی، ئایا مانای حاڵەتی داکشان، یان تەنگژەی حزب چییە؟ یەکەم سەبارەت بە رێکخستن، لەوانەیە لەدەستدانی هێز و سەرنجراکێشان لە میانەی قەوارەی ئەندامان و هێزی رێکخراوەکانی حزب و ئاستی وەرچەرخاوی دەنگدان ئەزموون کرابن، بەڵام هیچ کام لەم رێوشوێنانە لە رووی بابەتییەوە پەسەند نین، لەبەرئەوەی:

- لە حاڵەتی قەوارەی ئەندامان، زانیارییەکان رووکەش و زبرن و زۆر جار ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، لە کاتێکدا دەبوو ئاماژەیەکی فرە رەهەند بۆ هێزی رێکخستنی حزب هەبوایە.

- سەبارەت بە دوو ئاماژەکەی دیکەش، ئەمانەش ئاماژە نین بۆ رێکخستنی حزبی، بەڵکو پێوەرن بۆ تایبەتمەندیی دیکە، لە رووی ئەرکەکانیشەوە، ئەوا گومانی تێدا نییە کە حزبەکان رووبەرووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە بۆ ئەدای ئەرکە نەریتییەکانیان.

لە بنەڕەتدا تەحەددییەکە لەبەر هۆکاری هەیکەلی چارەسەری ئەدای حزب «توانای لەسەر دەربڕینی ئیرادەی میللی، ئەمەش واتە چیتر هەیکەلی حزب بۆ هاندانی هاووڵاتیان پەسەند نییە، دانانی بەرنامەی کار (هەندێك پرسی گرنگ - حزبی نەریتی، یان هەر حزبێکی دیکە) مامەڵەی لەگەڵ ناکەن، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەنگژەی حزب بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندیدارە بە جێبەجێنەکردنی ئەرکی نەریتی حزبەوە، سەرەنجام ئایا ئەو ئاکامانە چین کە لەم تەنگژەیەوە سەرهەڵدەدەن؟

٢

لای زۆربەی زۆری زانایانی سیاسەت، پێناسەی «LoPalombara & Weiner» مورادیفی لانیکەمی پێناسەی حزبی سیاسییە، کە تیایدا ئەوە دەبینێت کە حزب ئەو رێکخراوانەن کە سەرکردەکانی هەوڵ دەدەن دەسەڵات پیادە بکەن، یان بگەنە دەسەڵات، لە بری ئەوەی کاریگەری لەسەر هەبێت، هەوڵ بدەن بۆ پشتگیریی میللی بە شێوازی جیاواز .

رۆبەرتۆ میشیلز زانای سیسیۆلۆژی ناسراو لە کتێبە گرنگەکەیدا «پارتە سیاسییەکان Robert Michels، Political Parties-1911» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەنگدەر، یان چالاکانی حزب ناتوانن سەرکردەی حزبە سیاسییەکان پابەند بکەن، هەتا لەو حزبانەشی کە زۆر راشکاوانە پابەندن بە پێوەرە دیموکراتییەکان لە ناو حزبدا.

میشیلز لەسەر ئەم قسانەی پشت بە سێ گریمانە دەبەستێت:

یەکەم: بە هۆی تێچووی زۆری راگواستن و گۆڕانکارییەکان لەناو حزبە گەورەکاندا، بۆیە هەوڵ دەدرێت بەدیهێنانی هاوکاری و هەماهەنگی تەنیا لە رێگەی جیاکاریی ئەرك و پەیوەندییە هەرێمییەکانەوە بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی رێکخراوەیی لەلایەن سەرکردە دیارەکانەوە، میشیلز ئەمەی ناو لێ ناوە: (ئۆلیگارییەکی لاواز - weak oligarchy thesis).

دووەم: شوێنکەوتووانی حزبی جەماوەری سەرچاوەی داهاتیان نییە، هەتا بەرەو ئەوە بچن کۆنترۆڵی حزب بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان لە رووی سایکۆلۆژییەوە بەرەو

**لە حاڵەتی قەوارەی ئەندامان، زانیارییەکان رووکەش و زبرن و زۆر جار ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، لە کاتێکدا دەبوو ئاماژەیەکی فرە رەهەند بۆ هێزی رێکخستنی حزب هەبوایە**

**شوێنکەوتووانی حزبی جەماوەری سەرچاوەی داهاتیان نییە، هەتا بەرەو ئەوە بچن کۆنترۆڵی حزب بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان لە رووی سایکۆلۆژییەوە بەرەو لای سەرکردەی بەهێز و دەسەڵاتی کاریزمایی دەچن**

**زۆربەی زۆری ئەندامانی ئاسایی حزب داهات و کاتیان زۆر کەمە، هەتا ببنە یاریزانانی چالاک لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری حزبدا**

لای سەرکردەی بەهێز و دەسەڵاتی کاریزمایی دەچن، میشیلز ئەمەی ناو لێ ناوە: (سستیی ئەندامەکان - membership lethargy thesis)

سێیەم: ئەو سەرکردانەی سیاسەتمەداری لێهاتوون، تەنیا کار لە پێناوی «سیاسەت» ناکەن، بەڵکو پێگە و دەسەڵاتیان لە سەر حیسابی شوێنکەوتووانیان بۆ پارە و دەسەڵات بەکار دەهێنن، ئەمەش واتە هەموو کاتێك ئەگەر خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بکات، باری دیفاکتۆیان لا باشترە، هەتا ئەگەر ئەم سیاسەتی پارێزگاریکردن بە باری دیفاکتۆ لەگەڵ هەوڵی جەماوەرەکەشیان بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی یەك نەگرێتەوە، میشیلز ئەمەی ناو لێ ناوە: (ئۆلیگارییەکی بەهێز - strong oligarchy thesis).

ئاشکرایە زۆربەی زۆری ئەندامانی ئاسایی حزب داهات و کاتیان زۆر کەمە، هەتا ببنە یاریزانانی چالاك لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری حزبدا، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك میشیلز لە ڕوانگەی سەدەی بیست و یەکەوە سەیری حزب دەکات، بە بیانووی ئەوەی کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە حزبەکان لەسەر بنەمای سەرکردەی بەهێز و کەسایەتیی کاریزمایی دامەزراون.

پرسی یەکلاکەرەوەی پەیوەندیدار بە تیۆرەکەی میشیلزەوە چەمکی (ئۆلیگاریکی بەهێزە). هەر بۆیە پرسیار ئەوەیە: تا چ ئاستێك دەتوانرێت سەرکردەی حزبەکان هەوڵ بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی هەوادارانیان؟

میشیلز بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی لانیکەم جەخت لەسەر سێ لایەن دەکاتەوە:

یەکەم: گریمانەی وێنایەکی ئایدیالیی خواستی جەماوەرێکی ڕادیکاڵ دەکات بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵگە.

دووەم: میشیلز وای دەبینێت تەنیا بواری هەڵایسانی کێشە لە ناو حزب لەسەر بنەمای دابەشبوونی چینایەتی و نامۆبوونی سەرکردە لە هەوادارەکانیان بوونی هەیە.

سێیەم: میشیلز موناقەشەی هێزی دەرچوون لە حزبە سیاسییەکان ناکات، بەوەی دەکرێت ئەندام و چالاکان و سەرکردەکان پەراوێزیان بخەن، یان بە کاریان بهێنن وەك ئامێرێك بۆ خزمەتی ئەو سەرکردانەی هەژموونییان لە حزبدا هەیە و تەنیا خزمەتی خۆیان دەکەن لە حزبدا.

ئەو سەرکردە و چالاکانە لەسەر بنەمای هەڕەشەکردن بە جیابوونەوە لە حزب و دروستکردنی کێبڕکێی تازە ڕەفتار دەکەن، ئەم هەڕەشەیە وەك سەرچاوەیەکی بەهێز هەژمار دەکرێت، بۆ پێکهێنانی ستراتیژیەتی حزب و پارێزگاریکردن بە پێکەوەسازانی سەرکردەکان لەگەڵ خواستی چالاکان، یان لەگەڵ خواستی بازنە دەرەکییەکانی هەڵبژاردن.

لە دیراسەتێکی گرنگی هەر دوو تیۆرەر «kaz» و «Mair» بە ناونیشانی: (نموونە گۆڕاوەکان لە کاری ڕێکخراوەیی حزب و دیموکراتیەتی حزب: دەرکەوتنی پارتی کارتل* - ١٩٩٥).
Changing models of party organization and party)
(democracy: the emergence of the cartel party - 1995

لەم بابەتەدا هەردوو تیۆرەر کۆمەڵێك هەزری پشتگیرییان بۆ بۆچوونەکەی میشیلز پێشکەش کردووە، کە تایبەتە بە چەمکی «ئۆلیگارییەکی بەهێز»، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە وایان داناوە بەرەوپێشەوەچوونەکان لە کاری ڕێکخراوەیی حزبە دیموکراتییەکاندا زۆر ئیحراجکەرە، ئەوان وای دەبینین حزبە هاوچەرخەکان (هاوبەشیی نێوان پیشەگەرانە، نەك لینکی لەگەڵ هاووڵاتیان و لە پێناوی ئەواندا)، هەر بۆیە هەردووکیان پشتگیری ئەم بۆچوونەی میشیلز سەبارەت بە «ئۆلیگاریکی» دەکەن و بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە حزبەکانی دیموکراتیەتی ڕۆژئاوا بەرەو ئەوە دەچن، کە کەمتر ئەو شوێنانە بن کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیی بکەن. هەروەها تیۆرەر «مایر ..Mair» لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (گۆڕینی سیستمی پارتی سیاسی. ئاراستە و تەفسیر - Party System Change. Approaches and Interpretations- 1997) جەخت لەوە دەکاتەوە کە گرنگیی ئەو لینکانەی لەسەر متمانە و لێپرسینەوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە نوێنەرایەتیی دامەزراون، لە ناوخۆ و دەرەوەی حزبەکاندا پێکەوە بەرەو داخوران دەچن.

بانگەشە بۆ ئەوەی کە متمانە و لێپرسینەوە

**تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە حزبەکان لەسەر بنەمای سەرکردەی بەهێز و کەسایەتیی کاریزمایی دامەزراون**

**تێبینی ئەوە دەکرێت کە هاووڵاتیانیش لە بەشداریی دەنگدان و هاوکارییە ماددییەکان بۆ حزبە سیاسییەکان پاشەکشەیان کردووە و شێوازی دیکەیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هەڵبژاردووە**

**تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە میانی هێنانە ناوی توخمی (دەوڵەت) لە شرۆڤەکردنی حزبی سیاسی لەسەر بنەمای پاڵپشتیکردنی گشتیی حزب بۆ پۆستە پەرلەمانی و حزبییەکان و چاودێریکردنی حزب لە خزمەتی مەدەنیدا، ئەو حزبانە زیاتر پشت بە بیروکراسیی دەوڵەت و پاڵپشتیی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی حزبی دەبەستن**

بەرەو پووکانەوە دەچن، واتە سەرکردەی حزبەکان بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست و بەپێی خشتەی خواستە سیاسییەکان ڕەفتار دەکەن، نەک ئەوەی دەنگدەرانیان بڕیاریان لەسەر داوە. ئەمەش بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبات: ئەو فاکتەرە چییە کە بوار بە سیاسییەکان دەدات کە خۆیان لە دەنگدەر و ئەندامانی حزب و چالاکان جیابکەنەوە و بەرەو بەرجەستەکردنی حزب لەناو دەوڵەت هەنگاو هەڵبگرن؟

« مایر . Mair» لە درێژەی جەختکردنەوەکەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە لایەکی دیکەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە هاووڵاتیانیش لە بەشداریی دەنگدان و هاوکارییە ماددییەکان بۆ حزبە سیاسییەکان پاشەکشەیان کردووە و شێوازی دیکەیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هەڵبژاردووە. ئەمەش وا دەبینێت کە هۆکاری سەرەکی بۆ گۆشەگیربوونی حزب لە دەنگدەرانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پاڵشتی حکومەتە بۆ حزبە سیاسییەکان، کە یەکێکە لە گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانەی لەو ژینگەیەی کە حزبی سیاسی کاری تێدا دەکات، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیە ئەو حزبانەی دەوڵەت پشتیوانییان دەکات، وا دەکەن زۆر بە گران ئەلتەرناتیڤی تازە دەربکەوێت. لەوانەیە ئەو حزبانەی بە شێوەی « کارتلەکان» دادەمەزرێن، ڕێگە بدەن کە ئەو سیاسەت و خواستانە جیا بکرێنەوە لەوانەی تایبەتن بە دەنگدەران، کاتێکیش حزبی کارتل باڵادەست بوو، «ڕێگر دەبێت لەوەی کە هەڵبژاردن ئەرکی خۆی پیادە بکات و ببێتە خۆراکێك کە تایبەتمەند بێت بۆ نموونەیەکی تازەی دیموکراتی، ئەمەش واتە زۆربوونی داهاتی حزب و پاشانیش پاڵپشتیکردنی لەلایەن حکومەتەوە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ نەمانی نوێنەرایەتیی سیاسی.

گریمان حزبە تازەکان تەحەددین و لەوانەیە هەڕەشە بۆ پۆستێك دروست بکەن، ئەگەر توانی هاوئاوازی بەرژەوەندییەك بێت کە نوێنەرایەتیی حزبەکانی دیکە نەکات، ئەوە دەبێتە گورزێکی پێشوەختە دژی ئەوانەی کە لە میانەی پاڵپشتیی دیارکراو بۆ حزبەکانی دیکە ئەوا بایەخی ئەم گورزە بۆ ئەو سیاسییانەیە کە دەستبەرداری دەنگدەرەکانیان بوون.

بەڵام بۆچی حزبەکان دەستبەرداری خواست و پەسندکراوەکانی دەنگدەرانیان نابن و چۆن دەکرێت حزبەکان پاڵپشتیی ئەم پرۆسەیە بکەن، تاکو ڕێڕەوی خۆی بگرێتەبەر؟ ئایا سیاسەتمەداران ئەوانەی هەوڵ دەدەن دەنگ و پۆست بە دەست بهێنن، کۆشش ناکەن بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، ئەویش لە میانی ڕەچاوکردنەوەی پشکی زۆرترین دەنگدەر زیاتر لە ڕکابەرەکانیان؟ ئەو تاکە خواستانەی سیاسەتمەداران چین کە پەیوەندییەکانی نوێنەرایەتی لەگەڵ دەنگدەران کزدەکات و، ستراتیژییەکانی سیاسەتمەداران لە دەستەکانی یاسادانان، یان بەڕێوەبەرانی جێبەجێکردن ئاراستەی حکومەت دەکەن؟

تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە میانی هێنانە ناوی توخمی (دەوڵەت) لە شرۆڤەکردنی حزبی سیاسی لەسەر بنەمای پاڵپشتیکردنی گشتیی حزب بۆ پۆستە پەرلەمانی و حزبییەکان و چاودێریکردنی حزب لە خزمەتی مەدەنیدا، ئەو حزبانە زیاتر پشت بە بیروکراسیی دەوڵەت و پاڵپشتیی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی حزبی دەبەستن، کەواتە دەوڵەت توخمی سەرەکیی تەواوکەرە، ئەگەر جێگرەوەی دەنگدەران و چالاکانی حزبیش نەبێت، وەك دەستنیشانکەری خواستەکانی سیاسەتمەداران لە خەباتی ڕکابەرییان لە پێناو مانەوەدا، بەڵام ئەو پاڵپشتییانەی حکومەت ئاسانکارین بۆ هێنانەکایەی مەودای نێوان سەرکردایەتیی حزب و (کۆمەڵگە)، هاوکات ئاسانکاری دەکەن لە بوونی ئاراستەی بنەڕەتیی حزبەکان لە ڕووی گواستنەوە بۆ شێوەی ڕێکخستن (حزبی کارتل) کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی حزب لە دەزگاکانی دەوڵەت بەرهەم دێت. لەلایەك، حزبەکان کۆدەکاتەوە و داواکارییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕووبەڕووی بیرۆکراسیی دەوڵەت دەکاتەوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە، ئەوان نمایندەی ئەو بیرۆکراسییەتەن بۆ جەماوەر لە بەرگریکردن لە سیاسەتەکان، بۆیە، سیاسەتمەداران بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست وەك گرووپێك لە پرۆفیشناڵ و پیشەوەر، لە ڕێی هاریکارییەوە، بوونەتە ژینگەیەکی هاوبەش بۆ پرۆفیشناڵە سیاسییەکان، ئەوانە

**گریمانەی زیادبوونی توانای لێپرسینەوە لە نێوان دەنگدەری حزب و سەرکردەکان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی بەڕێوەبەرانی ناوخۆی حزبەکان (بەتایبەتی چالاکانی ناوخۆ) کە بایەخدانی ئەوان بە شێوەی بەرنامە، جیاوازە لە بایەخدانی دەنگدەران و سەرکردەکانی حزب**

**سیاسەتمەداران دەتوانن بژاردەی وجوودی دەنگدەران و ئەندامان و چالاکانی حزب زەوت بکەن و، ناچاریان بکەن بە پابەندبوون لە میانی پەیوەندییەکانی هێز کە نەخوازراوە**

**حزبە سیاسییەکانی سەردەم پەنا دەبەن بۆ جیاکاریی چینایەتی لە ئاستەکانی چالاکی و دروستکردنی بڕیاردا، بۆیە بە دەگمەن ڕێگە بە میکانیزمی دەرچوون و نارەزایی دەدەن بۆ ئاستەکانی سەرکردایەتیی نیشتمانی، کە بە تەواوی ڕێگر بن لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆری پرەنسیپە دەرەکییەکان، چ ئەوانە چالاکانی ناوخۆیی، یان ئەندام، یان دەنگدەر بن**

پەرە بە تێگەیشتنێکی سەربەخۆی مەبەست و ئامانجەکان دەدەن، کە سیاسەتمەدران لە ڕێگای حزبەکانەوە یەکدەخەن و لە دەنگدەرانیان جیا دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تویژەرێك لەم بوارەدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێك دەبێتەوە، لەوانە: شتێکی ڕوون نییە (١) بۆچی هێزی دەروونیی سیاسەتمەداران ناچار دەبێت بەرژەوەندییەکانی بازنەکانی هەڵبژاردن بە شێوەی بەرنامە بۆ دارێژدراو پێشێل بکات؟ (٢) هۆکاری ئەو پێشێلکارییە چییە کە پێویستە زیاتر جددی بێت لە دواپێشکەوتنی سیستەمە حزبییەکان لە ئەوروپادا. بۆیە ئەگەر هێزی دەروونی پاڵ بە سیاسەتمەدارانەوە بنێت لە حزبە جۆراوجۆرەکان تاکو لەسەر پاشەکشێی سیاسی ڕازی بکەن، ئەوا گریمانەی ئەوەی کە بۆشاییەکی زۆری نوێنەرایەتیکردن هەیە لەنێوان دەنگدەران، ڕێك و پێك نابێت، مەگەر گریمان کە زۆربەی دەنگدەران دژی یەکلاکردنەوەن و پاڵپشتیی لێ دەکەن، جگە لەمەش، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی نوێنەرایەتی زیاتر پەرە بسێنێت، ئەوا دیارە جەمسەرگیریی سیاسیی ڕای گشتی وردە وردە لە دەیەکانی ڕابردوودا زیادی کردبێت.

**هەڵچوونێکی دراماتیکیی ناڕەزایی گشتی نییە لە دامەزراوە دیموکراسییەکانی ئەوروپادا. لەکاتێکدا کە هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دابەزینێکی لەسەرخۆی ڕەزامەندی لە دیموکراسییەکاندا بەدی دەکرێت**

کێشەکانی تەواوکاری و هاوبەندیی لۆژیکی و تیۆری، هەروەها ماقووڵییەتی ئەزموونکاری لە نموونەی پەرەسەندنی حزبی سەردەم زیاد دەکات، کاتێك پەیوەندیی نێوان سیاسەتمەدارانی هەڵبژێردراو و ئەندامانی حزب و چالاکان تێکەڵ دەبێت، ئەمەش ئەو دەمەی نموونەی پەیوەندییەکە لەنێوان چوار گرووپ گەنگەشە دەکرێت (دەنگدەران و ئەندامانی حزب و چالاکانی حزب و سەرکردەکانیان)، بەڵام حزبە سیاسییەکان ناتوانن دەستبەرداری چالاکان ببن، چونکە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی ژمارەیەکی بێ شوماری پۆستەکانی نێو دەستەکانی نوێنەرایەتیی خۆجێیەتی و ئیقلیمی، بە بەرپرسیارانی هەڵبژێردراو و لە ناو ئیدارەی دەوڵەتدا. هەروەها نوێنەرایەتیی کەناڵێکی بنەڕەتیی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی دەکات بۆ سەرکردایەتی و هەڵبژاردن، ئەمەش وەك سیمایەکی دیکەی حزب، هاوکات ئەندامێتیی باڵا لە حزبدا وێنەیەکی حزبیی دەرەکی دێنێتە ئاراوە کە شەرعییەت بە پێگەی ئەو حزبە دەدات لە نێو کۆمەڵگەدا.

**لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەزامەندی لە سیستەمی دیموکراسی کەوتە ژێر کاریگەریی پاڵپشتیی زۆری داواکارییەکانی سیاسی (چەپڕەویی لیبەرتاری)ی تازە و نوێنەرایەتی نەکراو، ئەمەش لە ڕەوتەکانی ژینگە، یان ئافرەتان، یان فرە کولتوورییەکاندا بەدەر دەکەوێت**

لە ئەنجامی ئەمەدا، تا ئێستا حزبەکان هەوڵ دەدەن، ئەندامەکان بۆ خۆیان ڕابکشێن و تەنانەت پاداشتی تازەیان بکەن، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، وەك هەڵبژاردنی بەرایی لەناو حزبدا، سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکردەکانی حزب، بەڵام ئەو بەشداریکردنە بۆ سەرکردەکان مایەی دڵنیاییە.

تەکنیکییەکانی بەشداریکردنی تازە، پۆست و ئاستی ئەندامەکان بە نارێکخراوی دەهێڵنەوە، بەڵام ڕووبەڕووی دەستەبژێرێکی نیشتمانیی تەواویان دەکاتەوە، دوای ئەوە، ئەگەر چالاکانی حزب بژاردەی دەرچوون و دامەزراندنی حزبی تازەیان هەبێت، ئەوکات، یان وا دەکەن سەرکردەی حزبەکانیان خواستەکانیان جێبەجێ بکەن، یان بچنە نێو حزبی دیکەوە، دواجار ڕێکخستنەوەی قەناعەتی سیاسیی سەرکردە و چالاکان لە ناو خودی حزبەکەدا، ئەویش بە دەرچوونی جیابووەوانی حزب، وێڕای ئەمەش، جیاوازیی نێوان سەرکردە و چالاکان دەوەستێتە سەر شێوەی سیستەمی حزبی (سیستەمە فرەییە حزبییەکان ئاسانکاری بۆ دەرچوونی جیابووەوەکان دەکەن)، هەورەها جەمسەربەندیی کۆمەڵگە لە دەرەوەی حزبەکان (جەمسەربەندیی بەرزی چالاکانی ڕادیکاڵ لە سیاسەتدا بەهێز دەکات).

بەڵام تێبینیی ئەوە دەکرێت کە گریمانەی یارمەتیدانی ئەندامان (بە گشتی نەرێنیخوازەکان) لەسەر حیسابی چالاکانی ناوخۆی حزب ناکۆکە لەگەڵ ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت تەنانەت حزبەکانی سەردەم ڕێز لە چالاکان دەگرن، دواجار ڕێگە دەدات کە بەشداریی زیاتر بکەن لە دارشتنی بڕیاری ستراتیژیدا، نەك ئەندامانی نەرێنیخواز، کە سیاسەتمەداران پێویستیان بەوەیە هانیان بدەن، بۆ پاریزگاریکردن لە گرنگیی سیاسیی حزبەکانیان لە ژیانی گشتیدا، بەڵکو چالاکانی ڕادیکاڵی ناوخۆ، ئەوانەن کە دەگوترێت بێزارن لە هەوڵە ستراتیژییەکانی دەستەبژێری هەڵبژێردراوی حزب.

ئەو گومانانەی لەسەر یەکانگیریی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسەتمەداران و

دەنگدەران و چالاکانی حزب دەخرێنە ڕوو، وا پیشان دەدەن کە چی دیکە سەرکردەکان بەرپرس نین لە بەردەم ئەندامەکاندا، ئەوا پەیوەندییەکانی نوێنەرایەتیکردن و لێپرسینەوە لە نێوان سیاسەتمەدارانی هەڵبژێردراو و دەنگدەران، ڕوویان لە کەمبوونەوەیە، لە لایەکی دیکەوە گریمانەی زیادبوونی توانای لێپرسینەوە لە نێوان دەنگدەری حزب و سەرکردەکان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی بەڕێوەبەرانی ناوخۆی حزبەکان (بەتایبەتی چالاکانی ناوخۆ) کە بایەخدانی ئەوان بە شێوەی بەرنامە، جیاوازە لە بایەخدانی دەنگدەران و سەرکردەکانی حزب.

تەنانەت ئەگەر ئەو هاودژییە لۆژیکییانەمان پشتگوێ خست، کە تەنیا بە ڕوونکردنەوەی دینامیکییە وردەکانی ڕێکخراوی حزب دەردەکەون، ئەوا واتا زۆر بە ئاسانی تەرکیزمان کردە سەر ئەو پاساوەی کە گوایە سەرکردەکانی حزب لە هەموو پرەنسیپەکانی (دەنگدەران، ئەندامان، چالاکان) زیاتر جیادەبنەوە، بۆیە لێرەدا پێویستیمان بەو گریمانە بەهێزە و ورووژێنەرەیە بۆ مشتومڕ لەسەر ئەوەی کە سیاسەتمەداران دەتوانن بژاردەی وجوودی دەنگدەران و ئەندامان و چالاکانی حزب زەوت بکەن و، ناچاریان بکەن بە پابەندبوون لە میانی پەیوەندییەکانی هێز کە نەخوازراوە.

حزبە سیاسییەکانی سەردەم پەنا دەبەن بۆ جیاکاریی چینایەتی لە ئاستەکانی چالاکی و دروستکردنی بڕیاردا، بۆیە بە دەگمەن ڕێگە بە میکانیزمی دەرچوون و نارەزایی دەدەن بۆ ئاستەکانی سەرکردایەتیی نیشتمانی، کە بە تەواوی ڕێگر بن لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆری پرەنسیپە دەرەکییەکان، چ ئەوانە چالاکانی ناوخۆیی، یان ئەندام، یان دەنگدەر بن.

هەندێ توێژەر پێیان وایە کە حزبەکان دوابە دوای پیشەسازی لە دیموکراسی پاشگەز نابنەوە، بەڵام ڕووبەڕووی تەحەددیی زۆر دەبنەوە، دووپاتیشی دەکەنەوە کە تەحەددیی تازەی کۆمەڵگە لە میانی سیستەمی نوێنەرایەتیی دامەزراوەییدا هاتووەتە ناوەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا سیاسەتمەداران، ئەوانەی هەوڵ دەدەن بۆ دەنگدان و بۆ پۆست، ناچاریان دەکات کە پەرە بە ستراتیژییە تازەکانی سیاسییەکان بدەن، لە کاتێکدا کە ئەم تەحەددییە تازانە کێشەگەلی زۆر لە نوێنەرایەتیکردن دەهێننە ئاراوە، چونکە لە کێشە تازەکانی ئابووری و سیاسییەوە سەرچاوە دەگرن، کە پەیوەندییەکانی هەنووکەیی و هەمیشەیی کەم دەکاتەوە، کە حزبە سیاسییەکان بە ئابووریی بازاڕ دەبەستێتەوە لە زۆربەی دیموکراسییەکاندا و، بە تایبەتیش لە ئەوروپادا.

گرنگە کە باس لە هەندێك کێشەی جەوهەریی ئەو حزبانە بکەین لە دامەزراوە دیموکراسییەکاندا، کە هەندێ توێژەر لە زانستی سیاسیدا ورووژاندوویانە.

**دەنگدەران (لە ئەوروپا بۆ نموونە) لە یەک کاتدا خوازیارن کە بێکاری کەم ببێتەوە و یەکسانی لە داهاتدا بێتە ئاراوە، هەروەها پارێزگاری لە سیستەمی دروستی دارایی بکرێت، لەگەڵ کورتهێنانی گشتی، ڕەنگە ئەمانە هەموویان بە باجی کەم چارەسەر بکرێن**

یەکەم: هەڵچوونێکی دراماتیکیی نارەزایی گشتی نییە لە دامەزراوە دیموکراسییەکانی ئەوروپادا. لەکاتێکدا کە هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دابەزینێکی لەسەرخۆی ڕەزامەندی لە دیموکراسییەکاندا بەدی دەکرێت، لە ١٩٧٦ تا ١٩٩١ ڕەزامەندیی لە کاری دیموکراسیدا لە نۆ سیاسەت لە کۆی سێزدە لە ئەوروپادا زیادی کردووە.

دووەم: ئاراستەکانی ڕەزامەندیی هاووڵاتیان بەرانبەر بە دیموکراسیی سیاسی، پەیوەندیی بە نوێنەرایەتیی سیاسی حزبەکانەوە نییە، کە هەر لە ئاستێکی بەرزدا ماونەتەوە.

سێیەم: ئەو بۆشاییەی لە نێوان خواستە پەسەندکراوەکانی سیاسیی هاووڵاتیان و ئەوانی لای سیاسەتمەداراندا هەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سازانێك لە نێوان خودی سیاسەتمەداران لە ڕێی هەموو حزبەکانەوە بەدی ناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەی تەواوەوە، بەڵگەکانی ئەزموون کە لە کۆمەڵێکی زۆری وڵاتان وەرگیراون، دەری دەخەن کە سیاسەتمەدارە دیارەکان مەیلیان لە دەنگدەران زیاترە بۆ گرتنەبەری هەندێ درووشم، کە زۆر پەرگیرن، بە دەگمەنیش هەڵوێستی میانڕەوانەیان لە سەرکردەکانیان ڕادیکاڵترن.

**ئەو تێکەڵەیەی ئامانجەکان دەبێتە هۆی هێنانە کایەی سێ کوچکەی سیاسی، کە قابیلی چارەسەر نەبن، چونکە پێویستە هەمیشە یەک ئامانج هەبێت**

بە ڕای کۆمەڵێك لە توێژەران لە زانستی سیاسەتدا، ڕازی نەبوون لە حزبەکان لە توانای تازەیان بۆ پێکهێنانی کارتل و، دوورکەوتنەوە لە دەنگدەرانیان دروست نابێت، بەڵکو لە:

**لە پێناو وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەنگدەران لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردنی حزبە سیاسییەکان (بۆ نموونە لەسەر سیاسەتی ئابووریی حکومەت) لە کاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پێویستە ئەو حزبانە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی ئابووریی پێشتری خۆیان بکەن**

**سیاسەتمەداران هەوڵ دەدەن هەواڵە تازەکانی ئابووری لە ماوەی پێش هەڵبژاردنەکانی دواتر بگەیەنن، کە یەکسەر دەنگدەران پێیان ڕەزامەند دەبن (وەک بەرنامەکانی دامەزراندنی وەزیفیی گشتی)، بەڵام ئەگەری هەیە ئەمە لە ماوەی دووردا ئەنجامی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە**

(١) ئەجێندای سیاسی و ئابووری بۆ دارشتنی سیاسەتەکان، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی حزبەکان بە ئاڵوگۆڕی ئامانجەکان کە دەنگدەران خوازیارن پێکەوە بەرزیان ڕابگرن.

(٢) لە میراتی چەسپاوی دامەزراوەیی و دەستکەوتگەلی هەمیشەییدا کە حزبە سیاسییەکان زۆر جار و بۆ چەند دەیەیەکە سوودی لێ وەردەگرن و هەیانە.

ئەم دوو مەسەلەیە بە شێوازی جیاجیا کاردەکەنە سەر دیموکراسییە پێشکەوتووەکان لە قۆناغی دوای پیشەسازیدا، دواتر دەکرێت لێکدانەوە بۆ ئاستە جیاوازەکان و گۆڕانی تێکرای ڕەزامەندی لە دیموکراسیدا بکرێت. لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەزامەندی لە سیستەمی دیموکراسی کەوتە ژێر کاریگەریی پاڵپشتیی زۆری داواکارییەکانی سیاسی (چەپڕەویی لیبەرتاری)ی تازە و نوێنەرایەتی نەکراو، ئەمەش لە ڕەوتەکانی ژینگە، یان ئافرەتان، یان فرە کولتوورییەکاندا بەدەر دەکەوێت، بەڵام هەر لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە لەلایەن حزبە سیاسییە تازەکانەوە، یان لەلایەن ستراتیجییە هەموارکراوەکانی حزبەکانی ئێستا، ڕەزامەندیی دەنگدەرانی چەپڕەوی لیبراڵی لە دیموکراسیدا، بووە ئەوەی کە قابیلی جیاکردنەوە نەبێت لە ڕەزامەندیی لایەنگرانی ئەو حزبانە.

سیاسەتمەداران ڕووبەڕووی ئاڵشتی سیاسیی بابەتییانەی سەخت دەبنەوە، چونکە دەنگدەران (لە ئەورووپا بۆ نموونە) لە یەک کاتدا خوازیارن کە بێکاری کەم ببێتەوە و یەکسانی لە داهاتدا بێتە ئاراوە، هەروەها پارێزگاری لە سیستەمی دروستی دارایی بکرێت، لەگەڵ کورتهێنانی گشتی، ڕەنگە ئەمانە هەموویان بە باجی کەم چارەسەر بکرێن.

ئەو تێکەڵەیەی ئامانجەکان دەبێتە هۆی هێنانە کایەی سێ کوچکەی سیاسی، کە قابیلی چارەسەر نەبن، چونکە پێویستە هەمیشە یەک ئامانج هەبێت، کاتێک حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان کە لە سیاسەتمەدارانی حزبە جیاوازەکان پێکهاتوون، بە شێوەیەکی تایبەت ڕووبەڕووی ئاڵشتی توندی سیاسی و ئابووری بوونەتەوە و، یەک ئامانجیان کردووەتە قوربانیی بەرەوڕووی کێشەی سێ کوچکە (تەوزیف- دامەزراندن، یەکسانی، دەست پێوەگرتنی دارایی)، ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی دوو ئامانجەکەی دیکەدا.

ڕەزامەندیی میللی لە دیموکراسی، کەمترە لەو وڵاتانەی کە ئەو سێ کوچکانەی سەرەوەیان کەمتر تێدا بووە، بۆ نموونە، هەڵکشانی دەنگدەرانی ڕاستڕەوی پەڕگیر کە بە شێوەیەک لە شێوەکان تووڕەیی بەرانبەر هەموو حزبە دیموکراسییەکان زیاد دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی یەکجاری نا، بۆیە دەپرسین، ئایا سەرچاوەکانی پشێویی سیاسی دەکرێ وەك براوەیەکی هەڵبژاردن بۆ باڵێکی تازەی ڕاستڕەو بخرێنە گەڕ، یان نا؟

لە پێناو وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەنگدەران لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردنی حزبە سیاسییەکان (بۆ نموونە لەسەر سیاسەتی ئابووریی حکومەت) لە کاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پێویستە ئەو حزبانە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی ئابووریی پێشتری خۆیان بکەن، کە ڕاستەوخۆ ناکۆکە لەگەڵ ڕاوبۆچوونی دەنگدەراندا، بۆ نموونە: لە میانی گرتنەبەری سیاسەتگەلی تازەی ئابووریی لیبراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکان و بە تایبەتیکردن، ڕەنگە حزبە سیاسییەکان لە مەودای کورتدا دەستبەرداری خواستە پەسندکراوەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتیی دەنگدەران ببن، بەڵام ئەوەی وا دەکات کە لەگەڵ دەنگدەرانیان جیاواز بن، ئەوەیە کە بە دیاریکراوی خواست و ئارەزوویان لە بەدەستهێنانی دەنگ و پۆست هەیە، کە سیاسەتمەداران ناچار دەکات هاودەنگ بن لەگەڵ هەڵسەنگاندنی داهاتووی دەنگدەران، تایبەت بە ئەدای ئەو سیاسەتمەدارانە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دواتردا، کاتێک سیاسەتمەداران پێشبینیی ئەوە دەکەن کە لە لایەن دەنگدەرانیانەوە دەکەونە ژێر لێپرسینەوەوە.

سیاسەتمەداران هەوڵ دەدەن هەواڵە تازەکانی ئابووری لە ماوەی پێش هەڵبژاردنەکانی دواتر بگەیەنن، کە یەکسەر دەنگدەران پێیان ڕەزامەند دەبن (وەك بەرنامەکانی دامەزراندنی

وەزیفیی گشتی)، بەڵام ئەگەری هەیە ئەمە لە مەودای دووردا ئەنجامی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە (کورتهێنانی دەوڵەت، هەڵاوسان و کەموکورتیی بازرگانی).

بەڵام دیارە تووڕەیی میللیی بەرانبەر ئەو حزبانە، بە شێوەیەکی تایبەتی لە ئاستێکی بەرزدایە، لەو وڵاتانەی کە حزبەکان تێیاندا شکستیان هێنا، بە دیاریکراویش لە بەدیهێنانی دەستپێشخەریی تازە و بوێریی سیاسی و ئابووریدا، ئەوانە ناتوانن خۆیان لە لێپرسینەوەی ڕاستەوخۆ و یەکسەر بپارێزن لە بەردەم بازنەکانی هەڵبژاردن و چالاکانی حزب، لە پێناو بەدواداچوونی سیاسەتەکانی ئابووری، کە لە مەودای کورتدا لە میانی ئیدارەدانی چارەسەری تاڵی ئابووریدا چاکسازیی درێژخایەن پێشکەش بە سیاسەتی ئابووری دەکەن. نموونەی ئەو دەوڵەتانەش: (نەمسا، بەلجیکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ژاپۆن)ـن، ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە لێی هاوبەشن، بریتییە لەوەی کە حزبی لاوازی لیبراڵ و حزبی ناوەڕاستی بەهێزیان هەیە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەژموونی هەڵبژاردنیان هەبوو، ئەویش لە میانی ئەنجامدانی یەکلاکردنەوە لە نێوان چین و توێژەکانی دەنگدەراندا، لە سیستەمە حزبییەکاندا بەم پێکهاتە ستراتیژییەوە ڕکابەری لە نێوان حزبەکانی ڕاستڕەوی ناوەڕاست و دیموکراسیی کۆمەڵایەتیی میانڕەوەدا دێتە ئاراوە، ئەمەش وا دەکات کە بۆ سیاسەتمەداران قورس بێت کە بەرنامەگەلی ئابووریی نامیللی هەڵبژێرن، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵێك ڤیتۆی ناو حزبەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بە خێرایی تووڕەبوون بەرانبەر دامەزراوەی سیاسی، کە بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریی هەیکەلبەندییەوە هەڵکشا.

کێشەی دووەم کە بریتییە لە ڕەزامەندنەبوونی دیموکراسی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی پتەوی بە ڕەفتاری حزبە سیاسییەکانەوە هەیە، ئەو شتە پەیوەستە بە میراتی بۆماوەیی دامەزراوەیی ڕێکخراوی حزبییەوە، کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو دەستوەردانەی بە هۆی مەحسوبییەتەوە لە خزمەتی شارستانیدا لە ئارادایە، هەروەها ناکۆکە لەگەڵ ئەو کۆمپانییانەی سەر بە کەرتی گشتین، تەنانەت کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە ڕاستەوخۆ لەلایەن حزبە سیاسییە سەرەکییەکانەوە، پەیوەستن بە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، بە تایبەتیش لە دەوڵەتانی وەك نەمسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن و بەلجیکا، کەمتریش لە کۆمەڵێك وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا، دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهان کەرتێکی ڕێکخراوی ئابووریی لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرا، کە کارا نەبوو، هەروەها تێچووی زۆر بوو بۆ باجدەران لە ژینگەیەکی ئابووریدا کە پێویست دەکات داهێنانی بەردەوامی تەکنەلۆجیای تێدا بێتەدی، هەروەها لەبەر فشاری ڕکابەری لە پێناو مانەوە لە پێشەنگی کارامەیی ئابووریدا.

سەرە ڕمی هێرشەکە لە ڕێکارەکانی مەحسووبییەتی چینی مامناوەندی گەشەسەندووی پرۆفیشناڵ و پیشەوەران پێك دێت، ئەوانەی پێیان وایە کە حزبەکانی مەحسووبییەت خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئابووری و شێوازی بەشداریکردنیان لە گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکان ناکات. ئەو وەزیفانەی پێویستیان بە لێهاتوویی کەمتر هەیە لە ئیدارەی گشتی، یان لە پیشەسازییەکانی حکوومی، یان گشتیدا.

**٣**

لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، حزب ئامرازێکی کاریگەرە، بە قەدەر ئەوەی کە گوزارشت لە پەیوەندیی دەسەڵاتێك دەکات لەسەر بنەمای ڕێکخستن. سەرکردایەتیی حزب فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە لە ژیانی سیاسی، بەڵام ئەو کاریگەرییە بە جیاوازیی کارامەییان جودایە، ئەم هەڵسەنگاندنەی کارامەیی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی نەکەوینە وەهمێکی میتافیزیکی، کە زەحمەت بێت بۆ تێگەیشتنی واقیعیی پێگەی سەرکردەکان، دواجار بۆ جەماوەریش زەحمەت بێت کە ئەم حاڵەتەی بە دڵ بێت، دیسانەوەش ئەو شتەیان بۆ زەحمەت بێت کە ئەو سەرکردانە و دواتریش حزبە سیاسییەکەیان نوێنەرایەتییان دەکەن (واتا نوێنەرایەتیی جەماوەر).

**لەو وڵاتانەی کە حزبەکان تێیاندا شکستیان هێنا، بە دیاریکراویش لە بەدیهێنانی دەستپێشخەریی تازە و بوێریی سیاسی و ئابووریدا، ئەوانە ناتوانن خۆیان لە لێپرسینەوەی ڕاستەوخۆ و یەکسەر بپارێزن لە بەردەم بازنەکانی هەڵبژاردن و چالاکانی حزب**

**سەرکردایەتیی حزب فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە لە ژیانی سیاسی، بەڵام ئەو کاریگەرییە بە جیاوازیی کارامەییان جودایە، ئەم هەڵسەنگاندنەی کارامەیی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی نەکەوینە وەهمێکی میتافیزیکی، کە زەحمەت بێت بۆ تێگەیشتنی واقیعیی پێگەی سەرکردەکان**

هۆشیار سیوەیلی
بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# درێژەکێشانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بژێویی خەڵک دەبێت

هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان باسی ئەوەی کرد کە «پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەو کاتەی لە ١٩٤٦ ـەوە بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر، ڕابەری ڕۆحی نەتەوەی کورد، دامەزرا، ڕۆڵ و پێگەی گەورەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی مێژوویی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان هەبووە و، ماوەیەکی زۆریش نەك تەنیا لە سەر ئاستی ناوچەکە، بەڵکو لە سەر ئاستی فراوانتری نێودەوڵەتی مەلا مستەفا بارزانی ناسنامەی کورد و کوردستان بوو.» گوتیشی: «ڕێبازی کوردایەتیی پارتی و مستەفا بارزانیی نەمر تا ئەمڕۆش بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی بەردەوامە، هەر ئەوەش وای کردووە، پارتی قورسایی و کاریگەریی گەورەی لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا هەبێت. لە سەر ئاستی دەرەوەشدا پارتی بەردەوام هەوڵی داوە و خوازیار بووە پشتگیری و هاوسۆزی هەمووان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد بەدەست بهێنێت. پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو جێبەجێکردنی هەموو مافە دەستووری و یاساییەکاندا هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات ناکۆکییە نێوخۆییەکان بەلاوە بنێت و هەموو تواناکان چڕدەکاتەوە لەپێناو وەرگرتنەوەی مافە دەستوورییە زەوتکراوەکان و نکۆڵی و پێشێلکارییەکانی حکومەتی فیدراڵ دەرهەق بە هەرێمی کوردستان ڕەت دەکاتەوە.

> ■ ڕێبازی کوردایەتیی پارتی و مستەفا بارزانیی نەمر تا ئەمڕۆش بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی بەردەوامە، هەر ئەوەش وای کردووە، پارتی قورسایی و کاریگەریی گەورەی لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا هەبێت

ئەم یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستییە پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان وا دەکات کورد و کوردستانیەکان قورساییەکی باشتریان لە بەغدا هەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵیی داهاتوو. لای پارتی ئەوەی زۆر گرنگە جێبەجێکردنی دەستوور و چەسپاندنی پرەنسیپی بەشداری و هاوبەشی لە حوکمڕانییە، نەك تەنیا بەشدارییەکی شکڵی».

> ■ لای پارتی ئەوەی زۆر گرنگە جێبەجێکردنی دەستوور و چەسپاندنی پرەنسیپی بەشداری و هاوبەشی لە حوکمڕانییە، نەک تەنیا بەشدارییەکی شکڵی

سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی گوتی: «لە عێراقدا پێکهێنانی حکومەت کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە و ڕەنگە وەکو کابینەکانی دووەمی مالیکی و عەبدولمەهدی و کازمی-یش لە دوای ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە پەسەند کرا، ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، هەرچەندە وا بڕیارە لە نۆی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا پەرلەمانی عێراق بە سەرۆکایەتیی بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمان کۆببێتەوە، بەڵام هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەت درێژە بکێشن، چونکە لایەنی شیعی بە سەر دوو بەرەی زۆر ناکۆك لەگەڵ یەکدی دابەشبوون و دوو بۆچوونی جیاوازیان بۆ سرووشت و پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی عێراق هەیە. بزووتنەوەی سەدر کە گەورەترین لایەنی براوەن، هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە دەدەن و لایان وایە دەبێت براوەی یەکەمی شیعە و براوەی یەکەمی سوننە و کورد کە تەقەدوم و پارتین حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن، هەرچی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان هەیە، کە نووری مالیکی سەرکردایەتییان دەکات، دەیانەوێت حکومەتێکی فرەلایەن لە ئەنجامی ڕێککەوتنی سیاسی و سازان پێکبهێنن. بێگومان پارتی بە گشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی دەتوانن ڕۆڵی کارا و کاریگەر ببینن. هەروەك دەشبینین ڕۆژانە شاندی لایەنە جیاوزاەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق دێنە



**پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ پارتەکانی دیکە هەیە و، پێگەی خۆی لەپێناو دۆزی ڕەوای کورد بەکاردەهێنێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ڕەوتی دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق، هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئاماژەی بە بەهێزی و ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بۆ نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان و یەکخستن و بەهێزکردنی دەنگی کورد لە بەغدا. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

هەولێر و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی تاوتوێ دەکەن. پارتی هەوڵی داوە، خۆی نەکاتە لایەنگری هیچکام لەو دوو لایەنە شیعەیە. دەبێت ئەوەش بڵێین کە درێژەکێشانی پێکهێنانی حکومەت لە بەرژەوەندیی جەماوەر نییە و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە بواری ئاسایش و سەقامگیری و بژێویی خەڵك. بۆیە پشوودرێژیی پارتی بەرامبەر بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت سنووردارە و ڕەنگە پارتی و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ناچار بن بڕیار بدەن و لەگەڵ سەدرییەکان و تەقەدوم حکومەت پێکبهێنن».

سەبارەت بە دۆست و نەیارانی پارتی لەنێوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهاندا، هوشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «پارتی خاوەنی مێژوویەکی پرشنگداری خەبات و تێکۆشانە و لە بوارەکانی سیاسی و پارتیزانی و پێشمەرگایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و قوربانیدان پێشەنگ بووە. لە بواری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی پارتی دەزانێت کە دۆستی هەمیشەیی لە سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا نییە و بەرژەوەندیی هەمیشەیی هەیە و، دەشزانێت کۆمەڵێك بەرژەوەندی پردی ڕایەڵەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و، تا ئەو بەرژەوەندییانە بەردەوام بن، پەیوەندیی نێوان ئێمە و دەوڵەتانی دۆست و هاوپەیمان بەردەوام دەبن. سیوەیلی دەربارەی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گوتی: «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا بایەخی ستراتیژی بۆ ئەمریکا و ئەورووپا و چین و ڕووسیا هەیە، جگە لە گرنگیی ژیاریی بۆ ئێمە. سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ئەندازەیەکی باش پەیوەستە بە سەقامگیریی عێراق و لە عێراقیشدا بە بێ کوردستان سەقامگیریی مەیسەر نابێت. کەواتە، ڕۆڵ و پێگە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە کەمیش بێت، گرنگە بۆ سەقامگیریی ئەمنی و ئابووریی جیهان. دەبێت هەوڵ بدەین ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە بپارێزین».

**بزووتنەوەی سەدر کە گەورەترین لایەنی براوەن، هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە دەدەن و لایان وایە دەبێت براوەی یەکەمی شیعە و براوەی یەکەمی سوننە و کورد کە تەقەدوم و پارتین حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن**

دەربارەی دەرفەتەکانی بەردەم هەرێم و ئەو هەڕەشەیانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «ئێمە دەرفەتی گەورەی پێشکەوتن و گەشەکردن و پەرەسەندنمان لە پێشە و دەبێت لە هەمانکاتدا مێشك و چاو و دەستمان لەسەر هەڕەشەکانیش بێت. هەروەك چۆن دەرفەتەکان زۆرن، دوژمنەکانیش زۆرن. هەندێك لا و ناوەندی دەرەکی گەشەسەندنی ئێمە بە هەڕەشەیەك بۆ سەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان دەبینن، کە لە ڕاستیدا وا نییە و حوکمڕانیی سی ساڵی ڕابردووی ئێمە پێچەوانەکەی سەلماندووە. سەرەڕای هەڕەشە زۆرەکان، ئێمە بە درێژایی مێژوو بەرگریمان کردووە و بەرگەمان گرتووە. هەموو هێزێکی دەرەکی لە بەردەم هێزی یەکێتی و تەبایی نێوخۆدا شکست دەهێنێت. ئێمە ئەمڕۆ کیانێکمان هەیە، سەرەڕای کەموکورتییەکان، ئەندازەیەك لە سەربەخۆیی و حوکمڕانیی خۆیی بۆ دابین کردووین. پێویستە بیپارێزین، چونکە ئەگەر لە کیسمان بچێت، ڕەنگە سەد ساڵی دیکەش دەرفەتی وا ڕێك نەکەوێتەوە. کەواتە بەر لەوەی دەست بۆ هاوکاریی دەرەوە پان بکەینەوە، دەبێت دەستی هاوکاری لە نێوان خۆماندا بۆ یەکتر درێژ بکەین، حوکمڕانییەکەمان باشتر بکەین و ئینتیما بۆ خاك و گەل بەهێزتر بکەین».

**چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان کە نووری مالیکی سەرکردایەتییان دەکات، دەیانەوێت حکومەتێکی فرەلایەن لە ئەنجامی ڕێککەوتنی سیاسی و سازان پێکبهێنن**

# دیمانەی تایبەت



کریستوفەر جەی پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە زانکۆی تۆلەین، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ستراتیژییەت و سیاسەت. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی پەرەسەندنە ئەرێنی و نەرێنییەکان، لە هەمان کاتدا پێگە و ئایندەی کورد لە عێراق و، چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

کریستۆفەر جەی

پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# قەرزی کورد لای جیهان ئەوەیە کە ڕێگە بدەن بە ئاشتی و ئارامی بژیت

*** وەك ئاشكرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین قەیران و تەنگژەوە گرفتارە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێ جار تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەیەکی شکستخواردوو لە قەڵەم بدرێت، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا کێشەکە ئەوەیە کە ئەم قەیران و تەنگژانە لە ڕابردوودا هەبوون و ئێستاش لە ئارادان و هۆکاری بەردەوامبوونیشیان ئاشکرایە، لێرەدا لە بری ئەوەی ئۆباڵەکە بخەینە ئەستۆی ئیستعمار و داگیرکاریی ئیسرائیل و کۆمپانیا نەوتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا دەبێت دیدگا و تێڕوانینێکی نوێ دروست ببێت و نەوەیەکی نوێی توانادار بێتە ئاراوە، بە بۆچوونی من ئەمە تاکە ئومێدە، چونکە تا ئەو ڕژێمانەی ئێستای وڵاتانی ناوچەکە لە ئارادا بن، ئەوا هیچ شتێك گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من چارەسەرەکە بە ڕەوتێکی خاو و لەسەرخۆ دێتەئاراوە. دواتر پەرەسەندن و پێشهاتێکی دیکە کە لەم ڕووەوە جێی سەرنج و هەڵوەستەلەسەرکردنە، ئەوەیە کە وردە وردە فۆرمە تەقلیدییەکانی هاووڵاتیبوون و پیادەکردنی سرووتە ڕۆحانییەکانی کاڵ دەبنەوە و، ئاراستەیەکی نوێ وەردەگرن، هەروەها لەلایەکی دیکەوە دەبینین کچە لاوەکان زیاتر و زیاتر دێنە نێو هێزی کارەوە و بەرگری لە خۆیان دەکەن و داکۆکی لە مافەکانیان دەکەن، لە هەمان کاتدا بارودۆخە ئابوورییەکەش بە چەشنێکە کە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە، ئەوەتا بازرگانیی ئەلیکترۆنی دروست بووە، ئەوەتا چارەسەر و ڕاوێژی پزیشکیی ئەلیکترۆنی دروست بووە، خەڵکانێك تەنیا لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بوون و چالاکییان هەیە و هەر لەم ڕێیەشەوە

**تا ئەو ڕژێمانەی ئێستای وڵاتانی ناوچەکە لە ئارادا بن، ئەوا هیچ شتێک گۆڕانکاری بەسەردا نایەت**

توانیویانە داهات بەدەست بهێنن، واتە ڕاستە کەسانێك لە قاهیرە، یان لە دیمەشق، یانیش لە بەغدا دەژین، بەڵام ئەم کەسانە لە ئۆنلایندا ئامادەییان هەیە و چالاکی ئەنجام دەدەن و دەبینرێن و دەبیسترێن، مەبەستم ئەوەیە ئێمە نازانین ئەم بارودۆخە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕوات و دەشکێتەوە، دواتر نابێت ئێمە ژینگە و کێشەکانی پەیوەست بە ژینگەمان لەیاد بچێت. لێرەدا ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ڕەنگە من لەم ڕووەوە هەندێ ڕەشبین بم و پێم وابێت هەندێك کێشە چارەسەر نابن، و ڕەنگە ئومێدەکە ئەوە بێت کە ئەم کێشانە بە تێپەڕبوونی کات خامۆش ببن و لە ئارادا نەمێنن، بە چەشنی ئاگرێك کە دوای گڕ و کڵپە و سووتان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەوا وردە وردە کز و خامۆش ببێت و بکوژێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر باس لە کێشەی تایەفەگەریی نێوان شیعە و سوننە بکەین، ئەوا ڕەنگە چارەسەرەکە ئەوەبێت کە بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیەکی زیاتر خەڵك بایەخ و گرنگیپێدان و پەیوەستبوونیان بەم تایەفەگەرییەوە کەم و کاڵ ببێتەوە، ئەمە لە بری ئەوەی بڵێین چارەسەرەکە ئەوەیە کە ڕێککەوتنێك لە نێوان دوو وڵاتی دیاریکراودا بکرێت، کەواتە چارەسەرەکە چارەسەرێکی خاو و لەسەرخۆیە و چەند نەوەیەکی دەوێت تا بێتەئاراوە، من هیچ گومانێکم نییە کە لە ئایندەدا خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و شۆڕشی زیاتر بەدی دەکەین، چونکە هیچ ڕێگە و بژارەیەکی دیکە لە ئارادا نەماوە.

*** بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کێشە و قەیرانە قووڵانەشدا، هەندێ لە شرۆڤەکاران و سیاسەتمەداران ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرەوپێشچوون و پێشهات و پەرەسەندنی ئەرێنی لەم ناوچەیەدا ڕووی داوە و ڕوو دەدەن، بە تایبەتی کە ئاماژە بە ڕێککەوتنەکانی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان، یان ڕێککەوتنەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیدا دەکرێت، هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی سەرنجە و ئاشکرایە کە ئێوە ئاماژە بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان و ئاشتەوایی نێوان ئیسرائیل و وڵاتی ئیمارات و بە ڕاددەیەکی کەمتر بەحرەین و عوممان و گەورەترین وڵاتی ناوچەی کەنداو (سعودیە) دەکەن، هەرچەندە ئەمانەی دوایی پەیوەندیی فەرمییان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، بەڵام پەیوەندی نهێنی و ژێر بە ژێریان هەیە لەگەڵیدا. لێرەدا هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەم ڕێککەوتن و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییانە بە خێر و خۆشی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە، یان نا؟ لە ڕاستیدا کەسانێکی زۆر هەن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی جوولەکانی ئەمریکا، کە زۆر خۆشحاڵ و شادومانن پێی، بە تایبەتی ئەوانەی پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکەن، کە پێیان وایە ئەمە پەرەسەندنێکی باش و ئەرێنییە و لە بەرژەوەندیی ناوچەکەدایە، چونکە ئێستا ئیسرائیل هاوبەشێکی عەرەبیی هەیە لە ناوچەکەدا کە ئامادەیە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکات، بە تایبەتی کە دەبینین شاندی وڵاتی ئیسرائیل سەردانی ئیمارات دەکات و شاندەکانی ئیماراتیش سەردانی وڵاتی ئیسرائیل دەکەن و سەردانی مزگەوت و پەرستگای جوولەکەکان دەکرێت، لەگەڵ چالاکیی هاوشێوەی دیکە، هەروەها ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی بازرگانی و ئابوورییشی لێ کەوتووەتەوە، من پێم وایە ئەمە خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنێکی باشە، و دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ئەم ڕێککەوتنە لە سایەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا کرا، کە ئەم ئیدارەیەش تەواو لایەنگریی ئیسرائیلی دەکرد و هیچ هاوسۆزییەکی بۆ فەڵەستینییەکان نەبوو، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە من هیچ کێشەیەك نابینم لە ڕێککەوتنی نێوان دوو وڵاتدا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان بنیات بنێن و ڕێکیان بخەنەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەم ڕێککەوتنانە چ خزمەتێك بە ئاسایشی ناوچەکە دەکات، ئەگەر بێت و کێشەی فەڵەستینییەکانی فەرامۆش بکرێت و بایەخی پێ نەدرێت و، هێشتا دانیشتوانی بنەڕەتی فەڵەستین لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بکرێنە ئامانج. کەواتە هەرچەندە ئەمانە ڕێککەوتنی باشن، بەڵام ڕەهەندە ئەمنییەکەی ناوچەکەیان ڕەچاو نەکردووە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنانە سەرکەوتوو و درێژخایەن بن

**وردە وردە فۆرمە تەقلیدییەکانی هاووڵاتیبوون و پیادەکردنی سرووتە ڕۆحانییەکانی کاڵ دەبنەوە و، ئاراستەیەکی نوێ وەردەگرن**

**خەڵکانێک تەنیا لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بوون و چالاکییان هەیە و هەر لەم ڕێیەشەوە توانیویانە داهات بەدەست بهێنن**

**هیچ گومانێکم نییە کە لە ئایندەدا خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و شۆڕشی زیاتر بەدی دەکەین، چونکە هیچ ڕێگە و بژارەیەکی دیکە لە ئارادا نەماوە**

**ئێستا ئیسرائیل هاوبەشێکی عەرەبیی هەیە لە ناوچەکەدا کە ئامادەیە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکات**

**ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە پشێوی و شڵەژن زاڵە بەسەریدا و سۆشیال میدیا واقیعی یەکەمە، نەک دووەم**



و لە ئایندەدا بەردەوام بن، ئەوا پێویستە بە جۆرێك لە جۆرەكان فەڵەستینییەكانیش لەخۆ بگرێت، كەواتە ڕاستە ئەم ڕێككەوتنانە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی كەنداوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی تەواوی ناوچەكە بێت، ئەوا پێویستە فەڵەستینییەكانیش لەخۆبگرێت.

*** چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەكانی نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و عێراق دەڕوانیت و، پێشبینیت بۆ ئایندەی كوردستان لە نێو عێراقدا چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە كورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە جیهاندا، دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە نادیدە نەگرین كە ئێستا لە جیهانێكی تەواو جیاوازدا دەژین، هەموو شتێك گۆڕاوە، ئێمە لە جیهانێكدا دەژین كە پشێوی و شڵەژان زاڵە بەسەریدا و سۆشیال میدیا واقیعی یەكەمە، نەك دووەم، هەروەها لە سەر ئاستی جیهان جیاوازی و نایەكسانیی ئابووری لە هەڵكشاندایە لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەكاندا. كەواتە هەموو ئەم فاكتەرانە گرنگن كاتێك باس لە كێشەی كورد دەكەین، كەواتە ناكرێت ئەم پرسیارە بكەین و پێمان وابێت ئێستا لە ساڵی ١٩٢٠یان ١٩٥٠ یان ٢٠٠٠داین، چونكە ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە، دەبێت ئێمە ئەو پرسیارە بكەین ئایا لە ئێستادا كە ساڵی ٢٠٢٢ـە، بوونی نەتەوەیەك لە نێو نەتەوەیەكی دیكەدا چ مانایەكی هەیە؟ لەم ڕووەوە چەند ڕێگە و بژاردەیەك هەیە، دەكرێت كورد ڕێگەی ئاشتی و پێشكەوتن و گەشەكردن بگرێتەبەر و لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە بەرەوپێشچوون بەدی هاتووە، بۆ نموونە ئەوەتا دەتوانین ئاماژە بە بەرەوپێشچوونی هەولێر بكەین، كە شارێكی زۆر جوانە، كەواتە كورد خۆیان خەڵكێكن گیانێكی ئیجابی و ئومێدەوار و ڕۆحی كاركردنیان هەیە، و قەرزی كوردیش لای جیهان ئەوەیە كە بە ئاشتی و ئارامی بژین و، ئەوەی لە كوردستانی عێراقدا دەگوزەرێت ئەزموونێكی سەركەوتووە و قابیلی ئەوەیە لە شوێنەكانی دیكەش كە كوردی لێ نیشتەجێیە دووبارە بكرێتەوە، هەروەها دەبێت ئەوەش لە یاد نەكەین كە كاتێك باسی كێشەی كورد دەكەین، ئەوا كورد هۆكاری كێشەكە نین، بەڵكو ئەو وڵاتانەی كە كوردیان تێدایە هۆكاری ئەم كێشەیەن.

**دەكرێت كورد ڕێگەی ئاشتی و پێشكەوتن و گەشەكردن بگرێتەبەر و لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە بەرەوپێشچوون بەدی هاتووە**

**ئەوەی لە كوردستانی عێراقدا دەگوزەرێت ئەزموونێكی سەركەوتووە و قابیلی ئەوەیە لە شوێنەكانی دیكەش كە كوردی لێ نیشتەجێیە دووبارە بكرێتەوە**

## ستیڤ زونێس

بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# پێشبینی ناکەم ئێران و ئەمریکا لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ

ستیڤ زونێس پرۆفیسۆری سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ و، بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، یەکێکە لە توێژەرە دیارەکانی بواری سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، چارەسەرکردنی ناکۆکی و پرسی ناتوندوتیژی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە و، چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## دیمانەی تایبەت



*** هەمیشە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگە و بایەخێکی تایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووە و، لە ئێستاشدا ئەو هێزە دەرەکییەی کە زۆرترین کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە لەم ناوچەیەدا، بریتییە لە ئەمریکا، بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- لە زۆر ڕووەوە ئیدارەکەی سەرۆك جۆ بایدن گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی پێش ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، واتە خۆی بە دوور گرتووە لە گرتنەبەر و پیادەکردنی سیاسەتی هەڵچوون و ئیستفزازی، کە سیما و خەسڵەتی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بوو، بەڵام لەم ڕووەوە دەیەوێت وا پیشان بدات کە هەوڵ و کۆشش دەخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشە بنەڕەتییەکان، واتە ئەو کێشە و تەنگژانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوون و درێژەکێشانی ناسەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەدی دەکەین، درێژەپێدان، یان بەردەوامیدانە بە پێدانی بێمەرجی چەك بە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، کە لە ڕاستیدا ئەمە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی پێشتریدا کە ڕایدەگەیاند پاڵپشتی لە برەوپێدان و بەرەپێشبردنی دیموکراسی دەکات لەم ناوچەیەدا. لەلایەکی دیکەوە ئەم ئیدارەیە پاڵپشتی لە داگیرکاری و بەرفراوانخوازیی ئیسرائیل دەکات و، لە سایەی ئیدارەی بایدندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە وڵاتە کە باڵیۆزی هەبێت لە قودس و، تەنیا ئەم شارە بە پایتەختی ئیسرائیل دەناسێنێت و ڕێگا نادات کونسولییەت لە قودسی ڕۆژهەڵات بکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم ئیدارەیە ئامادە نییە کە بڕیاری ئیدارەی پێش خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، کە پەیوەست بوون بە دانپێدانان بە سەروەریی دەوڵەتی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە لە سووریا. هەروەها

**باشترین شێواز و ڕێگاچارە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی تیرۆر بریتییە لە بوونی حکومەت و سیستمێکی سیاسی کە شایستەی ئەوە بێت داکۆکی لێ بکەیت و شەڕی لە پێناودا بکەیت**

**داعش بە ئاسانی زاڵ دەبوو بەسەر سوپای سووریا و عێراقدا، کە ئەمەش دەرئەنجام، یان ڕەنگدانەوەی گەندەڵی و ناجەماوەرییبوونی ئەم حکومەتانە بوو**

**ئەوە ڕێکەوت نەبوو کە گرووپە کوردییەکان شەڕیان لە دژی داعش دەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە پشتیوانی و شەرعییەتێکی جەماوەرییان هەبوو**

**یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی ئەوەیە، کە دەبێت ناوبژیوانیکەرەکە بێلایەن بێت**

**داگیرکردنی بەشێک لە خاکی وڵاتێکی دیکە و کردنی بە بەشێک لە وڵاتی خۆت لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە، لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە کارێکی ناشەرعییە**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سایەی ئەم ئیدارەیەدا تەنیا وڵاتە کە ئیعتیرافی کردبێت بە لکاندنی بیابانی ڕۆژئاوا بە وڵاتی مەغریبەوە، لەلایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل قۆرخی بوونی چەکی ناوکییان کردووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەبینین گوشارێکی زۆر لە ئێران دەکات بۆ کەمکردنەوە و بەرتەسکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی، هەر لەم ڕووەوە ئەم ئیدارەیە ئامادە نییە ئەو سزایانەی سەر ئێران هەڵبگرێت کە پێشتر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەپاندبوونی بە سەر ئەو وڵاتەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێران پابەند بووە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە.

*** وەك دەزانن کە یەکێکە لە کێشە مەترسیدارەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە بوونی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، یان با بڵێین پرسی تیرۆریزم بە شێوەیەکی گشتی، ئایا شێوازی کارا و سەرکەوتوو چییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕێکخراوانە، یان ئەم دیاردەیە، بە تایبەتی کە ئەوە ئاشکرایە هەڵمەت و هەوڵە سەربازییەکان بۆ تێکشکاندنیان ڕەنگە تەنیا چارەسەرێکی کاتی بن، ئایا بۆ ئەوەی لە مەودای دووردا ئەگەری هاتنەئارای ئەم مەترسییە کەم بکرێتەوە، دەبێت چی بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا باشترین شێواز و ڕێگاچارە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی تیرۆر بریتییە لە بوونی حکومەت و سیستمێکی سیاسی کە شایستەی ئەوە بێت داکۆکی لێ بکەیت و شەڕی لە پێناودا بکەیت، چونکە ئێمە بینیمان کە داعش بە ئاسانی زاڵ دەبوو بەسەر سوپای سووریا و عێراقدا، کە ئەمەش دەرئەنجام، یان ڕەنگدانەوەی گەندەڵی و ناجەماوەرییبوونی ئەم حکومەتانە بوو، واتە لەم ڕووەوە ئەوە ڕێکەوت نەبوو کە گرووپە کوردییەکان شەڕیان لە دژی داعش دەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە پشتیوانی و شەرعییەتێکی جەماوەرییان هەبوو، هەربۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە چارەسەرەکە بریتییە لە دروستبوون و هاتنەئارای حکومەت و سیستمێکی سیاسی کە خەڵکی باوەڕیان وابێت شایستەی ئەوەیە شەڕی بۆ بکەن و بەرگریی لێ بکرێت، ئەگەر وانەکرێت، ئەوا تیرۆریستان باڵادەست دەبن.

*** هەروەك دەزانین یەکێك لە کێشە درێژخایەنەکانی ئەم ناوچەیە بریتییە لە کێشە، یان ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، بەڵام ئەوەی بەدیمان کردووە لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ئەوەیە کە هەندێك وڵاتی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی کردەوە، بە بێ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل بێتە ئاراوە، ئایا پێت وایە ئەم ناکۆکییە فەرامۆش دەکرێت و ئەم کێشەیە بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە، یان با بڵێین بۆچی تا ئێستا ئەم ناکۆکییە چارەسەر نەکراوە؟**

- هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکیی شکستهێنان لە چارەسەرکردنی ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، یان بەدی نەهێنانی ئاشتی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا بریتییە لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستێکی دژبەری گرتووە تەبەر لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا میانگیری سەرەکییە بۆ نزیککردنەوەی ئەم دوو لایەنە و گەیاندنیان بە ڕێککەوتن و چارەسەرێك، بەڵام لە هەمان کاتدا دەستەبەرکاری سەرەکیی پشتیوانی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماتییە بۆ لایەنە بەهێزەکەی هاوکێشەکە کە ئیسرائیلە، ئەمە لە کاتێکدا یەکێك لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی ئەوەیە، کە دەبێت ناوبژیوانیکەرەکە بێلایەن بێت، بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە بەدی کراوە، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەردەوام درێژەی بە پشتیوانییەکانی داوە بۆ ئیسرائیل، بە چاوپۆشین لەوەی چ جۆرە حکومەتێك دەسەڵاتدار بووبێت لە ئیسرائیلدا، کەواتە لەم ڕووەوە چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە فەلەستینییەکان متمانە بە ئەنجامدانی گفتوگۆ بکەن لەگەڵ ئیسرائیلدا، بە تایبەتی کە سەرۆك وەزیرانی ئێستای ئیسرائیل زۆر بە ڕوونی ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی فەلەستینی بە دوور گرت. لێرەدا دەتوانین بابەتەکە بەم شێوەیە بشوبهێنین، کاتێك عێراق وڵاتی کوەیتی داگیر کرد، کەس نەیوت با گفتوگۆ بکرێت لەم بارەیەوە، مەبەستم ئەوەیە داگیرکردنی بەشێك لە خاکی وڵاتێکی دیکە و کردنی بە بەشێك لە وڵاتی خۆت لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە، لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە کارێکی ناشەرعییە، ئەمە هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لە دژی ڕووسیا لە ئاست مەسەلەی کریمیا، بەڵام لە ئاست داگیرکاری مەغریب بۆ سەحرای



ڕۆژئاوا، پاڵپشتی داگیرکاری کردووە، واتە لایەنگریی لایەنە بەهێزەکەی کردووە کە داگیرکارە لە دژی لایەنە داگیرکراوەکە. هەروەها لەم ڕووەوە ڕێگریی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لەوەی ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە و ناکۆکییانە، بە تایبەتی لە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیلدا، بۆ نموونە ئەمریکا دژی هەموو جۆرە بەرهەڵستییەکی فەلەستینیەکانە- ئیدی توندوتیژ بێت، یان ناتوندوتیژی، یانیش بەرهەڵستیی دیپلۆماتی، تەنیا ئەوە بە فەلەستینییەکان ڕەوا دەبینێت کە ئیسرائیل ئارەزوومەندانە پێیان دەدات.

*** پرسێکی بنەڕەتی لەم ناوچەیەدا کە هێزە جیهانییەکان و بگرە وڵاتانی ناوچەکەشی پێوە سەرقاڵە، بریتییە لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران، کە ئیدارەی پێشوی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لێی کشایەوە، ئێستاش ئەم ئیدارەیە هەوڵەکانی دەست پێ کردووەتەوە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی ئەم پرۆگرامەوە، پێشبینی و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

-من ئەگەری هاتنەئارای ڕێککەوتنێکی نوێ بەدی ناکەم، بەڵکو پێم وایە هێشتا ئومێدی ئەوە هەیە بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکە، بەڵام لە ئێستادا کێشەکە ئەوەیە کە هەردوولا داوا لە یەکتری دەکەن ئەوی دی هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا لە ئێران دەکات کە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشووی پێش ئەوەی بڕیار بدات سزا سەپێندراوەکان هەڵبگرێت، لە کاتێکدا ئێران داوا دەکات، ئەمریکا سزاکانی لەسەر هەڵبگرێت، پێش ئەوەی دەست بە سنووردارکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکات، بەڵام ئێمە دەزانین ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٨ لە سایەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا تاکلایەنە و سەرەڕای پابەندبوونی ئێران لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە، ئەمەش بووە هۆی بەهێزکردنی پێگەی سەختگیرەکانی نێو ئێران، چونکە ئەوان ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە سەرکردە میانڕەوەکانی نێو ئێران ساویلکەن، چونکە پێیان وایە دەکرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت، ئەوە بوو بەڵێن بە ئێران درا کە سزاکانی لەسەر هەڵبگیرێت، کاتێك پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام ئێران پابەند بوو بە ڕێککەوتنەکەوە، کەچی ئەمریکا سزاکانی بەسەردا سەپاندەوە، ئێستاش ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ئێمە لەسەر هەق بووین و ئێوە هەڵە بوون، چونکە ناکرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت، ئەوە بوو توانییان لە هەڵبژاردنەکانیشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوە ئێستا زەحمەت بووە بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ.

**ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٨ لە سایەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپدا تاکلایەنە و سەرەڕای پابەندبوونی ئێران لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە، ئەمەش بووە هۆی بەهێزکردنی پێگەی سەختگیرەکانی نێو ئێران**

دیمانەی تایبەت

جۆن تیرمان
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتۆی تەکنۆلۆژیی ماساشووسێتس بۆ گوڵان:

# دەستوەردانە دەرەکییەکان ڕێگری سەرەکین لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

جۆن تیرمان بەڕێوەبەر و توێژەری باڵایە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتۆی تەکنۆلۆژیی ماساشووسێتس، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك چارەسەرکردنی ناکۆکی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوە، تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ. بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە و ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە و پرسی تیرۆریزم، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.



*** ئاشکرایە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین کێشە و قەیران و تەنگژەی قورس و قووڵەوە گرفتارە، بەڵام لە هەمان کاتدا، هێزە جیهانییەکان ناتوانن ئەم ناوچەیە فەرامۆش بکەن، یان نادیدەی بگرن، بە تایبەتی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، کە ئێمە دەزانین دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیەدا هەیە و، لە هەمان کاتدا ڕکابەریی توندی لەگەڵ هەندێکیشاندا هەیە، وەك ئێران، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری سیاسەتی ئەمریکا بکەین لە ئاست هەندێ وڵاتی دیاریکراودا، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراق و سووریاوە، ئەوا ئەم ئیدارەیە هەوڵ دەدات هێزێکی کەم و بچووك لەو وڵاتانەدا بهێڵێتەوە بۆ مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی گرووپە جۆراوجۆرەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وا دەردەکەوێت کە ئیدارەی سەرۆك بایدن بیەوێت تا ڕاددەیەك، ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بە دوور بگرێت لەوەی بە تەنیا ئەو ڕۆڵەی لەم ناوچەیەدا دەیگێڕێت، سرووشتێکی سەربازییانەی هەبێت، واتە چیتر ئەو تێڕوانینە نەگرێتەبەر کە چارەسەری سەربازی بۆ ئەو کێشانە بەکار بهێنرێت، کە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتین.

*** شیکارییەکی زۆر بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کراوە، بە تایبەتی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەندێ لە شرۆڤەکارەکان پێیان وایە دەبێت ئەمریکا زیاتر جەخت لەسەر پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانیی باش بدات لەم ناوچەیەدا، بەڵام هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەمریکا گونجاو نییە بۆ گرتنەئەستۆی ئەم**

**ئەمریکا وڵاتی ژمارە یەکە لە پێدان و پێفرۆشتنی چەک و کەلوپەلی سەربازی بە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**ئەرکە و هەر هەوڵێکیشی دابێت لەم ڕووەوە بە شکست و کارەسات کۆتایی هاتووە، ئێوە چۆن لە ئەدای ئەمریکا دەڕوانن لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە تۆمارێکی تێکەڵ هەیە، چونکە لەلایەك دەبینین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگەشەی پشتیوانیکردن و هاوکاریکردن دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و، باس لەوە دەکات دیموکراسی یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی سیاسەتە دەرەکییەکەی، کەچی دەبینین ئەمریکا وڵاتی ژمارە یەکە لە پێدان و پێفرۆشتنی چەك و کەلوپەلی سەربازی بە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکا پشتیوانیی کردووە لە چەند پڕۆگرامی بچووك لەم وڵاتانەدا، کە مەبەست لێیان برەودان بووە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێریکردنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکان و چەند هەنگاوێکی دیکەی هاوشێوە، بەڵام ئەمانە هەوڵ و هەنگاوی بچووکن بەراورد بە گەورەیی و قەبارەی پاکێجی ئەو ڕێککەوتنانەی پەیوەستن بە فرۆشتن و پێدانی چەك بە ڕژێمەکانی ئەم ناوچەیە، ئەمەش بەرجەستەبوون و زەقبوونەوەی ئەو حاڵەتەیە کە پێی دەڵێن پێوان بە دوو پێوانەی جیاواز.

*** زۆرێك لە شرۆڤەکاران پێیان وابوو ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن پتر تەرکیز لە سەر پرسی پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندن و برەوپێدانی حوکمڕانییەکی دیموکراسی دەکات و، ئەم پرسانە دەکاتە بەشێکی بنەڕەتی لە سیاسەتە دەرەکییەکەی خۆیدا، بە تایبەتی لە ئاست وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەگەر ئەمە زیاتر ڕوون بکەینەوە، ئەوا دەبینین ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەخنە لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ دەگرێت لە هەردوو وڵاتی ئێران و سووریا و، لەم ڕووەوە هەڵوێستێکی مەبدەئی وەردەگرێت، کە خۆی لە خۆیدا ئەمە کارێکی باشە، بەڵام دەبینین لە میسر و بەحرەین و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە پشتیوانیی سەرکوتکاری دەکات، هەموو ئەمانە گومان دروست دەکەن لە سەر جددییەتی هەوڵەکانی پەرەپێدان و برەودان بە دیموکراسی، بەڵام هەواڵە باشەکە ئەوەیە کە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك سەرکردەی برەودان بە دیموکراسی و بە دیموکراتیکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناڕوانن. دواتر ئەو پەرەسەندنەی لەم ڕووەوە ڕوویدا، ئەوەیە کە ئێستا خەڵکی خۆیان هەست دەکەن کە دەبێت جڵەوی ئەم پرسە بگرنە دەستی خۆیان و، خۆیان ئەم بەرپرسیارێتییە بگرنە ئەستۆ و، باوەڕیان وایە کە ئەم هەوڵەیان ئاکامی دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئەو تێڕوانینە باو و باڵادەست و ڕۆچووبووە نێو گەلانی ئەم ناوچەیەوە، کە ئەگەر ئەوان هەر هەوڵ و هەنگاوێك بنێن، ئەوا ئیستعیمار، یان دیکتاتۆر و سەرکوتکارە ناوخۆییەکان ئاکامەکەی لەبار دەبەن. ئەوەتا لەم ڕووەوە بەرفراوانبوونیی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی دەبینین، دەبینن بەرەی بەرهەڵستکاری بەرفراوان دەبێت. ئێوە لە دۆخی سودان بڕوانن، کە خەڵکی دەستیان دایە نارەزایەتیدەربڕین و خۆپیشاندان و هاتنەسەر شەقام و حوکمڕانیی سەربازییان ڕەت کردەوە، لە هەمووشی سەرنجڕاکێشترە ئەوەیە کە ئەوان ئەم کارە بە شێوەیەکی ناتوندوتیژ ئەنجام دەدەن. ئەوەی جێی دڵخۆشییە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە خەبات و تێکۆشانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی درێژەی هەیە و بەردەوامە.

*** زۆرجار باس لە چارەسەر، یان هەڵگرتنی هەنگاو و خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، بێ ئومێدییەك بەدی دەکرێت، بەوەی ناکۆکی و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە بە چەشنێك قووڵ و ئاڵۆزن، کە ڕەنگە نەتوانرێت بە ئاسانی کار بۆ چارەسەرکردنی و بگرە کەمکردنەوەیان بکرێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکار و بەربەستەکان چین لەم ڕووەوە؟**

- بەشێکی زۆری هۆکارەکە بۆ کاریگەری و دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا دەگەڕێتەوە و، بگرە هێزە دەرەکییەکانی دیکەش هۆکارن کە نەیانهێشتووە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەرك و کاری خۆی هەڵبستێت، بۆ نموونە: ئێمە دەزانین

**گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سەرکردەی برەودان بە دیموکراسی و بە دیموکراتیکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناڕوانن**

**ئەمریکا بۆ ڕێگریکردن لە دەرچوونی بڕیارێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ئاست ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستین، چەندین جار مافی ڤیتۆی بەکار هێناوە، ڕووسیاش بە هەمان شێوە مافی ڤیتۆی بەکارهێناوە لە دژی بڕیارەکانی پەیوەست بە سووریاوە**

**پێویستە ئازادی بۆ فەلەستینییەکان دەستەبەر بکرێت، دەبێت ئازادی بە گەلی سووریا ڕەوا ببیندرێت، هەروەها پێویستە کوردیش بە چاوپۆشین لەو سنوورانەی کە تێیدا دەژین و نیشتەجێن، ئازاد بێت، چونکە ئەگەر ئازادیت لە گەلان زەوت کرد و ئەگەر دادپەروەریت بە گەلان نەبەخشی، ئەوا ناکۆکییەکانیش بەردەوام دەبن و درێژە دەکێشن**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگریکردن لە دەرچوونی بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ئاست ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستین، چەندین جار مافی ڤیتۆی بەکار هێناوە، ڕووسیاش بە هەمان شێوە مافی ڤیتۆی بەکارهێناوە لە دژی بڕیارەکانی پەیوەست بە سووریاوە، واتە چەندین جار میکانیزم و شێوازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ئەم ناوچەیە بەهۆی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەبار براون و پەك خراون. کەواتە مایەی کارەساتە کە ئەم هێزە گەورە جیهانییانە ڕێگری بکەن لە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە و، هەوڵ و هەڵوێستەکانیان ببێتەهۆی درێژەپێدانی دۆخێکی پڕ لە سەرکوتکاری و توندوتیژی، کە چارەسەرە ڕاستەقینەکەش ئەوەیە دەبێت ئازادی بە گەلانی ئەم ناوچەیە بدرێت، پێویستە ئازادی بۆ فەلەستینییەکان دەستەبەر بکرێت، دەبێت ئازادی بە گەلی سووریا ڕەوا ببیندرێت، هەروەها پێویستە کوردیش بە چاوپۆشین لەو سنوورانەی کە تێیدا دەژین و نیشتەجێن، ئازاد بێت، چونکە ئەگەر ئازادیت لە گەلان زەوت کرد و ئەگەر دادپەروەریت بە گەلان نەبەخشی، ئەوا ناکۆکییەکانیش بەردەوام دەبن و درێژە دەکێشن.

*** کێشەیەکی دیکەی مەترسیداری ئەم ناوچەیە بریتیە لە سەرهەڵدان و بەرفراوانبوونی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان لە هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، بە تایبەتی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریادا، کە لە ساڵانی ڕابردوودا بینیمان ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی وەك داعش چ کارەسات و کاولکارییەکی بە سەر ئەم دوو وڵاتەدا هێنا، ئایا دەتوانین بڵێین هۆکارەکانی هاتنەئارا و بەهێزبوونی ئەم ڕێکخراوانە هۆکاری ناوخۆیی و بونیادین، یان لەم ڕووەوە دەستێوەردانە دەرەکییەکان کاریگەریی گەورەیان هەبووە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە داعش — ئەوەی پێی دەڵێن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام- ئاکام و دەرهاویشتەیەکی ڕاستەوخۆی داگیرکاریی عێراق بوو لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، هەروەها دەرئەنجامی ئەو ستراتیژ و سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونە بوو، کە لە عێراقدا گیرایەبەر. کەواتە ئەگەر ئەمریکا عێراقی داگیر نەکردایە ئەوا داعشیش دروست نەدەبوو، ئەوەی سەیرە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە داگیرکاردنی عێراق هۆکاری سەرهەڵدان و دروستبوون و هاتنەئارای داعش بوو، بەڵام دواتر ئەمریکا شەڕی داعش و بەرەنگاربوونەوەی داعشی کردە بیانوو و پاساوێك بۆ درێژەدان بە هەڵمەت و دەستێوەردانە سەربازییەکانی لەم ناوچەیەدا. هەروەها نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و شێوازەکانی دیکەی هێرش و پەلاماردان بۆ بە ئامانجگرتنی ئەندامانی گرووپە توندڕەوەکان، قوربانیی مەدەنیشی



لێ کەوتەوە، کە ئەمە بووە هۆی زیادبوونی پشتیوانیی خەڵکەکە بۆ ئەم گرووپە توندڕەوانە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و سووریا بە ناوی بە ئامانجگرتنی تیرۆریستان و لە ناوبردنی تیرۆرەوە ناوچەی مەدەنییان بۆردۆمان کردووە، ئەم کارەشیان دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا بوونەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری تیرۆریست دروست ببن و بێنە ئاراوە، ئەمەش بووەتە هۆی وروووژاندنی چەندین پرسی یاسایی و بگرە ئەخلاقییش. ئەگەر قسەکانم پوخت بکەمەوە، ئەوا پێم وایە هەوڵەکانیان لەم ڕووەوە دەرئەنجامی پێچەوانەی بە دوای خۆیدا هێناوە و لە بری ئەوەی ببنە هۆی لە ناوبردنی دیاردەکە، بوونەتە هۆی هێنانەئارای تیرۆر.

**داگیرکاردنی عێراق هۆکاری سەرهەڵدان و دروستبوون و هاتنەئارای داعش بوو، بەڵام دواتر ئەمریکا شەڕی داعش و بەرەنگاربوونەوەی داعشی کردە بیانوو و پاساوێک بۆ درێژەدان بە هەڵمەت و دەستێوەردانە سەربازییەکانی لەم ناوچەیەدا**

**ئەمریکا و ئیسرائیل و سووریا بە ناوی بە ئامانجگرتنی تیرۆریستان و لە ناوبردنی تیرۆرەوە ناوچەی مەدەنییان بۆردۆمان کردووە، ئەم کارەشیان دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە**



زاگرۆس فەتاح

بریکاری وەزارەتی پلاندانان بۆ گوڵان:

# سیستمی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و تایبەت کارا دەکەین و چەند پڕۆژەیەکی ستراتیژی لەم بوارەدا دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە

**لەم دیمانەیەدا بریکاری وەزارەتی پلاندانان زاگرۆس فەتاح باس لە گرنگترینی ئەو پرۆژانە دەکات کە لە ئەمساڵدا جێبەجێ دەکرێن و، ئاماژە بە ژمارەیەك لە ڕەشنووسی پرۆژە و پلان و بەرنامەی نوێی حکومەت و پرۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیژی دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە وێڕای تاستەنگ و قەیرانەکان ئەو پرۆژەیانە لە پارێزگاکانی کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکاندا جێبەجێ دەکرێن. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** تاچەند لە ساڵانی ڕابردوودا توانراوە پرۆژەکانی بونیاتنانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکرێن؟ ئایا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ئێوە وەکو وەزارەتی پلاندانان چ پرۆژە و کارێکتان لەبەردەمدایە؟**

- دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان و ئەنجامدانی ژمارەیەك لە پرۆژەی نوێ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە بابەتێکی گرنگ و ستراتیژیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کە وێڕای نەبوونی بودجەیەکی پێویست و قەیرانەکانی کۆرۆنا و گرفتی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لە بواری پرۆژەکاندا کۆمەڵێك کاری باش ئەنجام بدات. لەم کابینەیەدا بە لانی کەمەوە ٧١٤ پرۆژە ڕەزامەندی لەسەر دراوە و ٩٦٥ ملیار دینار بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان کراوە، کە زیاتر لە ٦٣٢ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە، ئەم پرۆژەیانەش بە سەر هەرچوار پارێزگاکەی کوردستاندا بەم شێوەیە دابەش بووە: (هەولێر ٢٦٧ ملیار دینار بۆ ١٢٤ پرۆژە – سلێمانی ٢٠٠ ملیار دینار بۆ ١٢٥ پرۆژە – دهۆك ١٥٢ ملیار دینار بۆ ٨٥ پرۆژە – هەڵەبجە ١٤ ملیار دینار بۆ ٢٣ پرۆژە)، کە بە سەر پرۆژەکانی (ڕێگاوبان، شارەوانییەکان، کارەبا، سایلۆ، پەروەردە، نیشتەجێبوون، بەنداوەکان) دابەش بوون، بۆ نموونە ئەگەر باسی سایلۆکان بکەین، پرۆژەی دروستکردنی سێ سایلۆ دەستی پێ کردووە لە کەلار و قوشتەپە (لە هەولێر) و دهۆك، کۆی توانای عەمبارکردنی ئەم سایلۆیانە بریتییە لە ٥٨٥ هەزار تەن، دووانیان تەواو بووە و ٣٧ ملیار دیناریان بۆ خەرج کراوە. لە بواری ڕێگاوبانیشدا پرۆژەی ڕێگای خێرای (هەولێر- گۆپاڵ و گۆپاڵ - ڕۆڤیا) بە درێژیی ٥٨ کیلۆمەتر و بە مواسەفاتی پێشکەوتووی نێودەوڵەتی لە نێوان هەولێر و دهۆك جێبەجێ کراوە، ئەمە وێڕای کۆمەڵێك پرۆژەی نوێی ستراتیژی کە لە ساڵی ڕابردوو دەستمان پێ کردووە، وەکو شەقامی ١٠٠ مەتری لە سلێمانی و دووکان و چوارقورنە. لە لایەکی دیکەوە ڕەزامەندیی لە سەر دروستکردنی ٢١ پرۆژەی بەنداو دراوە و ٣٣ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، کە ١١ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە، ئەم بەنداوانەش دوای تەواوبوونی توانای گلدانەوە و عەمبارکردنی ١٨٠ ملیۆن مەتر سێجای ئاویان هەیە و بڕیاریشە دووان لەو بەنداوانە بەم نزیکانە تەواو بێت، ئەویش بەنداوی دێوانە و چەمەرگەیە و چوار بەنداوی دیکەی ستراتیژی دەست بەجێبەجێکردنی کراوەتەوە، کە بەنداوەکانی (کۆمەسپان و بەستۆرە کە لە هەولێرن و تەق تەق و زەلان لە سنووری پارێزگای سلێمانی)، لە پارێزگاکانیش دەیان پرۆژەی دیکەی بچووك جێبەجێ کراون، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ٣٠٠ ملیار دینار لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەلایەن پارێزگاکانەوە خەرج کراوە، ئەمەش نیشانەی حوکمڕانیەکی ڕاست و دروستە کە تەنیا گرنگی بەبودجەی بەکارخستن و دابینکردنی مووچە نادات، بەڵکو گرنگی بە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دەدات و ڕێگانادات ڕەوڕەوەی گەشە و بووژانەوەی ئابووریش ڕاوەستێت.

**لەم کابینەیەدا بە لانی کەمەوە ٧١٤ پرۆژە ڕەزامەندی لەسەر دراوە و ٩٦٥ ملیار دینار بۆ ئەو پرۆژەیانە تەرخان کراوە، کە زیاتر لە ٦٣٢ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە**

**پرۆژەی دروستکردنی سێ سایلۆ دەستی پێ کردووە لە کەلار و قوشتەپە (لە هەولێر) و دهۆك، کۆی توانای عەمبارکردنی ئەم سایلۆیانە بریتییە لە ٥٨٥ هەزار تەن، دووانیان تەواو بووە و ٣٧ ملیار دیناریان بۆ خەرج کراوە**

**ڕەزامەندیی لە سەر دروستکردنی ٢١ پرۆژەی بەنداو دراوە و ٣٣ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، کە ١١ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە، ئەم بەنداوانەش دوای تەواوبوونی توانای گلدانەوە و عەمبارکردنی ١٨٠ ملیۆن مەتر سێجای ئاویان هەیە**

*** کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت تەواوکەری یەکترن، ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان پڕۆژەیەکتان بۆ گرنگیدان بە هاوبەشیی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە بەرنامەتاندا بوو، ئایا ئەو پڕۆژەیە بە کوێ گەیشتووە؟**

- هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بریتییە لە گرێبەستی دوورمەودا بۆ دابینکردنی ژێرخان و خزمەتگوزاریی نوێ، یان بەڕێوەبردنی ئەو ژێرخانەی کە ئێستا هەیە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە، کە ئەمە لە گرێبەستێکەوە بۆ گرێبەستێکی دی دەگۆڕێت. لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستیەتی کە گرنگی بەم بوارە بدات لە پێناو گەیاندنی خزمەتگوزاریی زیاتر و باشتر بە هاووڵاتیان و هاوکات لەم ڕێگەیەوە دەرفەتی زیاتر بە بەشداریی کەرتی تایبەت دەدرێت، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جووڵەی ئابووری دەبێت و هەلی کاری زیاتر بۆ گەنجان و هاووڵاتیان دەڕەخسێنێت. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر فەرمانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ـەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەستی بە ئامادەکردنی ڕێنمایی و پێداویستییەکانی ئەم پڕۆگرامە کردووە، لە ئێستادا پەیڕەو و چوارچێوەی تایبەت بە هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی – کەرتی تایبەت ئامادەیە و لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە و، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لەم بوارەدا سوودی لێ ببینن، هاوکات ڕێنمایی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی – کەرتی تایبەتمان ئامادە کردووە و لە لایەن ئەنجومەنی شوراوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و، لە ئایندەیەکی نزیکدا لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند دەکرێت و، پاشان دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەم ڕێنماییە پڕۆژەی گونجاوی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی – کەرتی تایبەت جێبەجێ بکرێت. بەو هیوایەین بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە ماوەی ئەم ساڵدا ژمارەیەك پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی دەستنیشان بکەین و، لەسەر بنەمای ئەو ڕێنمایی و ئامادەسازییانەی کە کردوومانە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە ئەم پڕۆژە گرنگانە بخەینە بواری جێبەجێکردن. لێرەدا ئێمە دەتوانین ڕۆڵێکی زیاتر بە کەرتی تایبەت بدەین، ئەمەش بە مەرجێك خەڵکی هەژار لەم پرۆسەیە زیانمەند نەبن. هەروەها کڕینەوەی گەنمی جووتیاران یەکێك بوو لەو دەرفەتانەی بە کەرتی تایبەت درا، کە لە ئەم ساڵدا بە تەواوەتی ئەم پڕۆژەیەی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەلایەن وەبەرهێنانەوە گەنمەکەیان دەکڕدرێتەوە و لە پڕۆژەی بەرهەمەکانی گەنم و پیشەسازیی خۆراکدا بەکار دەهێندرێت، لە ئێستادا سایلۆ و کارگەی ئارد دروست کراوە و چیتر ئەم کەرەستە خاوە بە هەرزان نابرێتە دەرەوە و لێرە سوودی لێوەردەگرین و کەرتی بەرهەمهێنان دەبووژێنینەوە.

*** دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەمکردنەوەی خەرجی بەکارخستن سەرکەوتوو بووە، ئەی لە بواری ڕێکخستنەوە و ڕاگرتنی نەزیفی داهات تاچەند سەرکەوتوو بوون؟**

- بەڵێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەمکردنەوەی خەرجی بەکارخستن سەرکەوتوو بووە، ئەمەش نیشانەیەکی زۆر باش بوو، لە بواری داهاتەکانیشدا هەنگاوی باش نراوە بۆ ڕێکخستنەوە و کۆتاییهێنان بە قاچاخچێتی و ڕاگرتنی بەهەدەردانی سامانی گشتی، بە تایبەتی لەو شوێنانەی دەسەڵاتی حکومەتی لێ بووە، بەمەش بەو سەرچاوە داهاتەی حکومەت لەبەردەستیدا بووە، توانرا بۆ مووچە و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان خەرج بکرێت. لە دەروازە سنوورییەکان و بواری باجدا هەنگاوەکانی حکومەت ڕاست و دروست بوون و وای کردووە ئەو داهاتانە بە باشترین میکانیزم کۆ ببێتەوە، ئەمەش سەرەتای ڕێگا بوو بەوەی حکومەت تەنیا پشت بە سەرچاوەی نەوت نەبەستێت. بۆ ئەمساڵیش ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باج لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، ڕەشنووسێکمان ئامادە کردووە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج، چونکە لەو یاسا و ڕێنماییانەی کاری تێدا دەکەین لە بواری باجدا، پێویستیمان بە گۆڕانکاری هەیە، بە شێوەیەك بتوانین وەرگرتنی باج لەسەر بنەمای قازانج و مۆدێرن بێت و دادپەروەریی زیاتری تێدا بێت، واتا

**لە ئێستادا سایلۆ و کارگەی ئارد دروست کراوە و چیتر ئەم کەرەستە خاوە بە هەرزان نابرێتە دەرەوە و لێرە سوودی لێوەردەگرین و کەرتی بەرهەمهێنان دەبووژێنینەوە**

**لە بواری داهاتەکانیشدا هەنگاوی باش نراوە بۆ ڕێکخستنەوە و کۆتاییهێنان بە قاچاخچێتی و ڕاگرتنی بەهەدەردانی سامانی گشتی، بە تایبەتی لەو شوێنانەی دەسەڵاتی حکومەتی لێ بووە**

**لە دەروازە سنوورییەکان و بواری باجدا هەنگاوەکانی حکومەت ڕاست و دروست بوون و وای کردووە ئەو داهاتانە بە باشترین میکانیزم کۆ ببێتەوە، ئەمەش سەرەتای ڕێگا بوو بەوەی حکومەت تەنیا پشت بە سەرچاوەی نەوت نەبەستێت**




ئەوەی قازانج نەکات و سوودێکی زۆری لەناو کۆمەڵگە و کار و پیشە دەست نەکەوتبێت، باجی لێ وەرنەگیرێت. بێگومان حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستی نییە بە هیچ شێوەیەك بارگرانی لە سەر شانی هاووڵاتی زیاتر بکات لە بابەتی وەرگرتنی باجدا، بەڵکو مەبەستەکە ڕێکخستنەوەی سیستمی باجە و پێویستە ئەو کۆمپانییانەی کە قازانجیان زۆرە و لە ڕابردوو و ئێستا خۆیان لە باج دەدەزنەوە بە سیستمێکی ڕێك و پێك و دادپەروەرانە ناچار بکرێن بە پێی قازانجەکانیان باج بدەن، کە بێگومان سەرەنجام داهاتی باج و کۆی داهاتەکانی حکومەت لە پرۆژە و لە بەرژەوەندیی گشتی هاووڵاتیاندا بەکار دەهێندرێتەوە.

*** ئابووریی کوردستان وابەستەی ئابووریی عێراقە، بە تایبەتی لە بواری پشکی بودجەی هەرێم و شایستە داراییەکان، ئەندامێکی دانوستاندن لە گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر بودجەی ساڵی ڕابردوو بوویت. ئایا ئەگەر ئەمساڵیش ئەندامی ئەو شاندە بیت، پێشبینی دەکەیت بارودۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ وەکو ئاگادارن لە دەستپێکی کابینەکەدا یەکەم گەشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بوو، ئەمەش گەیاندنی ئەو پەیامە بوو کە ئێمە لە سەر ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان و ئەرکەکانی سەرشانمان ئامادەین کاری هاوبەش لەگەڵتاندا بکەین و، تا ئەمڕۆش ئەو دەرگایەمان دانەخستووە، بەتایبەتی بۆ ئەمساڵ ئومێدەوارین حکومەتی داهاتووی عێراق و خولی نوێی پەرلەمانی عێراق پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا دابین بکەن و لە سەر کۆی کێشەکان هەنگاوی چارەسەری پراکتیکیی گرنگ بنرێت، خۆشبەختانە تیمی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی دەچنە بەغدا و ئومێدیش زۆرە بەرهەمی ئەم تەبایی و یەکگرتووییە دووبارە دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی عێراقدا زامن بکات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو توانا داراییەی لە بەغداوە بۆمان دێت و بەوەی لە ناوخۆی هەرێمیشدا دەست دەکەوێت، خزمەتێکی شایستەی خەڵکی کوردستان بکات و، پێدانی مووچە و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و بگرە ستراتیژییەکان بەردەوامی پێ بدرێت و، هەموو ئەو نیشانە ئابوورییانەی کاری لەسەر دەکەین، هەر لە کەمکردنەوەی هەژارییەوە تاوەکو زیادکردنی دەرفەتی کار و جووڵەی بازاڕ ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە.

**تیمی هەرێمی کوردستان بە یەکگرتوویی دەچنە بەغدا و ئومێدیش زۆرە بەرهەمی ئەم تەبایی و یەکگرتووییە دووبارە دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی عێراقدا زامن بکات**

دکتۆر ئەمیر سەلیم
سەرۆکی بەشی دارایی و بانک لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ گوڵان:

# داشکانی بەهای دینار و بێ سەروبەریی بازاڕ و قۆرخکاری هەڵاوسانی نرخەکانی لێ کەوتەوە

**مانەوەی عێراق لە دۆخێکی خراپی دارایی و ئابووریدا، بۆ ناسەقامگیریی سیاسی و خراپیی بەڕێوەبردنی ئابووری دەگەڕێتەوە، کە هەرگیز لە دۆخێکی وادا وەرچەرخان ڕوونادات و، بەردەوام لە وڵاتێکی بە زۆر بە یەکەوە لکێندراودا، پێشێلکاری بەرامبەر هاووڵاتیان ڕوودەدات و، مافە نەتەوەیی و شایستە داراییەکانی هەرێمیش پەراوێز دەخرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و دۆخی ئابووری و دارایی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ئەمیر سەلیم سەرۆکی بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** زۆر باس لە خراپیی هەیکەلی ئابووریی عێراق و پشتبەستنی ئەم وڵاتە بە داهاتی نەوت و لاوازیی سێکتەرەکانی دیکەی بەرهەمهێنان دەکرێت، وەك شارەزایەکی بواری دارایی، ئایا دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت، بەتایبەتی دوای لێدوانەکەی وەزیری دارایی عێراق بەوەی لە دە ساڵی داهاتوودا وڵاتەکە تووشی قەیرانێکی سەختی دارایی دەبێتەوە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق نەیانتوانی ئەو هەموو هەلانە بقۆزنەوە و هەیکەلی ئابووریی وڵات لەو هەموو کەموکورتییە دەرباز بکەن، بەپێچەوانەوە هەرچەندە ژینگەی نێودەوڵەتی و هاوکاریی ڕۆژئاوا و بەهای نەوت و کرانەوەی ئابووریی عێراق بە ڕووی دەرەوە دەرفەتێکی زێڕینی پێ بەخشی، تا بەرەو بونیاتنانەوەی ژێرخان و ئابووریی بازاڕ هەنگاو بنێت، بەڵام پشتبەستنی زۆر بە داهاتی نەوت و گەندەڵی و سیاسەتی حزبە فەرمانڕەواکان و دەستێوەردانی دراوسێکان و هەڵەی چەوتی هاوپەیمانەکان، هەمووی ئەوانە وای کرد کە عێراق نەبێتە وڵاتێکی

خاوەن ئابوورییەکی تۆکمە و پێشکەوتوو، تا وای لێ هات لە شەڕی داعش و کۆرۆنا و دارمانی بەهای نەوتی خاودا، عێراق توانای ڕووبەڕووبوونەوەی شوێنەوارە قورسەکانی ئەو هەموو قەیرانەی نەما، تا دواجار بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە و پێدانی مووچەکان، حکومەت پەنای بۆ دابەزینی بەهای دینار بەرامبەر دراوە بیانییەکان برد، بەتایبەتی دۆلاری ئەمریکی، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی وڵات دووچاری هەڵاوسانی نرخ و گرانیی بازاڕ دەبێتەوە، ڕاستە بەرزیی بەهای نەوت یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بەم سیاسەتە چەوتەوە بەهای دراوەکەی نەشکێت، بەڵام گرەوکردن لەسەر سەقامگیریی بەهای دینار هەرگیز فاکتەرێکی بەهێز نییە تا پشتی پێ ببەسترێت، لە ئابوورییەکی بەکارهێنەر و بەکاربەری بێ بەرهەمی وەکو عێراقدا کە لە ٩٠٪ی زیاتری بودجەکەی پشتی بە داهاتی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت بەستبێت، تەنیا چارەسەرێکی کاتی دەبێت، هەرچەندە من پێم وانییە جارێکی دیکە وەزارەتی دارایی عێراق بتوانێت پەنا بۆ بەهێزکردنی بەهای دینار بباتەوە.

*** ئەگەر لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا باسێکی کورتی هەرێمی کوردستانیش بکەین، کە هەرێمێکە لە ڕووی سیاسەتی دارایی و دراوەوە بەستراوەتەوە بە سیاسەتەکانی بانکی ناوەندی و ئابووریی بەغداوە، ئایا تا چەند لەم چەند ساڵەی داهاتوودا هەنگاو بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری و هەمەجۆرکردنی، بەرەو سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی نراوە؟**

- لە ڕووی سیاسەتی دارایی و سیاسەتی دراوەوە، هەرێمی کوردستان و عێراق بە تەواوەتی پابەندی سیاسەت و پلان و بەرنامەکانی بانکی ناوەندیی عێراقن، چونکە لە سیستەمە فیدراڵییەکاندا، بەتایبەتی لە دەستووری عێراقدا سیاسەتی دارایی و دراو بە مەرکەزی بەڕێوەدەچن و، دەکەونە ژێر دەسەڵاتەکانی سەروەری و سیاسەتەکانی بانکی ناوەندیی عێراقەوە، لەم ڕووەوە بەرزکردنەوەی بەهای دینار و داشکانی دراوەکەی، کاریگەریی لە سەر ئێمەش دەبێت، هەروەکو چۆن سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی عێراق شوێنەواری ڕاستەوخۆی لەسەر ئێمەش هەیە، هەرواش ئێمە ناتوانین لە پاشکەوتەی ئابووریی عێراق بەم شێوەیەی ئێستا جیا ببینەوە، هەردوو لامان ئابوورییەکی ڕەیعی پشتبەستووین بە داهاتی نەوت و بەرزی و نزمیی بەهای نەوتی خاوەوە، ئەگەر بەهاکەی بەرز بێت، بودجەی بەکارهێنان و وەبەرهێنانمان باشە، خۆ ئەگەر بەهای نەوتی خاو نزم بێت، هەردوو لامان ڕووبەڕووی قەیرانی نەمانی سیولەی دراو دەبین و، قەیرانە دارایی و ئابوورییەکان ڕوومان تێ دەکەن، عێراق و هەرێمی کوردستان لە نەزیفی داراییدان، خەرجیەکانیان هاوشێوەی ڕێژەی



داهاتەکانیان ڕووی لە هەڵکشان نییە، ئەگەر بەراوردکارییەکی نێوان بودجەی چەند ساڵی ڕابردوو بکەین، ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەبینین.

*** باسی داشکانی بەهای دینارت کرد، باس لەوە دەکرێت کە وەزارەتی دارایی ئەم پێشنیارەی بۆ پەرلەمانی عێراق بەرز کردەوە، ئەوەش هەڵبژاردە خراپەکە بوو لە ناو چەندین هەڵبژاردەی خراپتردا، واتا بە ناچاری بوو، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- داشکاندنی بەهای دراو لە جیهاندا بۆ وڵاتێك کە ئابوورییەکی بەهێزی هەبێت و پشت بە هەناردەکانی ببەستێت، سیاسەتێکی پەیڕەو کراوە، هاوشێوەی وڵاتێکی وەکو چین، بەڵام پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لە عێراقدا بۆ خراپیی دۆخی دارایی و ئابووری گەڕایەوە، بەوەی حکومەتی عێراق توانای نەبوو کورتهێنانی بودجە پڕ بکاتەوە و، تەنانەت بووە هۆی دواکەوتنی دابەشکردنی مووچە، وەزارەتی دارایی ئەم ڕێگە و هەڵبژاردەیەی لە نێو ژمارەیەك هەڵبژاردەی خراپتردا هەڵبژارد، داشکاندنی بەهای دینار و بەرزکردنەوەی بەهای ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە ١٢٠ هەزار دینارەوە بۆ ١٤٨ هەزار دینار، زیانێکی گەورەی بە بەهای مووچەکانی مووچەخۆران گەیاند، بەهای شمەك و کاڵاکانی لە سەرجەم عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەرز کردەوە، بە واتایەکی دیکە، زیانی بە داهاتی ئەوانەش گەیاند کە کاسبن و لە کەرتی گشتیدا مووچەخۆر نین و، نرخ هەڵاوسانێکی بەرز کردەوە کە خۆی لەخۆیدا وڵات لە نرخ هەڵاوساندایە و زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ کەوتەوە، بە دیوێکی دیکەشدا حکومەتی دەرباز کرد لە مایەپووچبوونی دارایی و دواکەوتنی پێدانی مووچەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، لەگەڵ هەڵکشانی بودجەی عێراقدا کە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارە و ئامارەکان بودجەیەکی پێوانەیی نوێ تۆمار دەکات، ئەمە بەرەو لێواری گرفتی داراییمان دەبات، ڕاستە عێراق زۆر لە قەرزەکانی داوەتەوە و یەدەگی دراوی بیانیی بانکی ناوەندی ڕووی لە هەڵکشانە، لە بەرامبەردا بودجەی بەکارخستنیش ڕووی لە هەڵکشانە، گرفتەکە لەوەدایە ئەم بڕیارانە بە بێ هیچ دیراسەیەکی ئابووری دەردەکرێت، ڕەچاوی ئەگەرەکانی دابەزینی بەهای نەوت و زیادبوونی ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینان و هەڵکشانی بەهای تێچوونی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی کەرەستە و زیادبوونی تێچوونی پڕۆژەکان ناکرێت، لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا عێراق پلانی تۆکمەی وای دادەنا، تەنانەت لە کاتی دروستکردنی قوتابخانەیەك و بنکەیەکی تەندروستی و شەقام و ڕێگاوبانێکدا، ڕەچاوی لانیکەم ٢٥ ساڵی داهاتووی دەکرد، لە ئێستادا پلان و بەرنامەکانمان تەنانەت بۆ کورتمەوداش ناگونجێن، ڕاستە لە زۆر ڕووەوە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆیە، بەڵام لە کاتێکدا کە پلان و بەرنامە و یاسا و بڕیارەکان دەردەکەین، دەبێت ئاگادار و ڕەچاوی سیاسەتە دارایی و ئابوورییەکانی عێراقیش بین، چونکە تا ئێستا نەمانتوانیوە لە پاشکەوتەی ئابووری و، لانیکەم لە شوێنەوارە خراپەکانی ئابووری ڕزگارمان بێت. بازاڕەکانی عێراق و کوردستان بازاڕی بێسەروبەرن و هیچ خەسڵەت و سیمایەکی ئابووریی بازاڕیان تێدا نییە کە کێبڕکێی تێدا بێت، بەپێچەوانەوە قۆرخکاری و فرتوفێڵی تێدایە، هەر بۆیە نرخەکان بەم شێوەیە ڕووی لە هەڵاوسان کردووە.

*** هەمووان لە چاوەڕوانی دەرئەنجامی گفتوگۆکانی دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقدان، گومانی تێدا نییە پرسە ئابوورییەکانیش لایەنێکی سەرەکیی ئەم گفتوگۆیانە دەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، تاچەند گرنگە کورد گرنگی بە پرسە ئابوورییەکان بدات؟**

- پرسی پشکی کورد لە بودجە و دەروازە سنوورییەکان و سیاسەتی نەوت و غاز و دەیان دۆسیێ دیکەی وەك بەشە خۆراك و دەرمان و شایستە داراییەکانی جووتیاران و ڕێککەوتن لە سەر باج و ڕسومات و یەکخستنی سیاسەتی گومرگی و قەرەزە دەرەکییەکان و خەرجی سیادی و...هتد، هەمووی کۆمەڵە پرسێکی گرنگی دارایی و ئابووریی هاوبەشن لە نێوان ناوەند و هەرێمدا، دانوستانەکانی نێوان شاندی کوردستانی و لایەنی عێراق گشتگیرە

**عێراق و هەرێمی کوردستان لە نەزیفی داراییدان، خەرجیەکانیان هاوشێوەی ڕێژەی داهاتەکانیان ڕووی لە هەڵکشان نییە، ئەگەر بەراوردکارییەکی نێوان بودجەی چەند ساڵی ڕابردوو بکەین، ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەبینین**

**داشکاندنی بەهای دراو لە جیهاندا بۆ وڵاتێک کە ئابوورییەکی بەهێزی هەبێت و پشت بە هەناردەکانی ببەستێت، سیاسەتێکی پەیڕەو کراوە، هاوشێوەی وڵاتێکی وەکو چین، بەڵام پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لە عێراقدا بۆ خراپیی دۆخی دارایی و ئابووری گەڕایەوە، بەوەی حکومەتی عێراق توانای نەبوو کورتهێنانی بودجە پڕ بکاتەوە**

**لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا عێراق پلانی تۆکمەی وای دادەنا، تەنانەت لە کاتی دروستکردنی قوتابخانەیەک و بنکەیەکی تەندروستی و شەقام و ڕێگاوبانێکدا، ڕەچاوی لانیکەم ٢٥ ساڵی داهاتووی دەکرد، لە ئێستادا پلان و بەرنامەکانمان تەنانەت بۆ کورتمەوداش ناگونجێن**



و دەبێت هەموو لایەنێك بگرێتەوە، لە پێش هەمووشیانەوە لایەنی ئابووری، چەند بە ئابوورییەکی بەهێزەوە بچینە بەغدا، ئەوەندە شاندی دانوستاندکار دەنگی بەهێزتر دەبێت و، بگرە دەبێت بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لە نێوان کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکاندا وەکو ستراتیژێك سەیری بکرێت و، کارئاسانی بۆ بکرێت و هەنگاوی جددیی بۆ بنرێت. کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێم چاوخشاندنەوەیەك بە کۆی سیاسەت و بەرنامە ئابوورییەکانی خۆیدا بکات و وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە؛ ئایا عێراق و ئابوورییەکەی شایەنی ئەوەن پشتیان پێ ببەستین؟ بێگومان نەخێر، عێراق وەکو دەوڵەتێکی دواکەوتوو و ناسەقامگیر کە ئابوورییەکی داڕماوی هەیە، شایەنی ئەوە نییە کورد پشتئەستوور بێت بە داهاتوویەکی پرشنگدار لەو وڵاتەدا، ڕەنگە لە مەودایەکی نزیکدا نەتوانین کەرتە بەرهەمهێنەکانی پیشەسازی بخەینە سەر ڕێڕەوی خۆی، بەڵام خۆ دەتوانین لە بواری پەرەپێدانی پڕۆژەی بچووکدا هەلی کار بۆ سەدان گەنج و دەرچووی زانکۆکان بدۆزینەوە، خۆ ئێمە پڕۆژەی قەرزی بچووکمان هەبوو، دەکرێت بە شێوازێکی نوێ و دیدگایەکی هاوچەرخانە چالاك بکرێتەوە، هەر خۆی لەخۆیدا کاری تایبەت و کاسبی لە سەر بنەمای کاری جددی و بووژانەوە و پەرەپێدان دامەزراوە، ئەوەی ئەمڕۆ دووکانێکی دارتاشی دەکاتەوە، سبەی پەرەی پێ دەدات و دەیکاتە کارگەیەکی بچووك، لە شارێکی وەك هەولێردا بازاڕی دارتاشەکان و ئاسنگەرەکان و پیشەوەرەکان گەورەترین بازاڕ و زۆرترین هەلی کاری تێدا بوو، کێ ڕووی لە دامەزراندن دەکرد، لە ئێستادا باج و ڕسوماتەکان بە هاوشێوەی کاری بازاڕ و خزمەتگوزارییەکان نییە، کاتی ئەوە هاتووە چاوخشاندنەوەی پێدا بکرێت، وا بڕوات کار و جموجووڵی بازاڕ و ئابووری لاواز و سست دەبێت و، دواجار زیانی بۆ کۆی باج و ڕسوماتەکانیش دەبێت. یەکێك لە گرفتەکانی نەبوونی سیولە بۆ مووچە، بۆ نەبوونی پارەی بەردەست دەگەڕێتەوە لە بانکەکاندا، کە لە غیابی متمانە و حکومەتێکی قەرزار ئەم واقیعە تاڵە ڕوو دەدات، خۆ ئێمە لە بواری وەبەرهێناندا لە بانکە ئەهلییەکاندا و لە ڕووی سیاسەتی داراییەوە تۆزێك مەجالمان هەیە و دەکرێت ببینە خاوەن بانکێکی ئەهلی بە خەسڵەتێکی نیشتمانی و، یەدەگی دراومان هەبێت و بەوەش تا ڕاددەیەکی باش لە گرفتی بێ پارەیی ناو بانکەکان دەربازمان دەبێت.

**بازاڕەکانی عێراق و کوردستان بازاڕی بێسەروبەرن و هیچ خەسڵەت و سیمایەکی ئابووریی بازاڕیان تێدا نییە کە کێبڕکێی تێدا بێت، بە پێچەوانەوە قۆرخکاری و فرتوفێڵی تێدایە، هەر بۆیە نرخەکان بەم شێوەیە ڕووی لە هەڵاوسان کردووە**

# ئازادیی ڕۆژنامەوانی و بیروڕا لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە..

# هەرێمی کوردستان بە نموونە

قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە پێویستی بەوە هەیە کە ئاماژەیەك بە ڕێکخراوی یونسکۆ بکەین، کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، گرنگیی بە بابەتی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و بیروڕادەربڕین داوە، ئەم گرنگیپێدانە خۆی لە خاڵێکدا دەبینێتەوە، ئەویش پێکهێنانی لیژنەیەك بوو بۆ دیراسەتکردنی کێشەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و بیروڕادەربڕین، سەرەتا لیژنەکە پێناسەیەکی بۆ ئەم بابەتە دەستنیشان کرد، بۆچوونی ئەم ڕێکخراوە لەوەدا ئەوە بوو، کە ڕاگەیاندن ئامرازێکی سیاسی و هێزێکی ئابوورییە، لە هەمان کاتدا دەستکەوتێکی پەروەردەییە، هاوکات بزوێنەرێکی کولتوورییە و بە میکانیزمەکانی تەکنەلۆژیا ئامانجەکانی دەپێکێت، لە بەردەوامیی کارەکانیدا لیژنەکە جەختی لەوە کردەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئەوەی دووپات کردووەتەوە، کە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و بیروڕادەربڕین، وەك مافێکی بنەڕەتیی مرۆییە، لە هەمان کاتیشدا میراتگری هەموو ئەو ئازادییانەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان کار لە پێناویاندا دەکات، لەو ڕوانگەیەوە ماددەی(١٩) لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا، کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕا و باوەڕپێکردن و وەرگرتنی زانیاری و گواستنەوەی هەیە، بە هەموو شێوازێك، تەنانەت بە ڕەچاونەکردنی سنوورەکانیشەوە، هەروەها ماددەی (١٩) لە ڕێککەوتنی مافی نێودەوڵەتیی مەدەنی و سیاسیی ساڵی ١٩٦٨، ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو هاووڵاتییەك مافی ڕادەربڕین و وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاریی هەیە، چ بە شێوەی زارەکی بێت، یان بە نووسین، لە هەر فۆرمێکی تەکنیکیدا بە ڕەچاوکردنی هەندێ لە پرەنسیپە یاساییەکان کە پەیوەستن بە ڕێزگرتن لە مافی ئەوانی دیکە و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، یان سیستمی گشتی و تەندروستی و ئاکاری گشتییەوە.

**ڕاگەیاندن ئامرازێکی سیاسی و هێزێکی ئابوورییە، لە هەمان کاتدا دەستکەوتێکی پەروەردەییە، هاوکات بزوێنەرێکی کولتوورییە و بە میکانیزمەکانی تەکنەلۆژیا ئامانجەکانی دەپێکێت**



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

گرنگیدانی ڕێکخراوی یۆنسکۆ بەم مەسەلەیە لەو ڕوانگەیەوەیە، چونکە بە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت، لە بەر ئەوەی پەیوەندیی بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و ڕاگەیاندنەوە هەیە، هەر چەندە زۆر پسپۆڕ نییە لە بواری ڕاگەیاندن، بەڵام کار لەسەر لایەنە شارستانییەکان دەکات، بۆیە بەرنامەیەکی داناوە بە ناوی (بەرنامەی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی ڕاگەیاندن) کە لە داهاتوودا باس لە دیراسەتی سیستمی ڕاگەیاندن و دادپەروەریی ئەم بوارە بکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ڕاگەیاندن ئامرازێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لە ناو دەوڵەتاندا کاریگەرە و شێوازی جۆراوجۆری هەیە، وەك خوێندراو و بیستراو و بینراو، جگە لەمەش خودی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا شێوازەکانی دیکەی پێشکەوتنی هێنایە کایەوە، کە بە (ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی) ناسراوە.

بۆچوونی جیاجیا هەروەها تیۆری جیا هەیە بۆ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، ئەم تیۆرانە باس لە ئازادی و دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەکەن، هەر چۆن بێت، ئازادیی ڕۆژنامەگەری پێویستی بە ڕێکخستنێکی دەستووری و یاسایی هەیە، تا بزانین چەند کاریگەرە، زۆر جار باس لە ڕاگەیاندن دەکرێت کە دەسەڵاتی چوارەمە، چونکە پەیوەستە بە ئازادیی دیموکراسی و ڕای گشتی و سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی.

هەر چەندە مەسەلەی دەسەڵاتی چوارەم و ڕاگەیاندن پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتن و پەرەسەندنی جیهانی لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەگەر بمانەوێت باس لە ڕاگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمە لایەنی زانیاری و نهێنی هەیە، ئەم دوو لایەنەش ڕەنگە هاودژییەك پەیدا بکەن لەگەڵ ئازادیی هاتنە کایەی ڕاو زانیارییەکاندا، بۆیە ڕێکخستنی دەستووری و یاسایی بۆ ئازادیی

**ئازادیی ڕۆژنامەگەری پێویستی بە ڕێکخستنێکی دەستووری و یاسایی هەیە، تا بزانین چەند کاریگەرە**

**زۆر لە مەسەلەکانی پەیوەست بە نهێنییە سەربازی و ئەمنییەکان و، تا ڕادەیەک ئامار و ئابووری، دەکرێ ڕاگەیاندن لە بەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی نەتوانێت بڵاویان بکاتەوە، ڕەنگە هاودژییەک هەبێت لەگەڵ پرەنسیپی ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەگەریدا، کە یەکێکە لە بنەماکانی ژیانی دیموکراسیی دەوڵەت**

ڕۆژنامەگەری، سەرەتا جۆرە سانسۆرێکی لە سەرە، ئەم سانسۆرە لەوانەیە پێشوەختە بێت، یان دوای بڵاوبوونەوە، وەك لە زۆر لە یاساکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتاندا ئاماژەیان پێ کراوە، لەو ڕوانگەیەوە و لەبەر ڕۆشنایی نهێنییەکانی زانیاریی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەییەوە، سانسۆری ڕاگەیاندن تایبەتمەندیی خۆی هەیە، زۆر لە مەسەلەکانی پەیوەست بە نهێنییە سەربازی و ئەمنییەکان و، تا ڕادەیەك ئامار و ئابووری، دەکرێ ڕاگەیاندن لە بەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی نەتوانێت بڵاویان بکاتەوە، ڕەنگە هاودژییەك هەبێت لەگەڵ پرەنسیپی ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەگەریدا، کە یەکێکە لە بنەماکانی ژیانی دیموکراسیی دەوڵەت، بۆیە دەبێت هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان ئازادیی بڵاوکردنەوە و ئەو زیانانەی بەر بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەون، ئەمە بە ڕوونی و بە جوانی لە مەسەلەکانی بەرگریی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە و بڕیارەکاندا کە لایەنی نهێنییان تێدایە، بەدەردەکەوێت، بۆیە لە زۆربەی وڵاتاندا بەپێی یاساکانیان پێش بڵاوکردنەوە پەنا بۆ شارەزا دەبرێت، یان جۆرە ڕەزامەندییەکی یاسایی، یان کارگێڕی پێویستە، ئەمەش بە چاودێریی دادگاکان ئەنجام دەدرێت. لە هەمان کاتدا سانسۆری ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە زۆر شێوازی دیکە لەخۆ دەگرێت، وەك وەرگرتنی ڕا و دیداری تایبەت و بەرنامە لە سەر بابەتەکان، یان وۆرك شۆپ و دیالۆگی هەمەجۆر. لە سەر ئەم بنەمایە پەیوەندیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و بیروڕا و ئاسایشی نەتەوەیی، بە پێی سرووشتی سیستمە سیاسییەکان و دیدیان بۆ ڕۆژنامەگەری و ئازادیی بیروڕا دەگۆڕێت و، لەبەر ڕۆشنایی هەندێ سیاسەتدا دەبن، هەروەها سیاسەتگەلیش هەن کە بۆچوونی خۆیان هەیە بۆ ئازادیی بیروڕاو ڕۆژنامەگەری.

ئەگەر باس لە پەیوەندیی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ڕاگەیاندن بکەین، دەتوانین لە دوو ڕوانگەوە سەیری بکەین، ئەگەر لە ڕوانگەی ئاسایشەوە سەیری ڕاگەیاندن بکەین، دەڵێین کە دوو پرەنسیپ هەیە، ئەویش پرەنسیپی ئازادیی بڵاوبوونەوەی زانیاری و پرەنسیپی مافی وەرگرتنی زانیاری، هاوکات پرەنسیپەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە وا سەیری ڕاگەیاندن دەکرێت، کە تا چەند لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان ئازادن و چۆن بپارێزرێن، لە لای خۆیەوە ڕاگەیاندن بە شێوازێکی دیکە سەیری ئاسایش دەکات، کە زانیاریی ئەمنی بڵاوبکرێتەوە، یان هۆشیاریی ئەمنی پەیدا بکرێت، یانیش ئاشناکردنی هاووڵاتیان بە دەزگا و یاسا ئەمنییەکان، بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکاندا مەسەلەکە زۆر گرنگ دەبێت، بۆیە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و بیروڕادەربڕین و ئاسایشی نەتەوەیی تەواوکەری یەکدین، کە لە ئەدەبیاتی ئاسایشدا پێی دەگوترێت: «چارەسەری تەواوکەر».

ئەمە دەروازەیەك بوو بۆ ئەوەی باس لە هەرێمی کوردستان بکەین. دیار و ئاشکرایە کە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەرێمی کوردستان حوکمڕانییەکی نموونەیی بەخۆیەوە بینی لەسەر ئاستی ناوچەکە، سەرەتا دەست کرا بە خۆڕێکخستنەوەی ئیداری و پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی دەزگاکان و دەرکردنی یاساکانی پەیوەست بە حزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان و زۆر یاسای دیکە، ئەمە هەنگاوێك بوو بۆ دروستکردنی فەزایەکی ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەگەری، ئایدیۆلۆجیەتی ئەو کاتیش پێش سی ساڵ فرە و زۆر بوون، لەوانە ئایدیۆلۆجیەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی دیموکراسی و چەپڕەوی و ئایینی و عەلمانی، جگە لە جموجوڵێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ دامەزراندنی ژمارەیەك لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆ و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاردا، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند وێستگەیەکی تاڵ، وایان کرد کە ئەم فەزایە تا ڕادەیەك سنووردار بکرێت، کە کاریگەریی نەرێنییان هەبوو بۆ سەر ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەگەری، وێستگەکان زیاتر پەیوەست بوون بە شەڕی نەگریسی ناوخۆ، جگە لەمەش هەر شتێك ئەگەر ئاماژەی پێ بکرایە، دەبوایە پەیوەست بێت بە نهێنییەکان و بنەماکانی ئاسایش و بوونی چاودێری.

بەهەر حاڵ ئەگەر بەراوردی هەرێمی

**دەبێت هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان ئازادیی بڵاوکردنەوە و ئەو زیانانەی بەر بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەون**

کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر بکەین، دەبینین کە پانتاییەکی فراوانی فەزای ئازادیی بیروڕاو ڕۆژنامەگەری تێدایە، بە تایبەتیش دوای ئەو ڕێکار و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییانەی بواری ڕاگەیاندن کە لە کوردستان هاتنە دی، ئەو کات لە ڕووی کادیری ڕاگەیاندنەوە ژمارەیان زۆر کەم بوو، هەروەها دەرچوو و پسپۆڕی ئەکادیمی نەبوون، بەڵام ئەزموونێکیان لە ڕاگەیاندن پەیدا کردبوو، دواتر بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی کوردستان کرانەوە، دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان خولیان کردەوە و ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە پێگەیاندنی نەك هەر کادیری بواری خوێندراو، بەڵکو بیستراو و بینراویش.

لە هەرێمی کوردستان دەزگایەك هەیە بۆ پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و بیروڕا، سەرەتا یاسای حزبە سیاسییەکان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە کوردستان دەرچوو، ئاماژەی بەوە کرد کە حزبی سیاسی ڕاگەیاندنی خۆی هەیە، بە ڕەچاوکردنی هەندێ بنەما و پرەنسیپە دیموکراسییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی خاڵی وەرچەرخان و گرنگ بوو، دەرچوونی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە(٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بوو، کە بریتییە لە نزیکەی (١٤) مادده، سەرەتا لە ماددەی(٢)دا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە مەسەلەی ڕۆژنامەگەری ئازادە و سانسۆری لەسەر نییە، ئازادیی بیروڕا هەیە، هەر هاووڵاتییەك لە ڕوانگەی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکان و تایبەتمەندیی ژیاندا بە پێی یاساو پەیڕەوکردنی ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەگەری وەك ئەوەی لە میساقی شەرەفی ساڵی ١٩٥٤ی فیدراڵییەتی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی پێ کراوە، ئازادە، لە هەمان ماددەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕۆژنامەنووس مافی هەیە زانیارییەکان بەدەست بهێنێت، ئەوانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندیی گشتی و، بە پێی یاسا پێویستیشە ڕۆژنامەنووس ئەم زانیارییانە بپارێزێت، ئەم یاسایە مافی ئەوەشی داوە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت دەرچوونی ڕۆژنامە قەدەغە بکرێت، یان دەستی بەسەردا بگیرێت لە هەرێمی کوردستان.

ئەوەی گرنگە ماددەی(٦) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرپرسیارێتیی یاسایی هەیە لەسەر ئەو ڕۆژنامەیانەی زانیاریی نادروست بڵاودەکەنەوە، ماددەی (٧)ی ئەم یاسایەش کە گرنگە، ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە و تەنیا یاسا لە کارەکانی خۆیدا لێی بەرپرسیارە، لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی خۆی و زانیارییەکاندا لێپێچینەوەی لێ ناکرێت و دەشتوانێت سەرچاوەکانی زانیاریی خۆی ئاشکرا نەکات، لە هەمان کاتدا مافی ئەنجامدانی چالاکیی هەیە، تەنانەت بەپێی ئەو یاسایە هەر کەسێك ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووس ببێتەوە، لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت، وەك چۆن ڕووبەڕووی فەرمانبەرێك دەبێتەوە، بەپێی ماددەی(٨) بە بێ ئاگاداریی سەندیکا هیچ کارێك بەرانبەر ڕۆژنامەنووس ناکرێت، تەنانەتماڵیشی ناپشکێندرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ناکرێت، تەنیا بە بڕیاری دادگا نەبێت، کە دەبێت سەندیکاش لەمە ئاگادار بێت.

لە هەمان کاتدا لەم یاسایەدا ئاماژە بە زۆر پرەنسیپی گرنگ کراوە، کە هەر شتێك لەژێر دەستی ڕۆژنامەنووس بێت، نابێتە بەڵگە، بەڵکو دەبێت بۆی بپارێزدرێت، چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووس گەڕانە بە دوای زانیاریدا، تەنانەت ئەگەر نەوەد ڕۆژ بە سەر هەر نووسین و زانیارییەکیدا کە بڵاوی بکاتەوە، ڕەت ببێت، مافی لێپرسینەوەی لەگەڵدا نییە، بەڵام ماددەی(٩) ئاماژە بە سزاو پێبژاردن دەکات بۆ ڕۆژنامەنووس ئەگەر بابەتێکی بڵاوکردەوە کە ببێتە هۆی پەیدابوونی هاودژی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، یان دژ بە پرەنسیپەکانی ئایین و نیشتمان، یانیش بابەتێك بێت بە زانیاریی ژیانی تایبەتیی هاووڵاتیان، یان تەشهیرکردن بە خەڵك و پێشێلکردنی میساقی شەرەفی فیدراڵیی نێودەوڵەتی، هەروەها بەپێی ماددەی (١٠)، ئەم یاسایە بە سەر بڵاوکراوەکانی زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیدا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام بەپێی ماددەی (١١) هەر زانیارییەك لە سەرچاوەکانی دەرەوەی هەرێم وەرگیرا و بڵاوکرایەوە، ئەوا تووشی لێپرسینەوە دەبن.

ئەم یاسایە خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێك بوو. دەمەوێ ئاماژە بە نووسەرێکی ئێرانی

**دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەرێمی کوردستان حوکمڕانییەکی نموونەیی بەخۆیەوە بینی لەسەر ئاستی ناوچەکە، سەرەتا دەست کرا بە خۆڕێکخستنەوەی ئیداری و پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی دەزگاکان و دەرکردنی یاساکانی پەیوەست بە حزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان و زۆر یاسای دیکە**

**سانسۆری ڕاگەیاندن لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە زۆر شێوازی دیکە لەخۆ دەگرێت، وەک وەرگرتنی ڕا و دیداری تایبەت و بەرنامە لە سەر بابەتەکان، یان وۆرک شۆپ و دیالۆگی هەمەجۆر**



**ئەگەر بەراوردی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر بکەین، دەبینین کە پانتاییەکی فراوانی فەزای ئازادیی بیروڕاو ڕۆژنامەگەری تێدایە**

بکەم کە ناوی (ماشاڵلا شەمس ئەلواعزین)ـە، سەرۆکی سەنتەرێکی دیراسات و توێژینەوە بوو، کاتێ سەردانی کوردستانی کرد، گوتی: ئێوە یاسایەکی بەرچاو و پێشکەوتووتان هەیە، دەبێت بیپارێزن، بەڵام ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ئێرانییە ئێستا لە زینداندایە، چونکە یەکێکە لە ڕیفۆرمخوازانی ئێران، کە لە سەرەتای دەیەکانی ئەم سەدەیە زیندانی کراوە.

یاسایەکی دیکە دەرچوو لە هەرێمی کوردستان ئەویش یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن بوو لە هەرێمی کوردستان، بە ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٨، مەبەست ئەنتەرنێت و بەریدی ئەلکترۆنی و ئەم بابەتانەیە، کە ئەگەر خراپ بەکارهێنران، بە شێوەیەك کاریگەریی نەرێنی هەبێت بۆ سەر مافی هاووڵاتیان، ئەوا کەسی ئەنجامدەر سزای بەسەردا دەسەپێندرێت، ئەم یاسایە گرنگ بوو، ئەرکی زۆری خستە سەر ئەو کۆمپانییانەی کە پەیوەستن بە ئامێرەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان و، ئێستاش لە لایەن دادگاکانەوە جێبەجێ دەکرێت.

بە گرنگی دەزانم ئاماژە بە دوو یاسای دیکەی گرنگ بکەم لە هەرێمی کوردستان، ئەویش یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١١، ئەم یاسایە لە بواری ئازادیی ڕۆژنامەگەریدا چەند خاڵێکی گرنگی تێدایە کە پەیوەستن بەم بابەتە، پرەنسیپەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و بنچینە و پرەنسیپە دەستووری و یاساییەکان، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان، ئەوانەی کە مەترسیدارن بۆ ئاسایشی هەرێم، پاراستنی هەرێم لە تاوانی مەترسیدار، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و زۆر بابەتی دیکە کە لە دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنەدایە.

بەپێی یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١١ی یاسای دەزگای ئاسایشی گشتیی هەرێم، دەزگاکانی ئاسایش دەسەڵاتیان هەیە لە ڕوانگەی ئەوەی پەیوەستە بە قەوارەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و دەربڕینی بیروڕا، ئەویش پاراستنی ئازادییەکانی گشتی و تایبەت بە پرەنسیپە دیموکراسییەکانی مافی مرۆڤ و ئاسایشی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی



هەرێم، هاوکات کەسایەتی و پاراستنی ئاسایشی کاری سیاسی و پیشەیی و کولتوور و کەلەپووری هەمــوو پێکهاتــەکان لــە کوردســتان، کۆکردنــەوەی زانیــاری و چاودێریکردنــی ئــەو جموجووڵانــەی کــە دژ بــە ئاسایشــی هەرێمــی کوردســتانن، بەجێهێنانــی ســەقامگیریی و ئاسایشــی کۆمەڵایەتــی، شــتێکی گرنگتر کە بریتییە لە پاراستنی ئەمن و نهێنیی ئامێرەکانی هاتوچۆ و بابەتی دیکە، بە پێی ئەم دوو یاسایە دەزگاکانی ئەمن دەسەڵاتیان هەیە کە کار لەسەر ئەم لایەنە بکەن.

یاسایەکی دیکەی گرنگ لەم ڕوانگەیەوە لە کوردستان دەرچوو، ئەویش یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٣ یە، ئەم یاسایە زۆر خاڵی گرنگی تێدایە، لە ڕوانگەی نزیکەی(٢٢) ماددەوە ئاماژەی بە مافی وەرگرتنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی کردووە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە زۆر گرنگە، ئاماژەکردنە بە ماددەیەك، ئەویش ماددەی(١٤) ی یاساکەیە، ئەو زانیارییانەی کە پەیوەستن بە نهێنیی تایبەت بە بەرگری و ئاسایشی هەرێم، یان ئەو زانیارییانەی ئاشکرا دەبن و کاریگەرییان هەیە بۆ سەر ڕێڕەوەی ژیانی سیاسی لە هەرێم، یان ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە لە هەندێ مەسەلە، یان پێشێلکردنی کێبڕکێی ڕەوا، یان مافەکانی دانەر و زانیاریی دۆسیێی کەسەکان، کە تایبەتن بە خوێندن، پزیشکی، فەرمانبەریێتی، یان ژمێرە بانکییەکان، یانیش نهێنییە پیشەییەکان، بەدەر لەمانە مافی وەرگرتنی زانیاریی هەیە بەپێی هەندێ میکانیزمی ئەم یاسایە، لە دەرئەنجامدا دەگەینە چەند ڕاستییەك دەربارەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و دەربڕینی بیروڕا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەبێت هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان ئەو ئازادییە و بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا، لەو ڕوانگەیەوە کە هیچ لایەنێك بەسەر لایەنەکەی دیکەدا زاڵ نەبێت و ڕەچاوی هەردوولا بکرێت، ئەوەی چاودێرە بۆ ئەم مەسەلەیە دەزگا پەیوەندیدارەکانە، بەڵام بڕیاری یەکەم و کۆتایی بۆ دادگا دەگەڕێتەوە، کە بەپێی پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری تەنیا یاسا بەسەریدا سەروەرە، ئەو دەتوانێت هەموو کێشەیەك کە لەم ڕووەوە ڕوودەدات، چارەسەری بۆ دەستنیشان بکات.

**ئەگەر بمانەوێت باس لە ڕاگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمە لایەنی زانیاری و نهێنی هەیە، ئەم دوو لایەنەش ڕەنگە هاودژییەک پەیدا بکەن لەگەڵ ئازادیی هاتنە کایەی ڕاو زانیارییەکاندا**



## زەردەشت عەبدولخاق سەرسام

بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەمساڵ دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕیسایکڵینی ئاوەڕۆی پارێزگای هەولێر دەکرێت

**یەکێك لەو پرۆژە ستراتیژی و گرنگانەی بڕیارە لە هەولێر تەندەرینی بۆ بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بریتیە لە پرۆژەی ڕیسایکلینی ئاوەڕۆی ئەم شارە، وردەکارییەکانی پەیوەست بەم پرۆژەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ زەردەشت عەبدولخالق سەرسام بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر.**

*** چەندین ساڵە باس لەوە دەکرێت کە پێویستە پرۆژەی ستراتیژیی ئاوەڕۆی قورسی هەولێر جێبەجێ بکریت، ئایا ئەم پرۆژەیە کە ماستەرپلانەکەی چەندین ساڵە تەواو بووە، بە کوێ گەیشتووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێکی هەستیارە، پرۆژەی ڕیسایکلینی ئاوەڕۆی پارێزگای هەولێر لە کۆتایی مانگی یەکی ئەمساڵ دەکەوێتە بواری تەندەرین، ئەو پرۆژەیەش لەلایەن ڕێکخراوی جایکای یابانی و لەسەر ئەو قەرزەی دراوە بە عێراق جێبەجێ دەکرێت، و ئەو بودجەیەی بۆ یەکێك لە بەشەکانی تەرخان کراوە، کە لە خۆی لە هەشت بەش پێکدێت، بریتییە لە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار و هەروەك وتمان ڕێکخراوی جایکای یابانی تەرخانی دەکات، هەر خۆیشی کاری تەندەرینی بۆ دەکات، کۆمپانیا یابانییەکانیش بەشدار دەبن لەم تەندەرینەدا و خۆیان کارەکان جێبەجێ دەکەن. پێشبینی دەکەن کە لە مانگی چواری ئەمساڵدا ئەم پرۆژەیە بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، لە بەر ئەوەی لە مانگی یەك و دوو تەندەر و ئیحالە دەکرێت و لە مانگی چوار پرۆژەی ڕیسایکلینی ئاوەڕۆی پارێزگای هەولێر دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، ماوەکەشی بریتییە لە سێ ساڵ، دوو ساڵ دروستکردنە و ساڵی سێیەمیش چاککردنەوە و درێژەپێدانە. دوای ئەوەش ڕێکخراوی جایکای یابانی بڕیاری ئەوە دەدات، ئایا قۆناغی دووەم و سێیەم و چوارەم جێبەجێ دەکات، یان نا. ئێمە دەزانین تا ئێستا ئاوەڕۆی هەولێر لەسەر سیستمی بیر و حەوز ڕۆیشتووە. واتە لە ساڵانی حەفتاکانەوە تا ئێستا لە ماڵەکان و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و باڵەخانەکان هەر بەم شێوازە ڕۆیشتووە. واتە تا ئێستا ئەو ئاوەڕۆیەی لە هەولێر هەیە، هەر تەنها ئاوەڕۆی بارانە، کە ئاوی سەر شەقام و شۆستە و ئەو ئاوەی لە باڵەخانەکانەوە دێنەخوارەوە، واتە هەولێر ئاوەڕۆی قورسی نییە، ئەمەش یەکەم پرۆژەیە کە لەم ڕووەوە بۆ شاری هەولێر بکرێت. دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیەش لە گەڕەکی نەورۆز دەبێت و ئەم گەڕەکە ئاوەڕۆی قورسی بۆ دەکرێت و ئەم ئاوەڕۆ قورسەش دەچێتەوە لای تورەق کە وێستگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆکە لە تورەقە و وێستگەیەکی گەورەیە کە لە هەشت بەش پێکدێت، ئەو ئاوەش بەرەو گوێڕ و ڕووبار دەڕواتەوە، خۆشبەختانە ئەو ئاوەی چارەسەر دەکرێت، ئاوێکی پاکە و بگرە دەگاتە ئاستی ئاوی خواردنەوە کە زیاتر بۆ کاری کشتوکاڵی بەکار دەهێنرێت.

*** کێشەیەکی دیکەی ئاوەڕۆی هەولێر، گیرانی مەنهۆڵەکان و دزین و بردنی سەری مەنهۆڵەکانە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئاوەڕۆکان بگیرێن، ئایا چۆن مامەلە لەگەڵ ئەم کێشەیە دەکەن و هەڵمەتی پاککردنەوەی مەنهۆڵەکان کەی دەست پێ دەکەن؟**

- هەموو ساڵێك لە وەرزی پاییز لە١٥ی مانگی ٩دا دەست دەکرێت بە پاککردنەوەی گشت چەپەرە و مەنهۆڵەکان تا دەگاتە ئەو ئاوەڕۆیانەی کە دەگیردرێن، ئەمەش بۆ خۆئامادەکردنە بۆ وەرزی زستان و بارانبارین. سەبارەت بە بردنی سەری مەنهۆڵەکان کە ئەو کەسانەی دەیبەن، نازانن گرنگیی ئەو سەرە مەنهۆڵانە چییە و بەم شێوەیە کێشەیەك بۆ هاووڵاتیان دروست دەکەن، لەوانە منداڵ و خەڵك دەکەونە ناو مەنهۆڵەکان و زامدار دەبن. هەروەها ئەو سەرە مەنهۆڵانە بە پارەیەکی زۆر دەکڕدرێن و بردنیان زەرەر و زیانێکی زۆری بۆ خۆیان و هاووڵاتیان بە گشتی هەیە. بە هۆی دزین و بردنی ئەو سەرە مەنهۆڵانە جۆرەها زبڵ و خاشاك دەچێتە ناو مەنهۆڵ و ئاوەڕۆیەکان و لە ئەنجامدا ئاوەڕۆیەکە دەگیردرێت، بەوەش ئاوی

**هەموو ساڵێک لە وەرزی پاییز لە١٥ی مانگی ٩دا دەست دەکرێت بە پاککردنەوەی گشت چەپەرە و مەنهۆڵەکان تا دەگاتە ئەو ئاوەڕۆیانەی کە دەگیردرێن، ئەمەش بۆ خۆئامادەکردنە بۆ وەرزی زستان و بارانبارین**

**ئەو سەرە مەنهۆڵانە بە پارەیەکی زۆر دەکڕدرێن و بردنیان زەرەر و زیانێکی زۆری بۆ خۆیان و هاووڵاتیان بە گشتی هەیە**

**بە هۆی دزین و بردنی ئەو سەرە مەنهۆڵانە جۆرەها زبڵ و خاشاک دەچێتە ناو مەنهۆڵ و ئاوەڕۆیەکان و لە ئەنجامدا ئاوەڕۆیەکە دەگیردرێت**







ئاوەڕۆکان دەگەڕێتەوە سەر شەقام و کۆڵان و ناو ماڵەکان کە ئەمەش وا دەکات خەڵك و هاووڵاتیان تووشی زەرەر و زیان ببن.

*** سەبارەت بە ئاوەڕۆی باران، ئەمسال دەرکەوت کە ئاراستەی ئاوەڕۆکان بە هۆی چەند پرۆژەیەکەوە گۆڕاوە وئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دوو لافاوی گەورە لە هەولێر روو بدەن، ئێوە وەك بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەڕۆکانی هەولێر، چ ڕێوشوێنێکتان بەرامبەر ئەو سەرپێچیکارانە وەرگرتووە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی ئێمە کە ئاو و ئاوەڕۆی هەولێرە لە دوو سێکتەر خزمەت بە هەولێر دەکات، یەکێکیان دابینکردنی ئاوێکی سازگار بۆ خواردنەوە و دووەمیان کار لە ئاوەڕۆ، یان ئاوشۆڕکردنی ئاوەڕۆی ماڵان دەکات. وەك ئاماژەمان پێ دا، ئێمە ئاوەڕۆی ماڵانمان نییە، بەڵکو ئەو ئاوەڕۆیانەی هەیە، ئاوەڕۆی بارانە و لە هەندێ گەڕەك و ماڵان هەست دەکرێت، ئاوی گەرماوەکانیان خستووەتە سەر ئەو ئاوەڕۆیانە. سەبارەت بەو لافاوەی لە هەولێر رووی دا، ئەوە زەرەر و زیانی لە ناو سەنتەری شار و ئەو شوێنانە نەبوو کە ئاوەڕۆ و مەنهۆڵ و چەپەریان هەبوو، بەڵکو ئەو لافاوە زەرەر و زیانەکانی لەو شوێن و گەڕەك و جێگایانە بوو کە ڕێڕەوە سرووشتییەکانن، ئەو شوێنانەش زیاتر کارەکانیان پەیوەستن بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاودێریی هەولێر کە ساڵانە ئەو ڕێڕەوانە خاوێن دەکەنەوە و ئەو شوێنانەی ئاوەڕۆ و مەنهۆڵ و چەپەریان لێ نەبێت، ئەوە پەیوەستن بە فەرمانگەی دیکە. سەبارەت بەو ئیجرائاتانەی کراوە، ئەوە بە بڕیاری جەنابی پارێزگار و لێژنەی دەرخستنی ڕاستییەکان پاش بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ورد کەسانێك دەستگیر کران و لێکۆڵینەوەکان لەسەر زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکان و دۆزینەوەی کەسانی سەرپێچیکار بەردەوامە، سەرپێچییەکانیش چەند بوارێك دەگرێتەوە، وەك ئەوەی کە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بێت لەسەر ڕێڕەوی سرووشتی دروست کرابێت، یان گۆڕینی ئاراستەی ڕێڕەوەکە بێت، یان زێدەڕۆیی هاووڵاتیان بێت لە سەر ڕێڕەوەکان، یان فڕێدانی زبڵ و پاشماوە بێت لەسەر ڕێڕەوە سرووشتییەکان، یان دروستکردنی باخچە و باڵاخانە بێت لەسەر ڕێڕەوەکان. ئەمانە هەر هەمووی هۆکار بوون کە

بەربەست دروست بکەن لە بەردەمی ڕۆیشتنی ئاوەکە، هەرچەندە لە چاوەڕوانیی کەسدا نەبوو ئەو بارانە بەو شێوەیە زیاد لە ڕادە زۆر بێت، کە بووە هۆکاری لافاوەکە و وەك ئەوە وابوو کە بەنداوێك بە سەر هەولێردا شکابێت، یان بەردەرابێت، چونکە ئاوەکە لە ئاست و ڕێژەی خۆی زۆر زیاتر بوو لە ماوەی کاتێکی زۆر کەمدا، ئەمەش وای کرد، لە زوورگەکانی تاراین و دارەتوو و بنەسڵاوە کە شوێنەکانیان ٦٠٠مەتر بەرزترە لەو شوێنانەی بەر لافاوەکە کەوتن، زەوییەکانی ئەو ناوچانەش نەکێڵدرابوون کە بتوانێت زیاتر ئاوەکە لە خۆ بگرێت، ئێمەش وەك فەرمانگەکانی شاری هەولێر بەتایبەت لەگەڵ ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو هاوکاری و هەماهەنگیمان لە نێواندا هەیە و، لە پاش ئەو لافاوەوە پەیوەندییەکانمان زیاتر پتەوتر کردووە بۆ لابردنی بەربەستەکان و دۆزینەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی هەبوون.

*** لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر لیژنەیەك بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان سەبارەت بە لافاوی ئەم دواییە دروست کرا، ئایا ئەو لیژنەیە کام ڕاستییانەی دەرخست، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بیزانن؟**

- ئەو لیژنەیە لە لێکۆڵینە و بەدواداچوونەکانی خۆی بەردەوامە و لە بەش بەشی کارەکان کار دەکات، بۆ زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکان و دۆزینەوەی سەرپێچییەکان و هۆکاری لافاوەکە و ڕێژەی ئەو ئاوەی هاتووە چەندە، تا چەند دەستی مرۆڤی تێدایە لە دروستبوونی لافاوەکە، واتە سرووشتی بووە و یان لایەنێك هەبووە لە سەرووی یاساوە کاری کردبێت و ببێتە هۆکاری لافاوەکە. بۆیە لیژنەکە لە هەموو هۆکار و ڕاستییەکان دەکۆڵێتەوە، لەپاشان ڕاپۆرتی خۆی بەرز دەکاتەوە. باوڕی من وایە ڕاپۆرت لەلایەن لیژنەکە بەرز کراوەتەوە و چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانین بگاتە شوێنی خۆی، لە پاشان ئیجرائاتەکان بکرێن.

*** هاوکات لەگەڵ پڕۆژەی ئاوەڕۆی قورسی هەولێر باس لەوەش دەکرا، دووبارە ئاوەڕۆکە پاك بکرێتەوە و ئاوەکەی بەکاربهێندرێت بۆ کشتوکاڵ، ئایا ئەم پڕۆژەیەش لەگەل پڕۆژەی ئاوەڕۆی قورسی هەولێر لە بەرنامەدایە؟**

- ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر ئەو شوێنەی کە دەستنیشانمان کردووە بۆ یەکەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی هەولێر لە خوارووی شاری هەولێرە، لەو خاڵەی کە ئاوەڕۆی قورسی هەولێر دەچێتە دەرەوە کە شوێنەکەش دەشتایی و تەختە و خەڵکێکی زۆر کاری کشتوکاڵی تێدا دەکات، ئەو ئاوەڕۆیەی لەو وێستگەیەی خوارووی شاری هەولێر ڕێسایکڵینی دەکەینەوە، ١٠٠٪ شیاوە بۆ ئەوەی لە کاری کشتوکاڵی بەکاربهێندرێت.

*** چ بەرنامەیەکتان بۆ پاککردنەوەی بەستە و کەندەکانی ئاوی بارانی هەولێر بەتایبەتی پیرەبەست و بەستی گردیش هەیە، لەم لافاوەدا لە چ شوێنێك هەست بە کێشە کرا لەو دوو بەستەدا هەبێت؟**

- دوای ئەو لافاوە کە لە شاری هەولێر ڕووی دا، ئەوە پاککردنەوەی ئاراستەکانی ئاوی سرووشتی، و هەردوو بەستەکە بە هەرەوەزی و هەماهەنگیی نێوان هەموو فەرمانەگەکانی شاری هەولێر وەك بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ و ئاودێر و سەرۆکایەتیی شارەوانی و هەر شەش شارەوانی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە ئامێرەکانیان و چەندین شوێنی دیکە ئەنجام دران، لە هەر شوێنێك زبڵ و خاشاك و زێدەڕۆیی هەبێت لادراون، لە هەندێ شوێن پردی فریاکەوتن دانراوە بەتایبەتی بۆ پەڕینەوەی هاووڵاتیان لە چەند گوندێکی ناوچەکە کە ئاو لەو شوێنانە بە تیژی دەڕوات. و دەتوانم بڵێم ئێستا هەولێر و دەوروبەری و لەو شوێنانەی لافاوی تێدا ڕووی داوە، هاتوونەتەوە سەر باری ئاسایی خۆی.

*** چیتان بۆ کەناڵی کۆڕنیش لە بەرنامەدایە و پاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی لە چ قۆناغێکدایە؟**

- کەناڵی کۆڕنیش لەلایان بەڕێوەبەرایەتیی ئاودێری هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر خاوێنکردنەوە و چاککردنەوەکانی هەموو بۆ ئەنجام دراوە، تەنانەت ئێستا لەبەرنامەدایە لە هەندێ شوێنی ئەو کەناڵە ئاوەڕۆی سندوقی بۆ دروست بکەین، کە پێویستە بۆ ئەو ماڵ و گەڕەکانەی لێی نزیکن، لەلایەکی دیکەوە لە باخەمرە لە ماوەی تەنیا ١٢ کاتژمێر توانیمان پردێکی شەش چاوەیان بۆ دابنێین کە بۆ پەڕینەوەی خەڵکی گوندی باخەمرەیە و لە پشت شاری زێڕین پردێکی چوار چاویمان بە تیرەی هەر یەکێکیان ١٢٠ سانتیمەتر دروست کردووە.

**بە بڕیاری جەنابی پارێزگار و لیژنەی دەرخستنی ڕاستییەکان پاش بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ورد کەسانێك دەستگیر کران و لێکۆڵینەوەکان لەسەر زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکان و دۆزینەوەی کەسانی سەرپێچیکار بەردەوامە**

**لە چاوەڕوانیی کەسدا نەبوو ئەو بارانە بەو شێوەیە زیاد لە ڕادە زۆر بێت، کە بووە هۆکاری لافاوەکە و وەک ئەوە وابوو کە بەنداوێک بە سەر هەولێردا شکابێت، یان بەردەرابێت**

**لەگەڵ ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو هاوکاری و هەماهەنگیمان لە نێواندا هەیە و، لە پاش ئەو لافاوەوە پەیوەندییەکانمان زیاتر پتەوتر کردووە بۆ لابردنی بەربەستەکان و دۆزینەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی هەبوون**

**ئەو ئاوەڕۆیەی لەو وێستگەیەی خوارووی شاری هەولێر ڕێسایکڵینی دەکەینەوە، ١٠٠٪ شیاوە بۆ ئەوەی لە کاری کشتوکاڵی بەکاربهێندرێت**



### دێکان یاسین:

# ٨٠٪ی خێزانەکان شەرم لە کەمئەندامیی منداڵەکەیان دەکەن و پیشانی خەڵکی نادەن، بەتایبەت ئەگەر کچ بێت

**لەم چەند ساڵەی دواییدا خانمانی کوردستان بە کردەیی بۆ سەلماندنی تواناکانیان و وەستان لەسەر پێی خۆیان، هەنگاوی باشیان ناوە، ئەویش لە ڕێگەی بڕوابەخۆبوون و کارکردنەوە، تاوەکو ببنە خاوەن داهاتی سەربەخۆی خۆیان. دێکان یاسین کچە گەنجێکی نابینایە و بۆ سەلماندنی توانا و دەرخستنی بەهرەکەی، هەر لە منداڵییەوە کاری دەستی دەکات و هاوکات ئافرەتانی نابیناش فێری دەسترەنگینی دەکات. ئەو دانیشتووی شاری سلێمانییە و ساڵی ١٩٩٦ لەو شارە لە دایك بووە، دێکان لە ئێستادا قوتابیی قۆناغی دووی کۆلیژی زمانە لە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی و، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باسی هەوڵ و کۆششە بێسنوورەکانی خۆی بۆ خوێنەران دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«تا تەمەنی چوار ساڵی هیچ کێشەیەکی بینینم نەبووە، لە تەمەنی چوار ساڵی تووشی چاوئێشە دەبم و ئەوکات خێزانەکەم لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات چەند دکتۆرێکم پێ دەکەن، بەڵام هیچ چارەسەرێك نەبووە هۆکاری چاکبوونەوەم، لە تەمەنی پێنج ساڵی لە بەغدا نەشتەرگەرییەکم بۆ ئەنجام درا، لە ڕێگەیەوە توانرا وەکو کەمبینایەك ڕووناکییەکی کەم بۆ چاوم بگەڕێننەوە، لە تەمەنی شەش ساڵی خرامە بەر خوێندن، بەڵام منداڵێکی هەراسانکار بووم، کە دایکم دەیگەیاندمە قوتابخانە لە دوای ئەو یەکسەر

دەگەڕامەوەماڵەوە و پێش دایکم لە ماڵەوە بووم، پۆلی یەکم بە شەڕە شەق تەواو کرد، لە خوێندن زۆر زیرەك بووم. دایك و باوکم و خوشك و براکانم زۆر یارمەتیدەرم بوون، توانیم تا پۆلی سێی سەرەتایی بخوێنم و هەر سێ ساڵەکە یەکەمی پۆلەکەم بووم، لە وانەی بیرکاری زۆر زیرەك بووم، لە قۆناغی ئامادەیی بیرکاریم هیچ نەدەخوێند، لە وەرزی دووەمی پۆلی سێ چاوم تەواو کز بوو و خەتی دەفتەرەکەم نەدەبینی، زۆر زەحمەت بوو منداڵێکی نابینا لەگەڵ قوتابی چاوساغ بخوێنێت، قوتابخانەی تایبەت بە نابیناش لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو، بۆیە بە ناچاری وازم لە خوێندن هێنا، کاتێك سەرەتای ساڵ قوتابخانە کرایەوە، هاوڕێ و خوشك و براکانم دەچوونە قوتابخانە من زۆر خەمم دەخوارد و هەمیشە بۆ قوتابخانە دەگریام».

دێکان یاسین لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «دوای تەمەنی ١٠ ساڵی چاوەکانم بیناییان نەما تەنیا هەستم بە ڕووناکی و تاریکی دەکرد، تا ئێستاش هەروام. لە تەمەنی ١٢ و ١٣ ساڵی دایکم و خوشکە گەورەکەم کاری دەستیان دەکرد و جلوبەرگیان لە سوف دەچنی، منیش داوام کرد فێرم بکەن، ئەوانیش فێریان کردم، زۆر باش فێر بووم، تا وام لێ هاتبوو، خۆم مۆدێلاتی تازەم دروست دەکرد و بیرۆکەی تازەم بە دایکم و خوشکەکەم دەدا. یەکێتی نابینایان یارمەتییان دام تاوەکو پیشانگایەك بکەمەوە، یەکەم نابینا بووم پیشانگای کاری دەستیم کردەوە، دوای ئەوە کە ئەزموونم زیاتر بوو، بەردەوام خۆبەخشانە خولی فێرکاریم بۆ کچان و ئافرەتانی نابینا دەکردەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش شتێك فێر ببن، لە تەمەنی ١٦ ساڵی لە ڕێگەی یەکێتی نابینایان دەستم کردەوە بە خوێندن، بە خوێندنی خێرا دەستم پێکرد، واتا بە ساڵێك دوو پۆلم دەبڕی، لە پۆلی حەوتەوە لە قوتابخانەیەکی ئاسایی دەستم بە خوێندن کرد، تەنیا من نابینا بووم لە سەرەتاییەوە تا تەواوکردنی ئامادەیی هەموو ساڵێك یەکەم بووم، ئەوەش بۆ خۆم و بۆ خانەوادەکەم و بۆ قوتابخانەکەشم مایەی شانازی بوو».

دێکان یاسین جگە لەوەی دەسترەنگینە، هاوکات شارەزاییەکی باشیشی لە بەرنامەکانی مۆبایلدا هەیە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «چەند خولێکم کردووەتەوە، تا نابینایان فێری سیستمی مۆبایل بکەم، بەتایبەت ئەو مۆبایلانەی تایبەتن بە نابینا، هەروەها لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك خەڵاتی ڕێزلێنانم وەرگرتووە، چەند ساڵێك پێش ئێستا خەڵاتی چالاکترین گەنجی ساڵم پێ بەخشرا، تاکە کچی نابینا بووم لە کوردستان توانیم بەشداری یادی گۆچانی سپی بکەم، ئێستاش سوپاس بۆ خوا قۆناغی دووی کۆلێژی زمان بەشی ئینگلیزی دەخوێنم لە زانکۆی سلێمانی».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا خێزان و ئەندامانی بنەماڵەت تا چەند هاوکارت بوون؟ دێکان یاسین گوتی: «خێزانەکەم زۆر هاوکارمن، هەر شتێکم پێویست بێت ئەوان زیاد لە توانای خۆیان هەوڵم بۆ دەدەن و یارمەتیم دەدەن و هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن، ئەوان زۆر شانازی بەوە دەکەن کە وێڕای نابینایيم سەرکەوتووم».

دێکان یاسین ئەوە ناشارێتەوە کە بۆ ڕاهاتنی خۆی و خێزانەکەی بە نابیناییەکەی خۆی ئاریشەی زۆر بووە. «سەرەتای نەخۆشییەکەم دایکم و باوکم زۆر بێتاقەت بوون و بە جارێك ڕووخان، بەڵام وردە وردە بەپێی تێپەڕبوونی کات و دوای ئەوەی زانیان کە نابینا بوونم لە بەردەم خواستەکانم ڕێگر نییە، دۆخەکە بەلایانەوە ئاسایی بووەوە، دایکم لە تەمەنێکی زوودا فێری کاروباری ماڵەوەی کردم بۆ ئەوەی بتوانم پشت بەخۆم ببەستم».

ئەو خاتوونە لە کۆتایی قسەکانیدا بەم جۆرە باس لە گرنگیی ئیرادە بۆ سەرکەوتن دەکات و دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤ متمانەی بە خۆی نەبێت، هیچ کاتێك سەرکەوتوو نابێت، تاکە شتیش کە بۆ سەرکەوتن پێویست بێت ئیرادەیە، ئەگەر بڕوابەخۆبوون هەبێت، ئیرادەش دروست دەبێت، بە هۆی بڕوابەخۆبوونم هەر شتێکم ویستبێت بە دەستم هێناوە، من هەمیشە دەڵێم ڕاستە چاومان نییە، بەڵام عەقڵمان هەیە و دەتوانین بیر بکەینەوە، ئێمە کەمئەندامین، بەڵام زیاد بیرین. بەداخەوە کە خاوەنپێداویستیی تایبەت گۆشەگیر بوو، یەکەمجار خەتای خودی خۆمانە کە خۆمان داماو و بێ توانا کردووە، دووەم جاریش خەتای خێزانەکانمانە کە پاڵپشت نین بۆ تێکەڵبوونمان بە کۆمەڵگە، ٨٠٪ی خێزانەکان شەرم لە کەمئەندامیی منداڵەکەیان دەکەن و پیشانی خەڵکی نادەن، بەتایبەت ئەگەر کەمئەندامەکە کچ بێت، من خێزانی وا دەناسم کە میوانیان دێت، منداڵە کەمئەندامەکەیان دەشارنەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێمەی کەمئەندام لەلایەن کۆمەڵگەوە تانەمان لێ دەدرێت، خەڵك بە چاوی بەزەیی سەیرمان دەکەن و ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێن: ئێوە کوێرن بۆ دێنە دەرەوە؟ لەو حاڵەتانەدا کەمئەندام تەریق دەبێتەوە، لێرەوە داوا لە هەموو ئەوانە دەکەم کە بە هەڵسوکەوتی خراپیان ئەو کەسانە نەڕووخێن و ئێمە و کەسانی وەك ئێمەش نابێت تەسلیمی ئەو جۆرە ڕەفتارانە بین، پێویستە لە ڕێگەی تواناکانمان و سەرکەوتنەکانمان و متمانە بەخۆبوونمان خۆمان بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنین، بۆ ئەوەی تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئێمەی کەمەمئەندامان بڕوانن».

**ڕاستە چاومان نییە، بەڵام عەقڵمان هەیە و دەتوانین بیر بکەینەوە، ئێمە کەمئەندامین، بەڵام زیادبیرین**

**یەکێتی نابینایان یارمەتییان دام تاوەکو پیشانگایەک بکەمەوە و یەکەم نابینا بووم پیشانگای کاری دەستیم کردەوە**

**لە تەمەنی پێنج ساڵی لە بەغدا نەشتەرگەرییەکم بۆ ئەنجام درا، لە ڕێگەیەوە توانرا وەکو کەمبینایەک ڕووناکییەکی کەم بۆ چاوم بگەڕێننەوە**

**ڕاستە چاومان نییە، بەڵام عەقڵمان هەیە و دەتوانین بیر بکەینەوە، ئێمە کەمئەندامین، بەڵام زیاد بیرین**

# لە پێناو کاڵبوونەوەی کۆچی لاوان

# داوا دەکرێت زەمینەی خواستەکانیان فراوانتر بکرێت



تاڤگە عومەر:

**کۆچی گەنجان لە ئێستادا (بە شێوازی یاسایی و نایاسایی) واقیعێکە دەبێت مامەڵەی جددی لەگەڵ بکرێت**



ئیبراهیم مەندەلاوی:

**پێویستە حکومەت کارێک بکات کە مەجالی موزایەدە و یاریکردن بە چارەنووسی لاوان نەهێڵێت**

لە دەستپێکدا تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی یاسا و مافی مرۆڤ، هێما بۆ ئەوە دەکات کە دیاردەی کۆچی گەنجان دیاردەیەکی جیهانییە و کات و شوێنی بۆ دیاری نەکراوە، هاوکات دەڵێت: «ئەم پرسە لە کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە بووەتە کێشەیەکی جیهانی و جێگەی باسی ناوەندەکان بەتایبەتیش یەکێتی ئەوروپا کە زۆربەی جار کۆبوونەوەکانی خۆی تایبەت بەم پرسە دەکات، هەرچەندە جارنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، هەرکەسێك مافی ئەوەی هەیە کە شوێنی ژیانی خۆی بگۆڕێت و مافی مانەوەی لە هەر شوێنێك کە بۆی گونجاوە پێ بدرێت».

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش بەڕێوەبەری گشتی یاسا و مافی مرۆڤ گوتی: «لە هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، بەتایبەتیش کە شەڕی نەخوازراوی ناوخۆ ڕووی دا، دوای ئەوەش دابەزینی ئاستی بژێوی تاك بە هۆی سەختیی باری ئابووری و بەئامانجگرتنی ئەم هەرێمە لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکان و گرووپە چەکدارەکانی دیکە بۆ لەناوبردنی سەقامگیری ئەمنی و دروستکردنی دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکدا، ئەوانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵك کۆچی بە کۆمەڵ هەڵبژێرن، بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەکانی بکەنەوە. کۆچی گەنجان لە ئێستادا (بە شێوازی یاسایی و نایاسایی) واقیعێکە دەبێت مامەڵەی جددی لەگەڵ بکرێت، لەبەر ئەوەی توێژی لاو سەرمایەیەکی نیشتمانین، دەبێت ئەو پرسە دیراسەت بکرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە دەرفەتی کار بۆ گەنجان بڕەخسێندرێت، ئەویش بە گرنگیدان بە کەرتی تایبەت و بووژاندنەوەی کارگەکان و گرنگیدانی زیاتر بە لایەنی کشتوکاڵی و پیشەسازی.» گوتیشی: «پێویستە ڕاگەیاندن و هەموو ئەو کەناڵانەی کە ئەوروپا وەك بەهەشتێك پیشان دەدەن، ئاراستەی کارکردنیان بگۆڕن و لایەنە نێگەتیڤەکانیشی پیشان بدەن، ئەو گەنجانەش کە توانایەك، یان بەهرەیەکی تایبەتیان هەیە، پشتیگری بکرێن و پەرەیان پێ بدرێت، جگە لەوانەش هەموو ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەم بوارە ئەنجام دراون، کار لەسەر ڕاسپاردەکانیان بکرێت و پلانی کاری بۆ دابنرێت.»

د. مەیادە نەجاڕ ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە: «کۆچی گەنجان یەکێکە لەو قەیرانانەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، بەدەر لە گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەو ڕۆڵە نادروستەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە لە هەرێمی کوردستان کە بووەتە هۆی هاندانی گەنجان بۆ ئەوەی کۆچی بە لێشاو بکەن».

لەبارەی چارەسەریش د. مەیادە نەجاڕ بە پێویستی دەزانێت، هەوڵ بدرێت هەڵمەتی هۆشیاریی بەرفراوان بۆ لاوان دەست پێ بکرێت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی میدیا لەم سۆنگەیەدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن، بۆ ئەوەی ئەو واقیعە بە لاوان بگوترێت کە ئەوروپا ئەو بەهەشتە نییە کە میدیاکان وێنایان کردووە.» پێشنیاریش دەکات: «کار لەسەر ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان بکرێت، لەم ڕەهەندەوە پێویستە ڕووپێوێکی بەرفراوان بۆ ڕێکخستنەوەی هێزی کار لە نێو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و هێزی کاری لاوان ئەنجام بدرێت، تەنانەت لە هەموو دونیادا ئاراستەی گەشەپێدانی توانای لاوان لەسەر ئەوە دروست دەکرێت کە بتوانرێت هێزی کاری لاوان بخرێنە نێو کەرتی تایبەت، ئەمەش بە چەند قۆناغێك ئەنجام دەدرێت، هۆشیارکردنەوەی لاوان و برەودان بە تواناکانیان لە ئەولەوییەتی کارەکاندا بێت، لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو قۆناغەی لاو لەگەڵ نیشتمان ئاشت بکەینەوە».

ئیبراهیم مەندەلاوی، وەك شرۆڤەکارێکی سیاسی، کۆچی گەنجان و بەجێهێشتنی وڵات بە دیاردەیەکی نائاسایی وەسف دەکات و بە پێویستی دەزانێت، «بە جددی کار بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بکەرێت». هاوکات دەڵێت:« هۆکاری سەرەکی نالەباریی ئەو دۆخە ئابوورییەیە کە بە سەر هەرێمی کوردستان سەپێندراوە، بۆیە بە شوێن دەرفەتێکی نوێی ژیان، تاك بڕیاری کۆچ دەدات، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین

**کۆچکردنی گەنجانی کورد، بۆ وڵاتانی دەرەوە، لە دوای شەڕی داعش و دەرکەوتنی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتەوە بووە بە دیاردەیەکی مەترسیدار، بەپێی ئامارەکانی دەزگای لوتکە بۆ ئاوارە و پەنابەران، لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە تا ئێستا، ٥٩٦ هەزار و ٢٧٣ هاووڵاتیی عێراقی، داوای مافی پەنابەرێتییان لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا کردووە، ٢٥١ کەسیش لە ڕێگای کۆچکردن گیانیان لە دەستداوە و ١٧٣ کەسیش بێسەروشوێنن. لە لایەکی دیکەوە ڕێبوار عەبدولڕەحیم، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا دەڵێت: «لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە ١٤ هەزار و ٥٠٠ کەس لە هەرێمی کوردستان کۆچیان بۆ دەرەوە کردووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی جیاوازەوە شەن و کەوی ئەو پرسە دەکەن.**


**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

کە هەندێك گرووپ و لایەن بە بەرنامەڕێژی کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن و چەندین کەناڵ و ناوەندی میدیایییان خستووەتە گەڕ بۆ هاندان و بێ ئومێدکردنی هاووڵاتیان لە وڵاتەکەیان و دروستکردنی بۆشاییەك لە نێوان هاووڵاتی و حکومەت، بە شێوەیەك کە باوەڕیان بە هەرێمەکەیان نەبێت و بێ ئومێد بن و ئامادە نەبن خزمەتی بکەن». گوتیشی: «ئەگەر سەرنج بدەین، لە ماوەی ئەم دواییە خەڵکانێکی زۆر لە کاتی گەڕانەوەیان لە بیلاڕووسیا پەشیمانییان پێوە دیار بوو، هەستت دەکرد کە فێڵیان لێ کراوە و ئەوروپایان بە بەهەشت بۆ وێنا کرابوو، بەڵام وا دەرنەچوو. ئەو گرووپانە گرنگ نەبوو بۆیان کە چەند کەس لەو ڕێگایە دەبێتە قوربانی، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بووە، ناشیرینکردنی هەرێمی کوردستان و لەکەدارکردنی ناوبانگی کوردستان بووە. لە کاتێکدا ئەمڕۆ کوردستان بۆ کەسانی بیانی و ئاوارەکان بووەتە پەناگەیەکی ئارام، بگرە بووەتە ناوەندێکی کارکردنیش بۆ خەڵکی بیانی. پێویستە حکومەت کارێك بکات کە مەجالی موزایەدە و یاریکردن بە چارەنووسی لاوان نەهێڵێت، لە بەرامبەردا هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاك و وڵات لە لای هاووڵاتیان بەرز بکاتەوە».

هەر لەمبارەیەوە نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئاسۆ حاجی، ڕایوایە: «بەستنەوەی کۆچی بەلێشاوی لاوان بە پرسی ناعەدالەتی و نەبوونی دەرفەتی کار و گەندەڵی تەنیا لایەنێکی هاوکێشەکەیە، لایەنەکەی دیکە کە ئامادەیی و کاریگەری زیاترە ئەو گوتارە پۆپۆلیستیەیە کە لەگەڵ پەیدابوونی هێزگەلی بەناو ئۆپۆزسیۆن بە توندی تەشەنەی کرد و ڕووبەرێکی گەورەی لە گوتاری میدیایی ئەو لایەنانە داگیر کرد، لە کورتترین پێناسەشدا ئامانجی ڕاگەیاندن خۆی لە دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی تاکەکان دەبینێتەوە».

ئاسۆ حاجی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «چڕکردنەوەی تواناکان و کورتکردنەوەی گوتاری میدیایی لە هاندانی خەڵك بۆ بەگژداچوونەوەی بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە سەد ساڵی میللەتەکەی خۆیان، لەگەڵ کارکردن بۆ بێ بەهاکردنی ئەو سیمبولانەی زاکیرەی هاوبەشی نەتەوەیی و نیشتمانی پێکدەهێنن، لە سروودی نەتەوەیی و ئاڵا بگرە، تا بە ناو و مێژووی پێشمەرگەوە دەگات، لە هەموو ئەوانەش خراپتر ناشیرینکردنی نیشتمانە».

ئەو ڕۆژنامەنووسە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆن کە دوور لە مانا و ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی هاتە کایەوە، نەیتوانی وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی ئەو قۆناغە بێت کە خەڵکی کوردستان پێویستیان پێی هەبوو، لە جیاتی بەگژداچوونەوەی ناعەدالەتی و گەندەڵی و کێماسییەکانی دیکە کە لەسەر دەسەڵات حیسابی دەکەن، لە جیاتی ئاراستەکردنی خەڵك بۆ فشار دروستکردن لە پێناو چاکسازیکردن و بەهێزکردنی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان، خەڵك و داخوازییەکانیان کردە کەرستەی بنیاتنان و تەشەنەکردنی گوتاری پۆپۆلیستی کە ئێستا بەرهەمەکەی دەبینین لە کۆچکردنی بە لێشاوی گەنجان، بەرەو چارەنووسێکی نادیار».



د. مەیادە نەجاڕ:

**ئەو ڕۆڵە نادروستەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە لە هەرێمی کوردستان کە بووەتە هۆی هاندانی گەنجان بۆ ئەوەی کۆچی بە لێشاو بکەن**



ئاسۆ حاجی :

**بەستنەوەی کۆچی بەلێشاوی لاوان بە پرسی ناعەدالەتی و نەبوونی دەرفەتی کار و گەندەڵی تەنیا لایەنێکی هاوکێشەکەیە**



## ئاهەنگ ئەنوەر:

# دۆخی ئافرەتانی کەرکووک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی مەترسیداردایە



**ئاهەنگ ئەنوەر پارێزەر و چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ لە کەرکووك، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە دۆخی کۆمەڵایەتیی ئافرەتانی کەرکووك دەکات و، ئاماژە بە هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژیی خێزانی دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئافرەتانی کەرکووك لە ڕووی یاساییەوە پارێزراو نین و، زۆربەی قوربانییەکانیش لە کاتی توندوتیژیدا سکاڵا تۆمار ناکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** ئایا ئافرەتانی کەرکووك لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تاچەند مافەکانیان پارێزراوە؟**

- دۆخی ئافرەت لە کەرکووك لە مەترسییەکی گەورەدایە، بەتایبەت سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرەکیترین گرفتی کچانە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، تاوانبارانی ئەو کەیسە بە پێی بەندی (٤٣٠، ٤٣١،٤٣٢)ی یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێن، ئەویش بە پێ بڕاردن، یان زیندانیکردنی تاوانبار کە ماوەکەی لە هەشت مانگ تا یەك ساڵە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردە ترسناکە و پاراستنی گیانی ئافرەتان پێویستە یاسای تایبەت هەبێت بۆ سزادانی تاوانباری خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پێویستە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکان و پەروەردەوە هۆشیاری لە قوتابخانەکاندا بڵاو بکرێتەوە.

***دەکرێت بزانین ڕێژەی توندوتیژی لە کەرکووك لە چ ئاستێکدایە؟**

- ڕێژەی توندوتیژی لە کەرکووك لە ئاستێکی

مەترسیداردایە و، سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژییەش، کەچی تا ئێستا لانەیك، یان ماڵی دالدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێكراو لە کەرکووك نییە، کاتێك خانمێك تووشی کێشەیەکی خێزانی دەبێت، بۆ ڕێکاری یاسایی ڕەوانەی گرتووخانەی کەرکووك دەکرێت و لەگەڵ تاوانبارانەدا تێکەڵ دەکرێت، ئەمەش کاردانەوەی خراپی لەسەر دروست دەکات، هەروەها خانەی کچانی بێسەرپەرشتانیە نییە، وێڕای نەبوونی ئەفسەر و لێکۆڵەری ئافرەت لە بنکەکانی توندوتیژیی خێزانیدا لە کەرکووك، چەندین جار ئەو داوایەمان پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار کردووە، بەڵام ئەنجامی نەبووە، ئافرەتان لە ڕووی یاساییەوە پارێزراو نین، ئەو یاسایانەش کە هەیە وەکو پێویست جێبەجێ ناکرێت، چ بەهۆی کەموکووڕیی ئیداری بێت، یان بەهۆی ناهۆشیاریی قوربانییەکانەوە، چونکە وەك گوتمان زۆربەی قوربانییەکان لە کاتی توندوتیژیدا سکاڵا تۆمار ناکەن، سەرەڕای ئەوەش ئامارەکانی توندوتیژی لەم شارەدا لە هەڵکشاندایە، تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ زیاتر لە ٢٠٠٠ کەیسی توندوتیژی هەبووە، هەمان ساڵ ٨٩ ئافرەت خۆیان کوشتووە کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ _ ٤٥ ساڵی بووە.

*** دەگوترێت هاوسەرگیریی پێشوەختە لە کەرکووك لە ئاستێکی مەترسیدار دایە، ئەو دەنگۆیە تاچەند ڕاستە و، ئایا هیچ ئامار و داتایەك هەیە بۆ بەشوودانی کچان لە تەمەنی خوار یاساییدا؟**

- بەهۆی قەیرانی دارایی و ناهۆشیاریی تاکی کۆمەڵگە و لاوازیی یاسا و جێبەجێ نەکردنی یاسا وەك خۆی، هاوسەرگیریی پێشوەختە لە هەڵکشاندایە، بۆ چارەسەری ئەم پرسەش پێویستە بە زووترین کات دەنگ لەسەر یاسای توندوتیژیی خێزانی بدرێت، چونکە ئەو یاسایە تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستنی ژیانی خانمان، بەداخەوە هاوسەرگیریی پێشوەخت و زۆرەملێ لەسەر ئاستی عێراق زیادی کردووە و، لەم نێوەندەشدا کەرکووك بێبەش نەبووە، لە عێراق لە هەر ٢٠٠ کچ ١٢١ کەسیان لەژێر گوشار و بڕیاری خێزانەکانیاندا هاوسەرگیریی زۆرەملێیان پێ کراوە، ٥٣٪ ئەو کچانەنە کە تەمەنیان لە ١٢ بۆ ١٤ ساڵە و،ڕێژەی ٤٦٪ یشیان تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ١٧ ساڵدا بووە، هەروەها ٦٢٪ ی ئەوانەشی کە هاوسەرگیریی پێشوەختەیان ئەنجامداوە، لە خوێندن بێبەش بوون.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە بێبەشکردنیان لە خوێندن دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی منداڵ، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەیە کە عێراق ئیمزای لەسەر کردووە، بۆیە پێویستە ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەو گرفتە بگیرێتەبەر و بە یاسا مافیان دەستەبەر بکرێت.

*** ئێوە وەك پارێزەر لە چ حاڵەتێکدا بەشێوەی خۆبەخش کەیسەکان دەگرنە ئەستۆ؟**

- ئێمە هەر کاتێك ئاگادار بکرێینەوە لە کەسێك کە خانمێك توندوتیژیی بەرامبەر کرابێت، چ خێزانی بێت، یان لە دەرەوەی خێزانی ستەم لێکراو، خۆبەخشانە کەیسەکە دەگرینە ئەستۆ، تا مافە زەوتکراوەکانی تاوانلێکراو، یان قوربانییەکە بگێڕینەوە، کەیسەکانیش بریتین لە کەیسی کوشتن و توندوتیژی و دەستدرێژی و گێچەڵکردن بە ئافرەتان، هەروەها بە پێی یاسای سزادانی عێراقی قەرەبووی ماددیی قوربانییەکان دەکرێنەوە، هاوکات هاوسەرگیریی زۆرەملێ لە شارۆچکە و شارەدێکانی دەوروبەری کەرکووکیش هەیە و، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ڕێکاری یاساییمان گرتۆتەبەر و تاوانباران دەستبەسەر کراون و، بە ڕێگەی یاسایی هاوسەرگیرییەکەمان هەڵوەشاندووەتەوە، زۆر جار ئەو ئافرەتانەی کە تووشی کێشەی خێزانی دەبن منداڵەکانیان بێ ماڵ و لانە دەمێننەوە، دیسان لەم حاڵەتەشدا بە ڕێکاری یاسایی کێشەی منداڵەکانیش دەگرینە ئەستۆ، لە کاتێکدا لە کەرکووك شوێنێك نییە بۆ مندالانی بێ سەرپەرشت.

جۆرێکی دیکە لەو کەیسانەی کە هەمانە کەیسی بێبەشکردنی کچان لە خوێندن لەلایەن باوکیانەوە بە مەبەستی هاوسەرگیریی پێشوەخت و زۆرەملێ، تەنانەت کچی ١٥ ساڵان لە بری قەرز بە شوو دراوە، بەپێی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ باس لەوە دەکات کە مەرجی هاوسەرگیری کامڵبوونی عەقڵە، لە بڕگەیەکی دیکەی هەمان یاسادا هاتووە کە نابێت هاوسەرگیری بە زۆرەملێ ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەنجامیش درا، دەتوانرێت هەڵبوەشێندرێتەوە، هەروەها هەر کەسێك لە پلە یەکی بەرپرسیارێتی خێزانەکە بێت و هاوسەرگیریی زۆرەملێ بە کچێکی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی ئەنجام بدات، ئەو کەسە سزا دەدرێت بە بەند کردن کە لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ پێ بژاردن، بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی خێزانەکە بێت، ئەوا سزا دەدرێت بە بەند کردن کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە دە ساڵ زیاتر نەبێت.

**بەهۆی قەیرانی دارایی و ناهۆشیاری تاکی کۆمەڵگە و لاوازی یاسا و جێبەجێنەکردنی یاسا وەکو خۆی، هاوسەرگیری پێشوەختە لە هەڵکشاندایە**

**لە عێراق لە هەر ٢٠٠ ئافرەت ١٢١ ئافرەت لە ژێر بڕیاری خێزانەکانیان هاوسەرگیری زۆرەملێیان ئەنجامداوە**

**لە ساڵی ٢٠٢١ زیاتر لە ٢٠٠٠ کەیسی توندوتیژی هەبووە، هەمان ساڵ ٨٩ ژن خۆیان کوشتووە کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ - ٤٥ ساڵی بووە**




# شانۆی چوار پارچەی کوردستان لە کەرکووک

ئێوارەی ٤/بەفرانبار/٢٧٢١ی کوردی (٢٥/کانوونی یەکەم/٢٠٢١ز) بە ئامادە بوون و بەشداریی شانۆکارنی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە گەورە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووک، کە سەرووی هەزار میوانیش ئامادە بوون، ڕێوڕەسمی دووەمین فیستیڤاڵی شانۆی کەرکووک دەستی پێ کرد. بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکووک سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی دەزگای فیستیڤاڵی شانۆی کەرکووک، ئەم فیستیڤاڵەیان بۆ چەندین گرووپی شانۆی باکوور، ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژاڤای کوردستان ڕێک خست، فیستیڤاڵەکەش بۆ ماوەی شەش ڕۆژ (٤ تا ٩/بەفرانبار/٢٧٢١ی کوردی) بەردەوام بوو.

ئا/ تاریق کارێزی



بەڕێوە چوونی فیستیڤاڵێکی وا گەورەی شانۆ لە کەرکووك کارێکە لەگەڵ پێگەی شانۆ لەو شارەدا وێك دێتەوە. شانۆ یەکێکە لەو هونەرانەی زۆر ئامادە و کاریگەرە لە ناوەندی هونەر لە شارەکەدا. بە درێژایی ساڵ لەلایەن تیپ و گرووپی کۆن و تازەوە، نمایشی هەمەجۆر چ لە نێو هۆڵ چ لە شەقام و نێو بازاڕ و کووچە و گەڕەکدا، پێشکەش دەکرێن. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەمڕۆ کەرکووك لە ڕووی هونەری شانۆوە ڕۆڵی پێشەنگی لە ئاستی کوردستاندا هەیە. هەڵبەت ڕیشەی شانۆش لەو شارەدا پاڵپشتە و مامۆستایانی نەوەی یەکەمی هونەری شانۆ لەم شارەدا، ئێستا کەسانی زۆر دیاری بوارەکەن لە ئاستی کوردستاندا، یەکەمین ئەکادیمیستانی بواری شانۆش کە بڕوانامەی باڵایان لە ئاستی باشووری کوردستان لە شانۆدا بەدەست هێناوە، شانۆکارانی کەرکووکن. هەموو ئەمانە پاساوی بەهێزن ولە جێی خۆیدایە کە فیستیڤاڵێکی گەورەی شانۆ لە ئاستی کوردستانی مەزن، لە شاری کەرکووکدا بەڕێوە بچێت، ژێرخانی شانۆ لەو شارەدا تۆکمە و دامەزراوە، ژمارەیەکی زۆر لە دەرهێنەر و نووسەر و ئەکتەر و هونەرکاری شانۆ لە شارەکەدا هەن.

### ● ڕێوڕەسمێکی شایستە

سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووك تەلارێکی زۆر گەورەی کولتوور و هونەرە، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ خزمەت کردنی هونەر و کولتوور لە شارەکەدا دروست کراوە. ڕووبەرەکەی دەیان هەزار مەترە، تەلارێکی زۆر مۆدێرن و فرە خزمەتی لەسەر دروست کراوە، چەندین هۆڵ و نمایشگە و ژوور و لاباڵ و شوێنی هەمەجۆری لە خۆ گرتووە، کتێبخانەی گشتیی باوە گوڕگوڕ سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەر لەو تەلارەدایە. لە گەورە هۆڵی تەلارەکەشدا ڕێوڕەسمی دەست پێ کردنی فیستیڤاڵ بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ڕێڕۆیشتنی سەر فەرشی سوور بۆ ستافی فیستیڤاڵ و تیپەکانی بەشدار و میوانانی تایبەت، دەستی پێ کرد. پاشان لە نێو هۆڵەکەدا کە سەرووی ١٢٠٠ کەس لە میوان و هۆگرانی شانۆی لە خۆ گرت بوو، چەندین وتە بەو بۆنەیەوە پێشکەش کران. دووەمین فیستیڤاڵی شانۆی کەرکووك وەك (خولی عەلی کەریم) پێناسە کرا. عەلی کەریم ئەکتەرێکی زۆر دیار و بەرجەستەی بواری شانۆ و درامایە، نیو سەدە بەر لە ئێستا،کاروانی هونەری لە شاری کەرکووك دەست پێ کرد، پاشان لە بن گوشاری بەعسی داگیرکەر، کەرکووکی جێ هێشت و لە سلێمانی گیرسایەوە. لەوێشدا لە بەشێکی زۆری دراما و زنجیرە فیلم و فیلم و نمایشەکانی شانۆی ئەو شارەدا وەك ئەکتەرێکی دیار و بە توانا و خاوەن ئەزموون، بەشداریی کرد. بۆ ڕێز گرتن لە پێگەی هونەری عەلی کەریم، پەردە لەسەر پەیکەرێکی ئەو هونەرمەندە هەر لە نێو گەورە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری لا درا. دوایین برگەی ڕێوڕەسمی دەست پێ کردنی فیستیڤاڵەکە، پێشکەش کردنی چەندین گۆرانی و پارچە مووزیك بوو.











### • پرۆگرامێکی چڕ

لە ماوەی شەش ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا چواردە نمایشی شانۆیی لە لایەن تیپ و گرووپەکانی شانۆی باکوور، ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژاڤای کوردستانەوە پێشکەش کران، جگە لە پێشکەش کردنی چەندین کۆڕ و سیمیناری تایبەت بە شانۆ. نمایشەکان لە سێ هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووك، هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان، هۆڵی شەهید سیروان تاڵەبانی پێشکەش کران.

ڕۆژی یەکەم، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی تیپ و گرووپەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان شەکەت و ماندووی ڕێ بوون، تایبەت کرا بە دوو نمایش (ناوی بنێین چی) و (دوا کۆپی لە ئێمە) لە باشووری کوردستانەوە. ڕۆژانی دواتر پرۆگرامەکە چڕتر بوو. لە دووەمین ڕۆژدا ڕەخنە کۆڕێکی شانۆ لە بارەی نمایشی (ناوی بنێین چی) لە لایەن یاسین قادر بەرزنجییەوە پێشکەش کرا. ڕێباز حەمە جەزاش ڕەخنە کۆڕێکی شانۆی لە بارەی نمایشی (دوا کۆپی لە ئێمە) پێشکەش کرد. هەر لە دووەمین ڕۆژدا شانۆییەکی باشوور بە ناوی (کێ دەردەچێت) پێشکەش کرا. شانۆیی (گیانا شەوتی) نمایشێکی هونەرمەندانی ڕۆژاڤای کوردستان بوو کە لەو ڕۆژەدا پێشکەش کرا، پاشان نمایشی (دونیا) وەك بەرهەمی باشوور پێشکەش کرا. دوایین چالاکیی ئەو ڕۆژەش سیمینارێك بوو بە ناونیشانی (شانۆ لە ئەدەبیات و هونەرەوە بۆ زانستی پێداگۆگیك و تێراپی) لە لایەن د. هاوڕێ زنگەنەوە، کە لە ئەڵمانیاوە هات بووەوە، پێشکەش کرا.

### • ڕۆژی سێیەم

بە ڕەخنە کۆڕێك لە بارەی شانۆیی (کێ دەردەچێت) لە لایەن کرمانج مستەفاوە، سێیەمین ڕۆژی فیستیڤاڵەکە دەستی پێ کرد. پاشان عادیل حەسەن ڕەخنە کۆڕێکی لە بارەی شانۆیی (گیانا شەوتی) پێشکەش کرد. هەر لە سێیەمین ڕۆژدا سێیەمین ڕەخنە کۆڕی ئەو ڕۆژە لە لایەن هەڵوێست نەریمانەوە لە بارەی شانۆیی (دونیا) پێشکەش کرا.

هەر لەو ڕۆژەدا سێ شانۆیی پێشکەش کران. شانۆیی (گێژەن) لە باشوورەوە، شانۆیی (دوورترین شاری جیهان) لە ڕۆژهەڵاتەوە، شانۆیی (تەڕتووف) لە باکوورەوە. دوایین چالاکیی ئەو ڕۆژەش بە ناونیشانی (شانۆیی نێوان کولتووری و ئایینی) لە لایەن ئیبراهیم ئیبراهیمییەوە پێشکەش کرا.

● **ڕۆژی چوارەم**

دوای ئەوەی هەردوو ڕۆژی دووەم و سێیەمی فیستیڤاڵ تەژی بوون لە کۆڕ و نمایشی شانۆیی، چوارەمین ڕۆژی فیستیڤاڵ هەمەڕەنگ و تایبەت بوو. سەرەتا سێ ڕەخنە کۆڕی شانۆیی پێشکەش کران. سەردار مەحموود لە بارەی شانۆیی (گێژەن)، سابیر دڵبینا لە بارەی شانۆیی (دوورترین شاری جیهان)، حەمە سوار عەزیز لە بارەی شانۆیی (تەڕتووف) قسەیان کرد و سەرنج و ڕوون کرنەوەیان خستە ڕوو. پاشان لە لایەن تیپێکی ڕۆژاڤای کوردستانەوە شانۆیی (پینە) پێشکەش کرا. دواتر تێکڕای میوان و بەشدارانی فیستیڤاڵ سەردانی ماڵ و ئارامگەی پاشای مەقام عەلی مەردانیان لە گەڕەکی بەرتەکیەدا کرد، پاشان سەردانی چاوگی نەوتی باوە گوڕگوڕیان کرد، لە دوایین بڕگەی بەسەر کردنەوەی شاردا، میوان و بەشدارانی فیستیڤاڵ چوونە سەر قەڵای کەرکووک، دوای دیدەنی کردنی قەڵا و ئەو بینا و شوێنەوارانەی لە چنگی بەعس و سەدام ڕزگاریان بووە، گوێیان لە دانیشتنێکی مەقام خوێندن بوو. دوایین بڕگەی ئەو ڕۆژەش کۆڕی واژۆ کردنی کتێبی (دونیای عەلی عەبدولنەبی) بوو، لە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی مەریوان زەنگەنە.

● **پێنجەمین ڕۆژی فیستیڤاڵ**

لەم ڕۆژەشدا هەم کۆڕ و هەم نمایشی شانۆ پێشکەش کران. سەرەتا ڕەخنە کۆڕێك لە بارەی شانۆیی (پینە) وەك نمایشێكی ڕۆژاڤای کوردستان پێشکەش کرا، ئنجا شانۆیی (شەوگار گۆرانییەکانی دڵێ) بە ناوی باشوورەوە پێشکەش کرا، دواتر شانۆیی (تەنێ ئەز) لە لایەن هونەرمەندانی باکوورەوە پێشکەش کرا، پاشان شانۆیی (بنەماڵەی چێن چی) لە لایەن هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشکەش کرا. دوایین بڕگەی ئەو ڕۆژەش، پێشکەش کردنی سیمینارێك بوو بە ناونیشانی (ئیپسن لەسەر شانۆکانی جیهان و کوردستان) لە لایەن د. ڕێزان ساڵحەوە پێشکەش کرا.

● **دوایین ڕۆژی فیستیڤاڵ**

شەشەم و دوایین ڕۆژی فیستیڤاڵ بە ڕەخنە کۆڕێك لە بارەی شانۆیی (شەوگار گۆرانییەکانی دڵێ) لە لایەن گۆران محەمەدەوە، دەستی پێ کرد، ئنجا مەریوان هەڵەبجەیی ڕەخنە کۆڕێکی لە بارەی شانۆیی لە بارەی شانۆیی (بنەماڵەی چێن چی) پێشکەش کرد، پاشان سێیەمین ڕەخنە کۆڕی ئەو ڕۆژە لە لایەن هەرمان هاشمەوە لە بارەی شانۆیی (تەنێ ئەز) پێشکەش کرا.

دوایین دوو چالاکیی فیستیڤاڵ دوو نمایشی شانۆیی بوون، یەکەمیان شانۆیی (دۆن کیشۆت) لە لایەن هونەرمەندانی باکوورەوە، دووەمیشیان شانۆیی (یەس گۆدۆ) لە لایەن هونەرمەندانی بەغداوە، پێشکەش کران.

باکوور زۆربەی خەڵاتەکانی بردەوە

ئاهەنگی کۆتایی هاتنی فیستیڤاڵ لە هۆڵی گۆڵدن تایم لە باکووری شاری کەرکووک بەرانبەر بە پەیکەری پێشمەرگە بەڕێوە چوو. بە بڕیاری لیژنەی دادوەر، کە بریتی بوو لە هونەرمەندان (د. قوتبەدین سادقی، جەلال موردەنیز، گەزیزە عومەر، مەریوان زەنگەنە، حەیدەر منەعسەر)، لە کۆی پێنج خەڵاتی فیستیڤاڵەکە، شانۆکارانی باکووری کوردستان چوار خەڵاتیان بەم جۆرەی دادێ بردەوە:

یەك: خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ بۆ هونەرمەند یاوز ئاکۆز لە شانۆیی (تەڕتووف).

دوو: خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ هونەرمەند روکنەدین گون هەر لە شانۆیی (تەڕتووف).

سێ: خەڵاتی باشترین بەرهەم بۆ شانۆیی (تەنێ ئەز).

چوار: خەڵاتی باشترین سینۆگرافیا هەر بۆ شانۆیی (تەنێ ئەز).

پێنج: خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچیش بۆ چاوان خەلیل لە شانۆیی (شەوگار گۆرانییەکانی دڵێ).

بەم جۆرە هەر چوار خەڵاتی یەکەم شانۆکارانی باکوور بردیانەوە، پێنجەمین خەڵاتیش شانۆکارێکی هەولێر لە باشوور بردییەوە. بە دەم ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی فیستیڤاڵ، ئاهەنگێکی گۆرانی و مووزیك پێشکەش کرا، قەڵغان و بڕوانامەی بەشداری کردن پێشکەش بە تیپەکانی بەشداری فیستیڤاڵ و لیژنەی دادوەری فیستیڤاڵەکە کرا.


● **ڕۆژانە «شانۆکار»**

ڕۆژانە ڕۆژنامەی (شانۆکار) بە کوردی (هەردوو شێوە ستانداردی سۆرانی و کرمانجی) و عەرەبی وەك ئۆرگانی فیستیڤاڵەکە دەردەچوو. شەش ژمارەی شانۆکار بۆ هەر شەش ڕۆژی فیستیڤاڵەکە چاپ و بڵاو کرانەوە.

# له رۆژی تەنگانەدا کاجول پشتی له شارۆخان کرد

له نێو هونەرمەندانی بۆڵیوددا شارۆخان و کاجۆل به دوانه ناوبانگیان دەرکردووه و، زۆربەی فیلمەکانیان به یەکەوه بووه، تا وای لیٚ هات، بووه حاڵەتێك لەلایەن جەماوەرەوه که ئەستەم بوو به یەکەوه نەیانبینن.
یەکەم کاریان فیلمی «کوتش کوتش هوت هی» که تێیدا ئەوەنده گونجاو بوون، جەماوەر پێشبینیی دەکرد که ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر بەهێز له نێوانیاندا درووست بوو و، بۆ چەندین ساڵ بەیەکەوه بەشدارییان له دەیان کاری هونەریدا کرد و سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا. سەرەڕای بەهێزیی ئەو پەیوەندییەی له نێوانیاندا هەبوو، بەڵام بەم دواییه مشتومڕی زۆر دروست بوو، دوای ئەوەی کوڕی شارۆخان به تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرا، کاجۆل بێدەنگ بوو و هیچ هەڵویستێکی پشتگیری و پاڵپشتییەکی بۆ شارۆخان نەنواند، زۆر کەس ئەمەیان به پشتتێکردنی کاجۆل له شارۆخان دەزانی، له کاتێکدا بەشی هەرەزۆری ئەستێرەکانی بۆڵیۆد پشتگیریی تەواویان له شارۆخان کرد.

**سەرچاوە:** https://www.elwatannews.com/



# سەباح دوای مردنی ناوی چووە نێو کتێبی گینس



کەناڵی ئەلعەرەبییە لە سەر ئەکاونتی خۆی لە ئەنستاگرام رایگەیاند، خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی کۆچکردووی لوبنانی (سەباح) دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر کۆچی دواییدا، ناوی چووە نێو ئینسکلۆپیدیای گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان.

تۆمارکردنی ناوی سەباح لە گینس بۆ زۆرترین بەرهەمی هونەریی بووە، دوای ئەوەی زیاتر لە چوار هەزار گۆرانیی پێشکەش کرد و، بەشداریی کرد لە ٨٥ فیلم و ٢٧ شانۆگەریدا، بەمەش دەبێتە خاوەنی زۆرترین بەرهەمی هونەریی جۆراوجۆر لە نێو گشت هونەرمەندانی جیهاندا، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هونەرمەندێکی لوبنانی کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ کاری هونەری تەرخان کردبوو.

شایەنی بیرهێنانەوەیە سەباح لە ساڵی ١٩٢٧ لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠١٤ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لە تەمەنی خۆیدا لە بەردەم (شا فاروق) پادشای میسر بە زاراوەی لوبنانی گۆرانیی گوتووە، بەر لە کۆچی دواییشی لە دیمانەیەکدا رایگەیاند بوو کە زۆر حەزی لە دەنگی خانمە گۆرانیبێژی میسری (شادیا) کردووە، هەروەها پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ خاتوو (جیهان سادات) هاوسەری سەرۆکی کۆچکردووی میسری (ئەنوەر سادات) دا هەبووە و) چەندین جار چووەتە ماڵیان و خودی ساداتیش یەکێك بوو لەو کەسانەی کە زۆر سەرسام بوو بە جوانییەکەی و، زۆری حەز لە گۆرانییەکانی دەکرد.

**سەرچاوە: گولولی**

# ئەلیشا : هەندێک پیاو منیان زۆر ترساند



زۆر جار ئەکتەر و گۆرانیبێژە ناودارەکان بە دەست ناسراوی و ناوبانگەوە دەناڵێنن و، بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە ناتوانن وەك هەر کەسێکی ئاسایی دیکە ژیانی خۆیان بەسەر بەرن و، دوچاری گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، بەتایبەتی لە وێنەگرتن و بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەی جۆراوجۆر لە میدیاکان دەربارەی ژیانی ئاسایی و تایبەتییان.

بەڵام کچە ئەستێرە و ئاوازدانەری ئەمریکی ئەلیشا کیز رایدەگەیەنێت، کە پیاوان گرنگیی زۆریان پێ دەدا بە هۆی رێکوپێکی باڵا و بەژنی، ئەمەش زۆر جار گرفتی بۆ درووست کردووە، لەم بارەیەوە ئەلیشا دەڵێت: «من ئەم هەستەم تاقیکردووەتەوە، بۆیە هەست بە ترسی ئافرەتان دەکەم کە بە هۆی توانجلێدانی پیاوانەوە تووشی دەبن، چونکە من ئەمەم زۆر بینیوە لە شەقامەکانی نیویۆرك، ئەمەش رەنگە بەهۆی شێوازی جلوبەرگەکانمەوە بێت، کە تا رادەیەك سەرنجراکێش بوون»، ئەلیشا زیاتر دەڵێت: «زۆر هەستم بە غەریزەیەکی ئاژەڵانە دەکرد لەلایەن هەندێك پیاوەوە، ئەمەش منی زۆر ترساند، بۆیە هەر کە دەستم بە کاری هونەری کرد، ستایلی قژم گۆڕی و چیتر جلوبەرگی تەسکم لەبەر نەکرد، بۆ ئەوەی زۆر سەرنجی پیاوان بۆ خۆم رانەکێشم، بۆیە ئێستا کە لەجیاتی جینزی تەسك جلوبەرگی بەرین لەبەر دەکەم، هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەم لە تێڕوانینی پیاوان و، رزگارم بووە لە توانجەکانیان».

**سەرچاو: گولولی**

پەیمان زەینەدین
ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی سیروان:

# کارێکی زۆر باشە یانەکان ئافرەتێک یان زیاتریان لە دەستەی کارگێڕیدا هەبێت



لە هەڵبژاردنی ئەمساڵی یانە وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك گەنج و لاوی خوێن گەرم هاتنە نێو ڕیزی یانەکان، کە پێشتر وەك یاریزان خزمەتی وەرزشیان کردووە، یانەی سیروانی هەڵەبجەش یەکێك بووە لەو یانانەی کە ژمارەیەك یاریزانی خۆیان بوونەتەوە بە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەکە. پەیمان زەینەدین یەکێکە لەو کچە یاریزانانەی کە پێشتر بۆ ماوەی زیاتر لە ١١ ساڵ وەك یاریزانی تۆپی باڵەی کچانی سیروان یاریی کردووە، ئەمساڵ بووەتە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەکە و، دەیەوێت وەك کارگێڕی تیپەکە خزمەت بکات، پێشتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی هەڵەبجە و کۆیە و سەرچنار و، دواتریش سیروانی هەڵەبجە یاریی کردوە، پەیمان لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی پارێزگای هەڵەبجەیە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***چۆن بوو بڕیارت دا بێیتە نێو کاری کارگێڕیی یانەکان؟**

-کاتێك کە وازم لە یاریکردن هێنا، سەرۆکی یانەی سیروانی هەڵەبجە پێیخۆشبوو کە خۆم هەڵبژێرم بۆ کاریی کارگێڕیی یانەکان، منیش بڕیارم دا بچمە ناو کاری کارگێڕی و ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ وەرزش لەم سنوورە ئەنجامی بدەم، جگە لەوەش هەوڵی بەرەوپێشچوونی یانەکە بەدەم و پێکەوە کەم و کووڕییەکان چارەسەر بکەین.

*** بەرنامەت چییە بۆ پێشخستنی یانەکەتان؟**

-بەرنامەم زۆرە بەڵام پێویستی بە داراییەکی باش هەیە، پێش هەموو شتێك دروستکردنی تیپێکی باشی کچان بۆ یانەکەم و خزمەتکردنی ئافرەتان لە بواری وەرزش و، دەستگرتنی ئەو کچانەی کە حەزیان بە وەرزش هەیە، زیندوو کردنەوەی یاریی بالە لەم ناوچەیە، زۆر بەرنامەی دیکەش کە دەمەوێت سەرکەوتووبم تێدا.

*** بۆچی بە گشتی لە دەستەی کارگێڕیی یانەکاندا ئافرەتان کەمتر بەرچاو دەکەون؟**

-کاری دەستەی کارگێڕیی یانە زۆر قورسە، تا نەچیتە ناو ئەو بوارەوە نازانیت کە چۆنە، ئافرەتانیش تەنیا حەزیان بە یاریکردنە لە لایەکی دیکەشەوە یانەکانیش هۆکارن، بۆ ئەم بابەتە دەتوانین ئەو یاریزانانەی خزمەتێکی باشی یانەکانیان کردووە و، کاتێك تەمەنیان گەورە دەبێت و واز لە یاریکردن دەهێنن، دەتوانن لە ئیدارەی یانەکان کاربکەن، بۆ هەموو یانەکان کارێکی زۆر باشە ئافرەتێك، یان زیاتر لە کارگێڕی تیپەکانیان هەبێت.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی بالە چۆن دەبینیت؟**

- لەم سنوورەی کە ئێمەی تێداین زۆر خراپە، بە هەمان شێوەیە لە کوردستان تیپی کچان لە چاو جاران زۆر کەم بووەتەوە، حەزی یاریکردن زیاتر لە یاریزانە کۆنەکاندا هەیە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-ساڵانە خولی پەروەردەکان هەبوون، یاریزانی باشی لێ دروست دەبوو، ئێستا ساڵانە یەك خول دەکرێتەوە یاریزان بێتاقەت دەکات، پشتگیریی یاریزانان زۆر کەمە و ناکرێت، لە هیچ ڕوویەکەوە خزمەتی یاریزانی بالە ناکرێت، بە تایبەت کچان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی بالەی کچان بەرەوپێش بچێت لە کوردستان؟**

- ساڵانە خولی تایبەت بە پەروەردە و زانکۆکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی یاریزانی باشی لێ هەڵبژێردرێت، خزمەتکردنی زیاتری یاریزانان لەلایەن یانەکان بۆ ڕاهێنەری باش و دڵسۆز، جگە لەوەش وەرزشی بالە لە کوردستان پشتگوێ خراوە، سەرباری ئەمانەش گەڕانەوەی بودجە بۆ یانەکان کارێکی باش دەبێت.

***گرفتی یاریی تۆپی بالە لە چیدا دەبینیت؟**

-نەدانی شایستە داراییەکان بە یاریزانان گرفتی سەرەکییە و وا لە یاریزان دەکات ساردبێتەوە لە یاریکردن.

*** بڕیارت نەداوە بچیتە نێو کاری ڕاهێنەری؟**

- بەڵێ، پێم خۆشە و پێشنیاریشم کردووە کە قوتابخانەی تۆپی بالە بکەینەوە، خۆشم چەند جارێك پێم گوتراوە کە ببەم بە ڕاهێنەر، بۆ ئەوەی یاریزانی لاو پێبگەیەنین، چونکە ١٩ ساڵ خزمەتی وەرزشم هەیە.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەیت کە یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-تا یاریزانی ناوخۆ هەبێت، نەخێر، بەڵام کە ئەو یاریزانانەمان نەبوو، ئەوکات شتێکی دیکەیە و کێبڕکێش دروست دەبێت، ئەزموون لە یەکتری وەردەگرن و یاریی بالە زیندوو دەکرێتەوە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- پێویستە لایەنی پەیوەندیدار دەستی یاریزانان بگرن و هەوڵی بۆ بدەن و بێ هیوایان نەکەن، یاریزانە کۆنەکانیش ڕێزیان لێ بگیرێت، هەر هیچ نەبێت دەروونیان ئارام بکەنەوە و، لە ڕووی داراییەوە ئەگەر بەشتێکی کەمیش بێت هاوکارییان بکرێت.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشوانێك؟**

-من خەونم زۆر بوو نەهاتە دی و ژیانی وەرزشیم کۆتایی هات، خەونم هەبوو خولەکانی کوردستان و عێراق بۆ یەکجاریش بێ لە هەڵەبجە بەرێوە بچێت، دروستکردنی تیپێکی بەهێز لە یانەی سیروان خەو ن و ئاواتم بوو.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی لە شارەکانی کوردستان ئەنجامی دەدات، بە خزمەتی وەرزشیی ناوخۆ و وەرزشوانان.

# پیانیچ هانی یاریزانان دەدات نەچنە بەرشلۆنە

میرالیم پیانیچ، یاریزانی بۆسنی یانەی بەرشلۆنە ئیسپانی، کە بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی بێشکتاشی تورکی دەکات، هانی هاوڕێکانی دەدات نەچنە بەرشلۆنە.
بە گوێرەی میدیاکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا، یانەی بەرشلۆنە لە هەوڵدایە گرێبەست لەگەڵ هەریەک لە ئەلڤارۆ مۆراتای هێرشبەری ئیسپانی و ماتیاس دیلێختی بەرگریکاری هۆڵەندی بکات.
میرالیم پیانیچ، ڕێنمایی هەردوو هاوڕێی پێشووی لە یوڤێنتوس دەکات نەچنە بەرشلۆنە، بۆ ئەوەی وەک ئەویان بەسەرنەهێنرێت، کە یاریزانە بۆسنییەکە دوای ڕۆیشتنی لە یوڤێنتوسەوە بۆ بەرشلۆنە، نەیتوانی لەگەڵ یانە کەتەلۆنییەکە سەرکەوتوو بێت و هیچ شوێنێکی لە پێکهاتەی سەرەکیدا دەستنەکەوت، بۆیە بەناچاری و بەشێوەی خواستن چووە یانەی بێشکتاشی تورکی.
پیانیچ لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکانی ئیتاڵیا، گوتی: مۆراتا دەزانێت، کە پێویستە چی بکات تاکە ئامۆژگاری، کە بتوانم ئاراستەی هەر یاریزانێک بکەم ئەوەیە ، کە زۆر بیربکاتەوە بەر لەوەی بیەوێت لە شوێنێک بڕوات، کە تێیدا هەست بە دڵخۆشی دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەوانەی دیکە شتێکی گەورەتریشی پێشکەش بکەن.
یاریزانە بۆسنییەکە، هەروەها سەبارەت بە ماتیاس دیلێختیشەوە گوتی: دیلێخت لە یوڤێنتوس دڵخۆشە، کاتێکیش دڵخۆش دەبی باشترە بمێنیتەوە.
لەبارەی ئەگەری نوێکردنەوەی گرێبەستی پاولۆ دیبالاش، پیانیچ گوتی: ئەگەر هەردوولا ئامانجیان مانەوەی یاریزانەکە بێت دەتوانن چارەسەر بدۆزنەوە و ڕێکبکەون، دیبالا هەمیشە دەیەوێت لە یوڤێنتوس بمێنێتەوە.






# سەرۆکی بەرشلۆنە بەڵێن بە هاندەران دەدات

خوان لاپۆرتا سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە، بەڵێنی بە هاندەرانی یانەکەیداوە لە ساڵی ٢٠٢٢ شکۆیان بۆ بگەڕێنێتەوە و یانەکەیان بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ڕکابەریکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکان، ئەم هەنگاوەشی ماوەیەکە دەستپێکردووە.
بەرشلۆنە لەم ساڵانەی دواییە تووشی قەیرانێکی دارایی گەورە بووەتە، لە ساڵی رابردوو بۆ جاری یەکەم لە مێژووی یانەکە قەرزەکانیان سنوری یەک ملیار یۆرۆی تێپەراند، بۆیە سەرۆکی یانەکە لە پێناو کەمکردنەوەی قەرزەکان، بریاریدا دەستبەرداری بەشێک لەو یاریزانانە بێت کە مووچەکانیان زۆرە.
ئەندامانی یانەی بەرشلۆنە، بەم دواییە بە زۆرینەی دەنگ، کە ژمارەیان ٤٢٦٩٣ کەس بوو، واژۆیان لەسەر پرۆژەی ئاسپای بەرشلۆنە کرد، ئەم پرۆژەیە لە لایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی جێبەجێ دەکرێت و چاوەڕێ دەکرێت بەهۆی ئەم پرۆژەیە، یانە کەتەلۆنیەکە زۆرترین کێشەکانیان چارەسەر بێت. ئەم پرۆکەیە لە ساڵی ٢٠٢٦ تەواو دەبێت.
لەم ماوەیەی سەرۆکایەتی خوان لاپۆرتا، ئەو یانەیە دەستبەرداری چەندین یاریزانی خاوەنی مووچەی بەرز بوو، لە بەرامبەردا چەندین یاریزانیان بەبێ بەرامبەر گواستەوە ریزەکانیان، هەروەها ئەو یانەیە توانی لەم ماوەیە داهاتێکی باش کۆبکاتەوە و ئەمەش وایکرد، کە فێران تۆرێس بەرانبەر ٥٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ ریزەکانیان بگوازنەوە.
یەکێک لەو خاڵانەی، کە سەرۆکایەتی یانەی بەرشلۆنە لەم ماوەیە زۆر لەسەری پێداگیر بوو، کەمکردنەوەی مووچەی یاریزانەکانی بوو، ئەوان توانیان ڕێژەیەکی باش لە مووچەکان کەم بکەنەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەوان زیاتر دەست کراوە بن لە گواستنەوەی یاریزانی نوێ.

# سۆن
## باشترینی ئاسیایە

سۆن هیونگ مین، ئەستێرەی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی بۆ ساڵی پێنجەم لەسەر یەک بە باشترین یاریزانی کیشوەری ئاسیا لە ساڵی ٢٠٢١ دەستنیشانکرا.

لە راپرسییەکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیادا، کە بۆ باشترین یاریزان لە کیشوەری ئاسیای کردبوو، سۆن هیونگ مین ئەستێرەی یانەی تۆتنهام و هەڵبژاردەی کۆریای باشوور وەک باشترین یاریزانی کیشوەرەکە دیاریکرا.

راپرسییەکە تایبەت بوو بە باشترین یاریزان لە کیشوەری ئاسیا، بەڵام مەرج نییە ئەو یاریزانە خەڵکی وڵاتێکی ئەو کیشوەرە بێت، بۆ نموونە ئۆسکاری بەرازیلی، ئینێستای ئیسپانی و بافیتیمبی گۆمێزی فەرەنسی دەنگیان پێدرا، بەڵام رێژەیەکی زۆر کەمی دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو.

سۆن لە ساڵی ٢٠٢١ـدا ١٧ گۆڵی بۆ یانەی تۆتنهام تۆمارکرد، لەگەڵ هاری کەیندا دووانەیەکی زۆر مەترسیداریان پێکهێنابوو، لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆریای باشووریش لە کۆی ٨ یاریدا ٤ گۆڵی تۆمارکرد، هەڵبژاردەکەی گەیاندە قۆناخی کۆتایی پاڵاوتنەکانی کیشوەری ئاسیا بۆ گەیشتن بە مۆندیالی ٢٠٢٢.

لە راپرسییەکەدا ٤٧ ئەندامی یەکێتییە وەرزشییەکانی ئاسیا بەشدارییانکرد، سۆن بۆ ساڵی پێنجەم لەسەر یەک وەک باشترین یاریزان دیاریکرا، لە ماوەی ٩ ساڵی رابردوودا ٧ جار ئەم خەڵاتەی بردووەتەوە.

سۆن بە کۆی ٢٤٢ خاڵ پلەی یەکەمی بردەوە، سەردار ئازموونی ئێرانی بە ١١١ خاڵ لە پلەی دووەم هات، مەهدی تارمی کە ئەمیش ئێرانییە ٩٠ خاڵی بردەوە، ئینجا سالم دۆسەری سعودی و تاکیهیرۆ تۆمیاسۆی ژاپۆنی پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان بەرکەوت.



# دەربەندیخان گۆڕانکاری ئەنجام دەدات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دەربەندیخان ئەم وەرزە بە ڕاهێنەرایەتی (هۆگر عەبدوڵا)ی کوڕی شارەکە، چوونەتە نێو کێبڕکێیەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و، لە کۆی ئەنجامدانی یارییەکانی ئەم وەرزەش تیپەکە لە ناوەڕاستی ڕیزبەندی یانەکان دێت، یانەکە دەیەوێت لە قوناغی دووەمی خولەکەدا گۆڕانکاری لە ڕیزی یاریزانانیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە هۆگر عەبدوڵا ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان باشە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەم قوناغەش هەوڵ دەدەین کە تیپەکەمان لە ناوەڕاستی ڕیزبەندی یانەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بێت، ئێمە لە نێو یاریگا بە تایبەتی لە هەردوو هێڵی ناوەڕاست و هێرشبەر کێشەمان هەیە، هەوڵیش دەدەین کێشەکانمان چارەسەر بکەین و کێبڕکێ ئەنجامی باش دەکەین لە یارییەکانی داهاتوو، بۆ قۆناغی داهاتوو گۆڕانکاری لە ڕیزی پێکهاتەی یانەکەمان دەکەین»، مامۆستا هۆگر لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: «ئەگەر کێشەی داراییمان نەیەتە پێش، بە دڵنیاییەوە ئەمساڵیش خولی نایابی کوردستان تیپەکان کێبڕکێ دەکەن لەسەر ئەنجامی شایستە، ئێمەش ئەوەی لە توانامان بێت بۆ خزمەتی یانەی دەربەندیخان ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئەنجام بۆ تیپەکەمان دەستەبەر بکەین».





# کەوسەر کاکە خان وەرزش بووەتە برادەرایەتی

یانەکانی بەشدار لە خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵ گرێبەستیان لەگەڵ چەندین یاریزانی یانەکانی دیکە مۆر کردووە، کەوسەر کاکەخان یاریزانی پێشووی یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەم وەرزە بە پێی گرێبەستێك بووەتە یاریزانی یانەی شێخان، بەڵام چەند هەفتەیەك پێش ئێستا وازهێنانی لە یانەکە ڕاگەیاند، دواتر جارێکی دیکە پەیوەندیی بە یانەی شێخانەوە کردوە، لەم بارەشەوە کەوسەر کاکەخان یاریزانی، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی شێخانم جێهێشت، چونکە کرێی هاتووچۆی منیان نەدەدا، بەڵام بۆ قوناغی دووەم جارێ نازانم بەردەوام دەبم یان نا، لە لە ئێستاشدا لە هەریەك لە یانەکانی سنوور و گارە گرێبەستم بۆ هاتووە، لە ئێستاشدا یاریکردن بووەتە ئەوەی کە دەبێ هاوڕێی ڕاهێنەر بیت، جگە لەوەش، یانەکان پارەی زیاتر دەدەن بە یاریزانانی دەرەوەی شارەکەیان، نازانم بۆچی ئەو پارەیە نادەن بە یاریزانانی شارەکەی خۆیان»، کەوسەر گوتیشی: «لە ساڵی ٢٠١٣ وە خزمەتی شاری هەولێر دەکەم بێ بەرامبەر، نۆ ساڵ لە یانەکانی هەولێر بووم ملیۆنێکم وەرنەگرتووە، بەڵام ئێستا لە شوێنی من یاریزانیان هێناوە بۆ یەك وەرز بە سێ ملیۆن دینار، ئەوانەش هەمووی گرفتە بۆ یاریزانان کە بەم شێوەیە لە شارەکەی خۆت خزمەت ناکرێت و، ناچاریت بچیتە شارێکی دیکە بۆ وەرزشکردن، منیش ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ خزمەتی وەرزشیی فوتساڵ ئەنجامی دەدەم».

# دهۆک هەوڵی گەیشتن بە خولی نایابی عێراق دەدات

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی دهۆك ئەنجامەكانی لە خولی پلە یەكی یانەكانی كوردستان وەكو پێویستە، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی دارایی بەرۆكی یانەكەی گرتووە، بەڵام یانەی دهۆك نیازی هێنانی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە قۆناغی دووەم لە سەر ئەم ڕیتمە یاریكردنە بەردەوام بێت و، پلێتێكی گەیشتن بە خولی نایابی یانەكانی عێراقی بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە عەلی بریفكانی یاریدەدەری ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە خولی پلە یەكی یانەكانی عێراقی ئاست و ئەنجاممان زۆر باشە، وەكو ستافی ڕاهێنەرانیش زۆر گەشبینین بە ئاست و ئەنجامی تیپەكەمان، دەمانەوێت لە خولی عێراقی درێژە بە ئەنجامە باشەكانمان بدەین، بۆ ئەوەی بتوانین پلێتێكی خولی نایاب بەدەست بهێنین»، لەبارەی گرفتەكانی یانەكەشیان یاریدەدەری ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك گوتی: «گرفتی سەرەكیی ئێمە نەبوونی توانای دارایی باشە لە یانەكەماندا بۆ دابینكردنی مووچە، دوو مانگە كارگێڕیی یانەكە مووچەیان لەماڵەوە هێناوە بۆ ئەوەی یاریزانان بەردەوام بن لە یاریكردن، جگە لەوەش خراپیی یاریگەكانی خولی پلە یەكی عێراق، كە ئەوەش گرفتە بۆ یاریزانانی ئێمە، بۆیە ئەوەش كاریگەریی دەبێ لەسەر ئەنجامی تیپەكەمان، لە قۆناغی دووەمیشدا دەمانەوێت ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرز بهێنین لە یانەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، لەگەڵ چەند یاریزانێكی پیشەگەر كە ڕەنگە ئێرانی، یان ئەفریقی بن، هەوڵ دەدەین لە قۆناغی دووەم ئاست و ئەنجامی تیپەكەمان باشتر بێت.





# بەستنی ماسک بۆ خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ لە دووریی کۆمەڵایەتی کاریگەرترە

پێویستە هێشتا ماسکەکەت فڕێ نەدەیت، چونکە کۆڤید١٩ هێشتا ماوە، بەتایبەتی کە بەم دواییە جۆری گۆڕدراوی نوێی ئۆمیکرۆن زۆر بە خێرایی زیاتر لە ٣٨ وڵاتی جیهانی گرووەتەوە. بەردەوامبوون لە گرتنەبەری هەنگاوەکانی خۆپارستن، بەتایبەتی بەستنی ماسك لە شوێنە گشتییەکاندا و، وەرگرتنی ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆڤید گرنگترین دوو هەنگاوی سەرەکین. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC، بەستنی ماسك زۆر کاریگەرە بۆ خۆپاراستن لە هەموو جۆرە گۆڕدراوەکانی کۆڤید١٩ ئەگەر ڤاکسینی کۆڤید وەرگیرابێت، یان وەرنەگیرابێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی تیمێکی پسپۆڕانی ئەڵمانی و ئەمریکیدا هاتووە، بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩، بەستنی ماسك باشتر و کاریگەرترە لە دووریی کۆمەڵایەتی Social distancing، ئەمەشیان ڕوونکردۆتەوە کە بەستنی دروستی ماسك ئەگەری تووشبوون بە کۆڤید١٩ تا ٢٢٥ جار کەم دەکاتەوە بەراورد بە دووریی فیزیکی سێ مەتر، چونکە چانسی تووشبوون بە کۆڤید١٩ دەگاتە نزیکەی ٩٠٪ لە ماوەی پێنج خولەکدا، کە دووریی فیزیکی سێ مەتر بێت لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە، کە هەردووکیان ماسکیان نەبەستبێت.





## ئەو خۆراکانە

جۆری خۆراك پەیوەندیی زۆری بە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵەوە هەیە، بۆنموونە ئەو خۆراکانەی کە بڕی زیادی شەکر، خوێ، یان چەوری لەخۆ دەگرن، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن. بڕی زیادی خوێ هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کاربۆهیدراتە سافکراوەکان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG و پەیدابوونی

# نیشانەکانی کەمیی مەگنسیۆم لە لەشدا



کەمیی مەگنسیۆم Hypomagnesemia لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تا نەگاتە ئاستێکی توند، نیشانەکانی زۆر بەرجەستە نابن، بۆیە زوو دەستنیشان ناکرێت، ئەگەر پشکنینی ڕۆتینی بۆ ئاستی مەگنسیۆم لە خوێندا ئەنجام نەدرێت. جگە لەوەی کە کەمیی مەگنسیۆم لە لەشدا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و سکچوونی درێژخایەن زیاد دەکات، گەلێك نیشانەش پەیدا دەکات، کە بریتین لە: گرژبوون و بێهێزبوونی ماسوولکەکان، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی دەروونی و جەستەیی، پەستی و گرفت لە فرمانەکانی مێشکدا، لاوازبوون، یان پووکانەوەی ئێسك Osteoporosis، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، گرفت لە هەناسەدا لەبەر نیشتنی کالسیۆم لە ناوپۆشی ڕێڕەوەکانی هەناسە و تەسکبوونەوەیان، نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ. پێویستیی ڕۆژانەی مەگنسیۆم بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٤٠٠-٤٢٠ ملگم بۆ پیاو و ٣١٠-٣٢٠ ملگم بۆ ئافرەت، سەرچاوە خۆراکییەکانی مەگنسیۆم: باوی، شوکولاتەی تاریك، فاسۆلیا، گەنمەشامی، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، قاوە، کاکاو، کازو، بندق، شوفان، لەگەڵ تۆوی کەتان.



## ـــــەی بۆ دڵ زیانبەخشن

بەرگریی بۆ ئینسولین، کە ئەگەری نەخۆشیی شەکرە و دڵ زیاد دەکەن. شەکر، یان چەورییە تێرەکان بە تێپەڕبوونی کات ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکەن، گۆشتی سوور و گۆشتی پرۆسێسکراو ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا بەرزدەکەنەوە، هەروەها سۆدا لەبەر بڕی زیادی شەکر، هەویرکاری بەتایبەتی هەویرکاریی سپی و نانی سپی کە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەکەنەوە و کێشی لەش زیاد دەکەن، بە هەمان شێوە برنجی سپی، پیتزا، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کەرە، ماستی پڕچەوری و چێژکراو Flavored Yogurt، خۆراکی لە ڕۆن سوورکراوە بە شێوازی فەرەنسی French Fries، مریشکی سوورکراوە لە زەیتدا Fried Chicken، جیبسی پەتاتە، لەگەڵ ئایس کرێم، هەمان کاریگەرییان هەیە.



# نووستن ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دابەزاندنی کێشی لەش

خەو یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی بەرنامەی دابەزاندنی کێش، چەندێتیی نووستن بەقەد ڕیجیم و مەشقی وەرزشی گرنگە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش. نووستنی شەوانە کە کەمتر بێت لە حەوت کاتژمێر، ئەوا بە کەمنووستن هەژمار دەکرێت، نووستن کەمتر لە ٦-٧ کاتژمێر لە هەموو تەمەنێکدا، هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشی لەش بە چەندین ڕێگا و میکانیزمی جیاواز، بۆنموونە: ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش لە منداڵاندا دەگاتە ٣٠-٤٥٪، لە گەورەکانیش ڕێژەکەی دەگاتە ٣٠٪. کەمنووستن هاندەرە بۆ زیادبوونی ئارەزووی خواردن و زیادکردنی لانی کەم ٤٠٠ کالۆری ڕۆژانە بەهۆی کاریگەریی لە سەر هۆرمۆنەکانی هەستکردن بە برسیبوون و تێربوون، بۆنموونە کەم نووستن هاندەرە بۆ زیادبوونی هۆرمۆنی گهرێلین Ghrelin کە هۆرمۆنی هەستکردنە بە برسیبوون و، کەمبوونی هۆرمۆنی لێپتین Leptin کە هۆرمۆنی هەستکردنە بە تێربوون. لە لایەکی دیکەوە، کەمنووستن ڕێگە خۆش دەکات بۆ خواردن لە درەنگانی شەودا، کە هاندەرێکی دیکەیە بۆ زیادبوونی کێشی لەش، هەروەها کرداری میتابۆلیزم Metabolism خاودەکاتەوە، کە هۆکارە بۆ زیادبوونی کێشی لەش. ماوە بگوترێت کە کەمنووستن مەشقی ڕۆژانە قورس و نارەحەت دەکات، بۆیە کەمتر ئەنجام دەدرێت، دەرەنجام کێشی لەش زیاد دەبێت.

# ئایا مۆمی بۆندار زیانی تەندروستیی هەیە؟

داگیرساندنی مۆم ڕێگایەکی کاریگەر و هەرزانە بۆ هەستکردن بە ئارامی و دڵنەوایی لە ماڵ، یان لە هەر شوێنێکی دیکەدا بە درێژایی ساڵ، بە بوون و نەبوونی بۆنە و چەژن، بەڵام ئایا داگیرساندنی مۆمە بونדارەکان Scented candles بەتایبەتی لە ناو ماڵدا، هیچ زیانی تەندروستیی هەیە؟ لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردۆتەوە کە مۆمی بۆندار هەوای ناوماڵ پیس دەکات و، زۆر زیاتر لە مۆمی بێ بۆن تەنۆلکەی ورد و سووکی ڕەش Soot دروست دەکات، کە بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ هەناسەوەرگرتندا، لە قوڵایی سییەکاندا کۆدەبنەوە و گرفت لە کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا پەیدادەکەن. بۆ بەخشینی بۆنی خۆش، مۆمە بۆنداردان ئاوێتەی ئۆرگانیی هەڵچوو VOCs لەخۆ دەگرن، وەك: فۆرمەلدیهاید، لیمۆنین Limonene، لەگەڵ ئەلکهول و ئیستەرەکان Esters کە گرفتی تەندروستی پەیدا دەکە بە شێوەی سەرئێشە، سەرسووڕان، هەستەوەری، هەوکردنی ڕێڕەوەکانی هەناسە، نۆرەی هەناسەتەنگی هاوشێوەی ڕەبو، لەگەڵ ئەگەری شێرپەنجە. لە لایەکی دیکە، زۆربەی مۆمە بۆندارەکان مۆمی پارافین Paraffin wax لەخۆ دەگرن، کە لە پەترۆڵ و خەڵووزەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەکاتی سووتاندا ئاوێتەی ژەهراوی بە هەوادا بڵاودەکاتەوە، وەك: ئەستۆن، بەنزین لەگەڵ تۆلیوین Toluene کە هەموویان شێرپەنجەیین.



# چۆن کۆڤید١٩ دەبێتە هۆی قژهەڵوەرین؟

لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە تووشبووان پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید ١٩ دوچاری قژهەڵوەرینێکی بەرچاو دەبن، بەگشتی چەند مانگێك پاش چاکبوونەوە ئینجا تەنکبوونی قژ بە توندی دەست پێ دەکات. ئاماژە بەوەش کراوە کە سترێس Stress هۆکاری سەرەکییە بۆ قژهەڵوەرین، پاشان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، ئەگینا خودی ڤایرۆسی کۆرۆنا، یان چارەسەرەکانی ڕاستەوخۆ نابنە هۆی تەنکبوونی قژ، قژهەڵوەرینەکە لە جۆری تەنکبوونی گشتییە Telogen effluvium واتە هەموو پێستی سەر دەگرێتەوە و، ڕۆژانە نزیکەی ٣٠٠ تاڵە قژ هەڵدەوەرێت، بەتایبەتی لەکاتی شانەکردن و شووشتنی قژدا. پسپۆڕان جەختیان کردۆتەوە کە پاش ماوەیەك قژهەڵوەرینەکە لەخۆیەوە دەوەستێت و قژ ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام ماوەیەکی دەوێت کە بە ٦-٩ مانگ مەزەندە دەکرێت، تا ڕەگی مووەکان دووبارە چالاك دەبنەوە و گەشەی قژ وەك پێش تووشبوون بە کۆڤید١٩ دەگەڕێتەوە باری ئاسایی. بۆ هاندانی گەشەی قژ، خۆراکی ڕۆژانەت هاوسەنگ بکە و پەیڕەوی ڕێگەکانی سوککردنی سترێس بکە وەك: مەشقی وەرزشی، پاراستنی پەیوەندییە دروستە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگیدان بە نووستن کە شەوانە لە ٧-٨ کاتژمێر کەمتر نەبێت، هەواگۆڕکێ، لەگەڵ گوێگرتن لە مۆسیقای سۆفت.



# یادگارییەکان لەسەردەمی دیج

**هەندێك ئامێر و ئامراز هەبوون، بۆ نەوەی رابردوو نوستالۆژیان و یادگارییەکان زیندوو دەکەنەوە، کامێراکانی وێنەگرتن لەسەرەتادا دەبا فیلمێك خرابایە سەر کامێراکە و پاشان کە بەهۆی کامێرای خۆیەوە وێنەکە دەگیران، فیلمەکە برابا بۆ تاقیگەی تایبەت بەخۆی و کرابان بە وێنە. ئێستا هەم کامێراکە و هەم تاقیگەکان بوونە مێژوو. فیلمی کاسێتی ڤیدیۆ بەیەکجاری هەم کامێراکانیان و هەم ئامێری بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکە بوون بە ئەرشیف و وەك کەلەپوورێکی دێرینە سەیر دەکرێن. کاسێتەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی دەنگ نەوەی ئێستا هەر قەت**

## فیلمە کاسێتەکانتان بکەن بە دیجیتالی



زۆر کەس هێشتاش فیلمی لەسەر کاسێت ماوە، رەنگە ئەو فیلمانە هەڵگری ئەو یادگاری و یادەوەریانە بن کە لە ژیاندا قەت دووبارە نابنەوە.. زۆرجاریش بەهۆی کەمتەرخەمی و بە باشی هەڵنەگرتن فیلمەکان کوالیتیان لەدەستداوە..

ئەگەر بتەوێ بە ئاسانترین شێواز ئەو فیلمانە بخەی بە فایلێکی دیجیتالی، پێویستە لە ئامێری تایبەت سوود وەربگری، یەکێك لەو ئامێرانە DIGITNOW Vhs To Digital ە، ئامێرێك کە هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم بە باشترین شێوە فیلمەکان دەکات بە فایلێکی دیجیتالی.

ئامێری ناوبراو شاشەیەکی هەیە هەر لەسەر شاشەکە دەتوانی سەیری فیلمەکە بە شێوەی دیجیتالی بکەی. لەسەرەتادا بەهۆی کێبڵێکی تایبەتەوە ئامێرەکە لەگەڵ ڤیدیۆکاسێت پەیوەند بدە، پاشان دوگمەی REC لێبدە. گرنگی ئامێرەکە لەوەدایە بۆ سەیرکردن و گواستنەوە لە حاڵەتی ئەنالۆگ بۆ دیجیتالی پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە. ئامێرەکە نە تەنیا فیلمەکە لە کاسێتەوە دەگوازێت بەڵکو کوالیتی فیلمەکەش بەرز دەکاتەوە لە فۆرماتی AVیەوە دەیکات بە HD. دەنگەکەشی بەهێز دەکات. میمۆری ناو ئامێرەکە ١٢٨ گیگایە. جگە لەوەش لە کارتی SDیش سوود وەردەگرێ.

## فیلمی وێنەکانتان لە ئەنالۆگەوە بگۆڕین بە دیجیتالی



هەتا سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠ کەس بە خەیاڵیدا نەدەهات کامێرای فیلمی وێنەگرتن نەمێنێ، ببێتە بە کامێرای دیجیتالی. نەوەی ئێستا تەنیا لە فیلمەکاندا کامێرای ئەنالۆگیان دیوە. ئێستاش لە زۆربەی ماڵان و لەلای زۆر کەس فیلمی وێنەکان ماون، بەڵام تاقیگەیەك نەماوە کە بکرێت جارێکی دیکە فیلمەکان بخاتە سەر کاغەز. سکاینەرەکانی تایبەت بە گۆڕینی فیلمی وێنە، بۆ سەر کۆمپیوتەر و کردنیان بە دیجتیالی گەلێك زۆرن، یەکێك لەو ئامێرانە سکاینەری جۆری QIPXە.

ئەو ئامێرە فیلمە کۆنەکان بە کوالیتی ١٦ میگاپیکسل دەکات بە دیجیتالی. شاشەیەك لەسەر سکانەکە هەیە هەر لەوێدا بە گەشی و روونیەکی زۆرەوە دەتوانی وێنەکە سەیر بکەی.

کێشی سکاینەرەکە تەنیا ٨٥٠ گرامە. ئامێرەکە پشتیوانی لە هەموو جۆرە فیلمێك دەکات. فلمی ٣٥ ملمی کە بەناوبانگترین فیلم بوو. هەروەها فیلمی سەر کارتە تایبەتەکان.

سکاینەرەکە هەر تایبەت نییە بە فیلم، بەڵکو هەموو شتێك سکان دەکات.

سکاینەرەکە پێویستی بە هیچ کۆمپیوتەرێك نییە. میمۆرییەکەی لەناو خۆیدایە.

# ـــــــــيتاليدا

**چاویشی پێنەکەوتووە. ئەگەر بتەوێ لەم سەردەمەدا فیلمی وێنە و ڤیدیۆ و هەروەها کاسێتەکانی دەنگ تۆمارکردن بکەی بە دیجیتالی پێویستت بە ئامێری تایبەتە. لێرەدا چەند نموونەیەك لەو ئامێرانە دێنینەوە..**

## ئامێرێک بۆ گۆڕینی کاسێتە دەنگییەکان

بە دوای ئامێری گرامافۆندا،کە کاسێتەکانیان لەناو ئێمەدا پێی دەگوترا (قەوان)، گرنگترین ئامێری دەنگ ریکۆردکردن و دەنگ بڵاوکردنەوە، ریکۆردێری کاسێت بوو (مسجل). بەدوای شەپۆلی سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای نوێدا، ئامێری دەنگ تۆمارکردنی کاسێت، بەتەواوی نەما. بەڵام کاسێتەکان هێشتاش لە زۆر ماڵاندا کەلێنێکی ژووریان داگیرکردووە. گەلێك ئامێری تایبەت بە گۆڕرینی کاسێت بۆ فایلە دیجیتالیەکان بەرهەم هاتن. یەکێك لەو ئامێرانە ئامێری جۆری (Walk-man AV205)یە.

ئەم ئامێرە بۆ گۆڕینی کاسێتێك بۆ فایلێکی دەنگی پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە، شوێنێکی تایبەتی هەیە بە دانانی فلاش میمۆری، دوای دانانی کاسێتەکە، دوگمەی گۆڕین لێبدە و بە ئاسانی کاسێتەکە دەکات بە فایلێکی MP3. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە دەتوانرێت فایلێکی دیجیتالیش بخەیە سەر کاسێت.




# دوویشکە ڕەشەکە و تایبەتمەندییەکانی



کاتێك لەسەر ئەم کورسییە دادەنیشی کە زۆر وەك دووپشکێکی ڕەشی سەرنجڕاکێش دەچێ، هەست پێدەکەی لەناو فیلمێکی خەیاڵی زانستیدای. ئەم کورسییە کە هەم دیزاینەکەی خەیاڵییەو هەم بۆ کڕینەکەی پارەیەکی خەیاڵی دەوێت، تایبەتمەندییەکانیشی خەیاڵین.

کورسی جۆری Cluvens Scorpion Computer Cockpit کورسییەکە لەیەك کاتدا بۆ شەش جۆر خۆی دەگۆڕێت.

دیزاینەکەی لە شێوەی دووپێشکێکی ڕەش دەچێت. لە کۆتایی کلکی دووپشکەکەدا چەندین شاشە دادەنرێن. لە لای پێیەکانی دووپشکەکە چەند پایەیەك هەن کە بۆ ڕێکخستنی بەرز و نەوی کردنی کورسییەکەن.

وەك ئاماژەم پێدا لەسەر کلکی دووپشکەکە سێ شاشە دادەنرێن. نە تەنیا سێ شاشە دەکرێت چەند شاشەی بچووك یان شاشەیەکی مەزنیش دابندرێت. بەڵام سێ شاشەی لە جۆری ٢٩ ئینجی دادەنرێن. شاشەکان بە شێوەی ١٧٠ پلە دەگۆڕدرێن.

# پتەوترین و بەهـــــــــــــ



لاپتۆپ واتە کۆمپیوتەری گەڕۆك، بەتایبەتی ئەوانەی لەم سەردەمەدا بەرهەم دێن، زۆربەیان تەنك و کێشیان کەمە. بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بە ئاسانی لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێك بیبات. ئەوەش شتێکی ئاساییە کە پتەو نەبێت و لە ئاست بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە بە ئاسانی زەربەی بەربکەوێت.

کۆمپانیای dell لەم دواییەدا دوو لاپتۆپی زۆر پتەو و خۆراگری بەرهەم هێنا. لاپتۆپەکانی

.Dell Latitude 7330 Rugged) (Etreme وDell Latitude 5430 Rugged))

هەردوو لاپتۆپەکە ویندۆز ١١یان لەسەرە. لاپتۆپەکە بۆ ئەو ئەندازیاریانە دەگونجێت کە ئەرکی



# کاتژمێرێک بۆ پاقژکردنەوەی پەنجەکانتان



ئامێری شێوە کاتژمێر جۆری SprayCare Band وەك کاتژمێر لە دەست دەکرێ، بەڵام ئەرکی کاتژمێر شێوەکە نیشاندانی کات نییە، بەڵکو بۆ خاوێنکردنەوەی پەنجەکان و ئەو شوێنانەیە کە پەنجەی لەسەر دادەنرێ. لە راستیدا سپرایەکی دژە باکترییە. بە داگرتنی دوگمەیەك، سپرای دژە باکتری بەسەر دەستەکانی بەکارهێنەردا دەکات. بیرۆکەی داهێنانی ئەو ئامێرە لەسەردەمی کرۆنادا سەری هەڵدا، ئەوکاتەی کە رایانگەیاند بۆ ئەوەی کە تووشی کرۆنا نەبن پێویستە لە ماوەی کاتژمێرێکدا چەند جار دەستەکانتان لە باکتریا بسڕنەوە.

کاتژمێر شێوەی SprayCare Band هەتا ٤٠ جار سپرا بە پەنجەکانی بەکارهێنەردا دەکات و دواتر بە مادەی دژە باکتریا پڕدەکرێتەوە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، هۆکاری چییە بەردەوام ئینتەرنێتی وای-فای ماڵەوەمان دەپچڕێت؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر هۆکار هەن بۆ پچڕانی ئینتەرنێتی wi-fi ماڵەوە، یەکێك لە هۆکارەکان دوای بە زیرەك کردنی کارەبا، ئەگەر بۆردی ئینتەرنێتەکە لە نزیك بۆردی کارەبای زیرەك بێ، کێشە بۆ دەبێ، هۆکاری دووەم رەنگە زۆر ئامێری پێوە پەیوەند درابێ. هۆکارێکی دیکەش رەنگە لە نزیك مۆدێمەکەت (راوتەر)، ئامێرێکی وەك مایکرۆیۆ یا ئەو ئامێرانەی شەپۆل بڵاو دەکەنەوە هەبێ. یان ئەگەری هەیە راوتەرەکە لە مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەت زۆر دوور بێ. ئەگەرێکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە پێشووتر لە راوتەرێکی دیکە نزیك لەماڵەوەت پەیوەندیت هەبووبێ.



## ...ێزترین لاپتۆپ

قورسی ئەندازیاری ئەنجام دەدەن و دەچنە سەر تاوەرە بەرزەکان، یان بۆ ئەوانەی کارو ئەرکی سوپایی ئەنجام دەدەن.

ئەم دوو لاپتۆپە بۆ هەموو جۆرە کەش و هەوایەك دەگونجێن. بە ئاو تێکناچن و لە ئاست تیشکی خۆریشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش و بەباشی دەبیندرێ. هەردوو لاپتۆپەکە وای-فای ٦یان لەسەرە. باترییەکەیان زۆر بەهێزە، بە کارکردنی بەردەوام دەتوانرێ هەتا ٢٥ کاتژمێر کاری پێبکرێ. لاپتۆپەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، یەکەمیان ١٤ و ئەوی تریان ١٣ ئینجە. کێشیان ناگاتە دوو کیلۆ. لە تاقیکردنەوەدا لە بەرزاییەکی بەرزەوە فڕێیان دانە خوارەوە هیچیان لێنەهات.




## ماڵپەڕێک شوێنە گەشتیارییەکانی جیهانت نیشان دەدا

کاتێك ماڵپەڕی secretdoor.notepadwebdevelopment.com دەکەیەوە. بەرەو جیهانێکی دیکەت دەبا. سەرەتا تەنیا دەرگایەك دەبینی، بەڵام کاتێك لە ئەلقەی کردنەوەی دەرگا دەدەی، ئیدی دەرگاکە دەکرێتەوەو بەرەو شوێنێکی گرنگ و گەشتیاری جیهانت دەبا، شوێنێکەت بە جۆرێك نیشان دەدا هەروەك ئەوە وایە کە بۆخۆت لە شوێنەکە بی. چونکە شوێنکە سێ دەورییە و بە هەر چوارلادا دەتوانی سەیری بکەی و دەتوانی ئەو کەلوپەلانەی لە شوێنەکەشن ناویان بزانی. ئەگەر ئەویشت بە دڵ نەبوو، ئەوە لەلای چەپ دەتوانی بە کلیکێك شوێنەکەت بگۆڕی..

## پرۆگرامێک بۆ کاری دیزاینی فیلم

گەلێك پرۆگرام هەن کە تایبەتن بەکاری دیزاینی لۆگۆ و منۆی فیلمەکان، هەندێکیان ئێفێکتی زۆر جوان و سەرنجراکێشیان تێدایە، کاتێك بینەر سەیریان دەکا چێژیان لێوەردەگرێ.

پرۆگرامی BluffTitler پرۆگرامێکە کە بەهۆی ئەوەوە دەکرێت مینۆی زۆر سەرنج راکێش و ناوازە بۆ فیلمەکان چێ بکەی چ بە شێوەی دوو دەوری و چ بەشێوەی سێ دەوری. دروستکردنی ئێفێکتی ئەنیمەیشنی (جوڵەدار) بە ئاسانترین شێوە. بە رادەیەك دەکرێ بڵێین پرۆگرامی ناوبراو دەتوانێ ئەوەی ئەنیمەیشنی سێ دەوری هەیە بە ویستی خۆت لە پرۆگرامەکەدا بە کاری بێنی.





بۆ ئاسانکاری لە ئەرکەکەدا زنجیرەیەك ئێفێکتی جۆراوجۆری سێ رەهەندی لە پێشدا ئامادەکراو هەیە تاکو بەکارهێنەرێکی زۆر ناشارەزاش بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا دیزاینێکی جوان بۆ فیلمەکەی دروست بکا.

# چاکێتی سپی جلی فەرمی ساڵی ٢٠٢٢ دەبێت

ساڵی تازە گۆڕانکاریی مۆدە و ڕەنگەکانە، بەتایبەتی ڕەنگی جلوبەرگ، لە ساڵی تازەدا تیشك دەخرێتە سەر ڕەنگی کراوە و دیار، وەك سپی و سیلڤەر. پێشتر لە وەرزی زستاندا ڕەنگی سپی باو نەبوو، بەهۆی ئەوەی لەو وەرزەدا زوو پیس دەبێت، بەڵام پسپۆڕانی مارکەکانی (بوربێری، شانێل) چەند جۆرە جلوبەرگێکیان بۆ ئەو وەرزە تەرخان کردووە، وەك: چاکێت لە ڕەنگی سپی، بەهۆی ئەوەی کەسایەتی و سەرنجڕاکێشیی تەواوی پێوە دیارە، ئەو جلە لەگەڵ زۆربەی جلوبەرگەکانی دیکەدا دەگونجێت، چاکێتەکان لە مۆدی ئەلاباما میوز و بێربێرییە، کە شێوەی کلاسیك لەخۆ دەگرێت، هەروەها لە سەر خواست و شێوازی گەنجانەیە، کە پەلوپۆی جۆراجۆری لە بەشی پێشەوەی هەیە، زیاتریش لە فەروو دروست کراون، لە ڕەنگەکانی سپی و سپی کاڵ و ڕەنگی سپیی تێکەڵ بە شەکەری و قاوەیی کاڵ، ئەو جۆرە چاکێتە بۆ شوێنی فەرمی بەکاردێت، وەك دەوام و زانکۆ و کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ کەسانی بەرجەستەدا، مارکەی شانێل لە مۆدە تازەکانی چاکێتەکاندا تیشکی خستووەتە سەر چاکێتی درێژ و ناوەندی تا سەر ئەژنۆ و کەمەر، لە ڕەنگی میتالیکی زیوی، هەروەها چاکێتی سپی ڕازاوە بە دوگمە لە هەردوو تەنیشتەکانەوە، کە یەخەیەکی گەورەشی هەیە و بە پەڕەمووچ ڕازاوەتەوە، ئەو جۆرە چاکێتەکانە بۆ ئاهەنگی شەوانە و دەرچوون و شوێنی تایبەت لەبەر دەکرێت.





# ڕەنگە هەڵبژێردراوەکانی قژ بۆ ساڵی تازە

لەگەڵ هاتنی ساڵی تازەدا، مۆدی جوانکاری و جلوبەرگ و ڕەنگ و ماکیاژەکان بەو جۆرەی کە پسپۆڕان و مارکەکانی جیهانی بەرنامە ڕێژەیی بۆ دەکەن، گۆڕانکاریی تەواویان بەسەردا دێت. لە ساڵی ٢٠٢٢ لە سەرەتای ساڵەوە گرنگی بە ڕەنگەکانی قژ دەدرێت، کە چەند مارکە و پسپۆڕێك، کۆمەڵێك ڕەنگیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕەنگی ساڵ، بۆ قژی خانمان، ڕەنگەکانیش بریتیین لە: ڕەنگی برۆند، کە ڕەنگێکە لە نێوان زەرد و قاوەیی تێکەڵە و، بۆ ئەوانەیە کە ڕەنگی پێستیان کراوە و ئەستمەرە، بۆ کاتی دەرچوون و گەشت گونجاوە. ڕەنگی قژی قاوەیی بەرەو سوور، بۆ ئەوانە گونجاوە کە ئەسمەرن، ئەو ڕەنگە دەبێتە لووتکەی ڕەنگی قژ، چونکە کرانەوە بە پێستت دەدات، بۆ کاتی دەوام و زانکۆ دەشێت. ڕەنگی گەنمی بۆ قژ، مۆدێکی دیکەیە و بۆ هەموو پێستێك دەبێت، بۆ ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی ئەو ڕەنگە بۆ پرچت بەکار بهێنە. ڕەنگی هایلایت، واتە ڕەنگاوڕەنگ بە تاڵی جۆراوجۆر، مۆدێکی باوە و تایبەتە، بۆ شوێنی تایبەت و وێنەگرتن گونجاوە، دوا ڕەنگ بریتییە لە ڕەنگی مسیی مەیلەو پرتەقاڵی، مۆدێکی باوە و ناوازەیە، لە نێوان ڕەنگی مسی و سووری وەك فراولەیە، بە تایبەت بۆ بەشی پێشەوەی قژ باوە، ئەو شێوازە بۆ بۆنەی تایبەت و یادەکان و سەهرەی شەوانە دەبێت.

# نهێنی جوانیت لە ژیانێکی خۆش و ئارامدایە

پسپۆڕانی جوانکاری دەڵێن دڵخۆشی و ژیانێکی ئارام دوو هێندەی مۆدە و جلوبەرگ و ماکیاژەکان کاریگەرییان لەسەر جوانی دەبێت، بە تایبەت کاتێك خانمێك دڵ خۆشە و بە دڵێکی ئارامەوە دەژی، جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی لە نێو خەم و خەفەت و کێشەدا دەژی، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێك بدەین تا بەسەر کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بین، چونکە ئەوانەی لە نێو خەم و ناخۆشیدا ژیان بەڕێ دەکەن، هەر زوو جوانییان لە دەست دەدەن، بۆیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخەدا پێویستمان بە چەند هەنگاوێکە کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو، سەرەتا وەك خانمێك پێویستیت بە ئارامی و هەستێکی خۆش هەیە، بۆ ئەوەی جوانیت بدرەوشێتەوە، هەمیشە شێوەیەکی ئاسایی و بە بێ دوودڵی هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدە، هەستەکانت فەرامۆش مەکە، بە تایبەت بۆ کەسی نزیکت، یان هاوسەرت، یان هاوڕێ و خۆشەویستانت، بۆیە هەستەکانت لەگەڵیدا یەك بخە، لە هەوڵی بەردەوامی بەدەستهێنانی پشتگیری و پاڵپشتیدا بە، پێویستت بەوە هەیە کە هەمیشە پاڵپشتیت هەبێت تا دڵت خۆش بێت، ئومێدت بۆ ژیان و داهاتوو هەبێت، تا بێ ئومێدیت پێوە دیار نەبێت، بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ و پلانت هەبێت، بەرامبەر کێشەکان مەوەستە و چارەسەریان بکە.





## ماوەی ٤٥ ساڵە دەستی نەهێناوەتە خوارەوە

هەندێك جار بوونی نەخۆشی لە جەستەی مرۆڤدا، دەبێتە مایەی شێواندن و تەنانەت دروستکردنی حاڵەتێك کە جێگەی سەرسوڕمان بێت، نەخۆشیی ئەو پیاوە هیندستانییە بووەتە هۆکارێك کە ماوەی ٤٥ ساڵە دەستێکی بەرەو سەرەوە وەستاندووە، وەك ئەوەی بە ئەنقەست وایکردبێت، ئەو پیاوە ناوی (ئامار بەهێرتییە)، جگە لەوەی تووشی نەخۆشییەکی ئێسك بووە کە ئێسکی ئنیشکی نانووشتێتەوە، ئەویش بە هەڵی زانییوە و نەخۆشییەکەی کردووەتە مەسەلەیەکی نەتەوەیی. ئامار لە بانك کار دەکات لە ساڵی ١٩٧٣ کە دوای ئەوەی ئێسکی دەستی وشك بووە، ئەویش بڕیاری داوە کە تا گەلی هیندستان لە ژێر ستەم و داگیرکاریدا بێت، ئەو دەستی هەر وا دەبێت، تا دەگاتە ئەو ڕۆژەی کە هیندستان بە تەواوی ڕزگاری دەبێت، ئامار خاوەن سێ منداڵە، لە ڕاپۆرتی نەخۆشخانەیەکی ئەو وڵاتەدا هاتووە، کە دەمار و خوێنبەرەکانی دەستی ئامار وشك بوون، بەمەش دۆزینەوەی چارەسەری ئەستەمە.

## سەیر و سەمەرەکانی ئەشکەوتی کونەبا



ئەشکەوتی کونەبا بە ئەشکەوتی (کریستاڵ) یش دەناسرێت، دەکەوێتە دامێنی شاخی گوڵانەوە بە دووری (١٥) کیلومەتر لە قەزای دەربەندیخانی شاری سلێمانی، یەکێکە لە شوێنەوارە دەگمەنەکانی کوردستان، بەتایبەتی و جیهان بە گشتی، کە شێوەو پێکهاتە و دروستبونی ملیۆنان ساڵی خایاندووە. بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەیەکی ئەمریکی کە سەردانی ئەم ئەشکەوتەیان کردووە، دەڵێن: سێ جێگای هاوشێوەی ئەم ئەشکەوتە لە جیهاندا هەن، یەکێك لە هاوشێوەکانی لە وڵاتی لوبنانە بەناوی ( جعیتا)یە، ناوی (کونە با) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە وەرزی هاویندا هەوایەکی فێنك لە ئەشکەوتەکەوە ڕووەو دەرەوە دێت، بەڵام لە وەرزی زستاندا پێچەوانە دەبێتەوە هەوا فێنکەکە لە دەرەوە ڕووەو ناوەوە دەچێت، ئەم ئەشکەوتە دەروازەیەکی بچووکی هەیە بۆ چوونە ژوورەوە، لە ناوەوە درێژییەکەی ٦٧٦ مەترە، لە بەشی لای ڕاستەوە بە شێوەیەکە، کە کۆتاییەکەی دیارنییە و تا ئێستاش کەس نەگەیشتوەتە کۆتاییەکەی، هەروەها بە لای چەپیشدا سێ بەشی دیکەی لێ دەبێتەوە و بە هەر ئاراستەیەکدا دوای چەند مەترێك ڕۆیشتن چەند کونێك دێتە سەرڕێگات، کە بە سنگە خشکێ نەبێت، ڕۆیشتن بە ناویدا مەحاڵ، کریستاڵەکانی کە بەهۆی تنۆکە ئەوەکانی ئەشکەوتەکەوە دروستبوون، جوانییەکی زۆر سەرنجڕاکێش دەبەخشنە دیمەنی ئەشکەوتەکە، کە هەندێکیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕبونەتەوە و، هەندێکی دیکەشیان لە خوارەوە بۆسەرەوە بەرز بوونەتەوە، بەشێکی زۆری ئەم ئەشکەوتە بەردەوام تەڕە، بەتایبەت کاتێك ڕووناکیی بەر دەکەوێت، وەك کریستاڵ دەدرەوشێنەوە، هۆکارێکی دیکەی سەرنج ڕاکێشیی ئەم ئەشکەوتە ئەوەیە کە هیچ جۆرە گیانلەبەرێکی تێدا ناژی و، تا ئێستا هۆکارەکەشی نازانرێت لەبەرچییە. لە هەندێ بەشی ناوەوەی ئەشکەوتەدا شوێنی هەیە کە نزیکەی ٣٠ مەترێك دەچیتە خوارەوە، بەم هۆیەوە ئاوی ناو ئەشکەوتەکە گۆماوی گەورەی دروست کردووە کە ئاوێکی زۆر ڕونی تێداکۆبۆتەوە، تەنانەت بۆ خواردنەوەش دەشێت، ئەم ئەشکەوتە پێکهاتەیەکی سرووشتییە و پێکهاتەی ناوەوەی بەرد و کلس و خۆڵە، کە لە ئەنجامی بوونی ڕادەی زۆری شێ و ئاو بە پێکهاتەیەکی کلسی بەردین داپۆشراوە و، دیمەنێکی جوان و درەوشاوەی ناوازە و ڕەنگی بە ناوەوەی ئەشکەوتەکە بەخشیوە.


# خێزانێک خاوەنی ٢٢ منداڵن

خێزانی سو ڕادفۆرد، ئەو خێزانەی کە لە جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە بەوەی خاوەنی زۆرترین منداڵن، دواجار لە ساڵی ٢٠٢١ بوونە خاوەنی (٢٢) منداڵ کە دواهەمینیان کوڕێکە بە ناوی ئارشی، سو تەمەنی ٤٦ ساڵە و، نوێل ڕادفۆردی هاوسەری بەو کەشە دڵخۆشە کە ئەو کۆمەڵە منداڵەیان هەیە، وەك خۆی دەڵێت: «لە خۆشیاندا هەندێ جار ناوەکانیشیانم بیر دەچێتەوە»، ئەو خێزانە ناوبانگێکی جیهانییان تۆمار کردووە، بەوەی لە دایکێك ئەو هەموو منداڵە هەبێت، هەرچەندە لە هەندێ شوێنی دیکەدا خێزان هەن کە منداڵی زۆریان هەیە، بەڵام لە زیاتر لە باوك و دایکێکن. سو دەڵێت: «لە ماڵەکەی ئێمەدا هەموو شتێك بە گرووپ و کۆمەڵە، خواردنی بە کۆمەڵ، گەشتی گرووپ، تەنانەت خۆشۆردنیش بە سەرەیە، دڵخۆشم ئەو کۆمەڵە جگەرگۆشە جوانەم هەن، بڕیاری کۆتاییشمان داوە کە ٢٢ منداڵ زیاترمان نەبێت.









## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی کاریگەرە، باس لە گرنگیی ئەقڵ و بیرکردنەوە دەکات، کە کۆمەڵە کەسێك دەیانەوێت ئەقڵێکی گەورە لەسەر شوێنێکی گەورە بە دەست بهێنن.




# داخورانی تایە

هۆکارەکانی داخورانی تایە بریتیین لە: نادروستیی پەستانی هەوای ناو تایەکان، دەرچوونی تایە لە پێگەی خۆی، هاوسەنگ نەبوونی تایە، باش نەبەستنی بۆڵبرینگی تایەکان، لاربوونەوەی تایە (مەبەست میزانییەی تایەکان)، ئەگەر داخوران لە دوو تایەی پێشەوە بوو لەدرایڤ شەفتدایە وە لە دوو تایەی دواوە، لە ئەکسلدایە، هۆکاری دیکەش شۆفێرە بەهۆی کوتوپڕ وەستان و دەرچوونی کوتوپڕەوە، هەروەها داخورانی ناوەڕاستی تایەکان بەهۆی زۆریی پەستانی هەوایە، داخورانی تەنیشتی تایەکان کەمی پەستانی هەوایە، بوونی کۆمەڵە پەڵەی داخوران لە تایەدا بەهۆی نا هاوسەنگیی تایەکەوە دروست دەبێت، ڕێکخستنی تایەکانی پێشەوە بریتییە لە ڕێکخستنی هەموو ئەو بەشانەی کە کاریگەرییان لەسەر لاربوونەوەی تایەکە هەیە، کە پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ مانەوەی تایەی پێشەوە لە پێگەی خۆیدا.

## فیلم

## منیش خۆشم ناوێی - I Don›t Love You Either




فیلمێکی ڕۆمانسی و خۆشەویستییە، باس لە دوو هاوڕێ دەکات بە ناوەکانی (نینا و دیلان)، کە هیچ نهێنی و شتێکی شاراوەیان لە نێواندا نەبووە، دوای دابڕانێك کە نینا سەردانی دیلان دەکاتەوە، ئەو کاتە هەست دەکات کە کەسێکی شیاوە ئامادەیە لەگەڵیدا ژیان بەرێ بکات، فیلمەکە لە دەرهێنانی (ئینیس ڕیگ و ڕۆدلۆفی لاوگا)یە، لە ساڵی ٢٠٢١ بەرهەم هێنراوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٥ خولەکە، لە بەرهەمهێنانی (مارك سترانیمیرۆڤیچ)ە، لە نواندنی (ئینیس ڕیگ، لاوری پاریت، کیڤن دیبۆنی، کۆنستانسی لابێ)یە.

## نوکتە

دوو کەس خەریکی مریشکخواردن بوون، یەکێکیان فێلزان بوو، بەوەی دیکەی گوت: باوکت چۆن مرد؟

ئەویش هەتا گێڕایەوە و گوتی وا بوو و، نەخۆش بوو و، نەشتەرگەری بۆکراو... هتد، بینی هاوڕێکەی نیوەی مریشکەکەی خواردووە،

ئەویش ویستی تۆڵی خۆی بکاتەوە، بەوەی دیکە دەڵێ: ئەرێ تۆ باوکت چۆن مرد؟

فێڵزانەکەش دەڵێت: باوکم کەوت و یەکسەر گیانی دەرچوو.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

گوێ لە ئامۆژگاریی کەسانی دەوروبەرت بگرە و، بە باشی جێبەجێیان بکە، گرنگ نییە چەند بە سەختی هەول بدەیت، ئەگەر زانیت کەسانێك هەن لە کارەکانت ڕازی نین، ڕێگە مەدە بیرکردنەوەی ئەو کەسانە بتوەستێنێت، ئەم چەند ڕۆژە ناکۆکی لە نێوان خۆت و کەسانێك ڕویداوە، پێویستە چارەسەری بکەیت و هێندەش بە خۆپەرستی بیر نەکەیتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

زۆر لەوە بەهێزتریت کە خۆت بیری لێ دەکەیتەوە، ئەم کارانەی ئەنجامی دەدەیت لە لایەنی پیشەییەوە، دەبێتە هۆی سەرکەوتنت و خێزانەکەشت شانازیت پێوە دەکەن، سەرنجت لەسەر پەیوەندیی سۆزداریت بێت و زیاتر گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکە، لە پێناو بەهێزبونی پەیوەندییەکەتان، پێویستە پێدا چوونەوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتدا بکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتی ئەوەیە کێشەکانت چارەسەر بکەیت و ڕێگە نەدەیت کەسانی زیاتر تەداخولی کێشەکانت بکەن، متمانەت بە تواناکانت هەبێت، هەندێك لە هاوڕێکانت هێندە جێی متمانە نین، بۆیە هەمو نهێنییەکی ژیانت مەدرکێنە لایان، وریابە دەربارەی هەڵسوکەوتەکانت و دڵی خێزانەکەت بە وشە زبرەکانت مەرەنجێنە، بۆ چارەسەری گرفتەکانت زیاتر پشت بە خۆت ببەستە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەیت، وەك ئەوەی هەمو شتێك بزانیت،ئەمە بیرکردنەوەیەکی باش نییە، پێش ئەوەی بڕیار لە سەر پرۆژەیەك بدەیت، بەوردی بیری لێ بکەرەوە، بە هیچ شێوەیەك بیر لەو هەڵانە مەکەرەوە کە لە رابردودا ئەنجامت داون و، هەست بە شەرمەزاری مەکە بەرامبەریان، دەربڕینی خۆشەویستی پەیوەندیی سۆزداریت بەهێز دەکات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ماوەیەکە وا هەست دەکەیت کە پێویستت بە کەسێك هەیە بۆ ئەوەی هەندێك نهێنیی ژیانتی بۆ باس بکەیت، دڵنیاببەرەوە لەوەی کە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێریت، کەسێکی متمانە پێکراوە، گرنگی بە پەیوەندیی سۆزداریت بدە و لە ژیانی ڕۆتینی دوور بکەوەرەوە، ئەو ئەزموونەی پێشتر بەدەستت هێناوە، ئەم چەند ڕۆژە سوودی لێ دەبینیتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەندێك کێشە لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا دروست بووە، ڕێگە مەدە کێشەکەتان بەردەوام بێت و هەوڵ بدە بەزویی کۆتایی پێ بهێنیت، ئەگەر ئەم چەند ڕۆژە هەست بە ماندوبونێکی زۆر دەکەیت و دەتەوێت بە تەنیا بمێنیتەوە و، هەندێك پشوو وەربگریت، کارێکی باش دەکەیت گرنگییەکی زۆر بەخۆت بدە و، ئاگاداری لایەنی تەندروستیت بە.

# ژیان لە نێو هێلکەدا


(ستیڤن تێرنەر) هونەرمەندێکی وڵاتی بەریتانیایە، هێندە حەزی بە هێلکەخواردنە، بەو هۆیەشەوە دوای لە ئەندازیارێك کرد کە خانوویەکی لە شێوەی هێلکە بۆ دروست بکات، ئەو هونەرمەندە تەمەنی (٥٨) ساڵە و خانووەکەی بە بڕی (٦٤) هەزار دۆلار بۆ دروست کراوە کە ماددەی داری برنجیان لە دروستکردنیدا بەکارهێناوە، ستیڤن دەتوانێت بە خانووە هێلکەییەکەیەوە گەشت بکات و بچێتە زۆربەی شوێنەکانی ئەو وڵاتە. بیرۆکەی ئەم پیاوە ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا سەردانی زۆرترین قوتابخانە و زانکۆ و شوێنە فەرمییەکانی وڵاتبکات، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە بارەی پاراستنی ژینگەوە.





## پەند و وتە

مارلین هاوگ مانسن، کە بە ناوی (مارلین مانسن) دەناسرێت، گۆرانیبێژێکی ناوداری ئەمریکییە و، لە ساڵی ١٩٦٩ لە کانتۆن لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکا لەدایکبووە، دەربارەی پەیوەندیی کەسایەتی بە شێوە و ڕەفتار دەڵێت: هەندێ مرۆڤ هەن، کە حەز دەکەن و دەیانەوێت کەسایەتی و کەسێتیی تاکێك بە شێوە و ڕەفتارەکانیەوە ببەستنەوە، یان بە شێوەیەکی خراپی ناوزەند بکەن، ئەوە مانای سادەیی و نەفامیی ئەو کەسانەیە کە بەم چەشنە بیر دەکەنەوە.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا، دوو ئافرەت هەن، لە هەمان ئاست و هێلدا وەستاون، بەڵام یەکێکیان لەوەی دیکە گەورەتر و بەرزتر دەردەکەوێت، هەوڵ بدە ڕاست و دروستیی فێڵکاریی وێنەکە ئاشکرا بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

خۆپەرستیت بەرەو تەنیاییت دەبات و کەسانی چواردەورت لێت دوور دەکەونەوە، هەندێك بارودۆخ دێتە پێشەوە کە هەست بەدڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت، وەکو ئەوە وایە تازە لەدایك بوویتەوە، هیچ نهێنیەك نییە لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا کە مایەی نیگەرانی بێت، هەندێك لێکتێنەگەیشتن لە نێوان خۆت و خێزانەکەتدا روی داوە، هەوڵبدە چارەسەریان بکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

وەرگرتنی کاتێك بۆ پچوو وەرگرتن بە تەنیایی سوود بەخش دەبێت بۆت، ڕەنگە ئەم چەند ڕۆژە هەوڵ بدەیت لە شتێك، یان لە کەسانێك ڕابکەیت و نەتەوێت بیانبینیت، ڕاکردن لە واقیع کێشەکان چارەسەر ناکات، بارودۆخی تەندروستیت زۆر لەوە باشتر دەبێت کە چاوەڕێی دەکەیت، وا باشە لە کۆتایی هەفتەدا بیر لە چەند چالاکییەکی سوودبەخش بکەیتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕەنگە ئەم ماوەیە بەهۆی کۆمەڵێك گرفتی کەسییەوە ڕووبەڕووی هەندێك لە کەسە نزیکەکانت ببیتەوە، بە تەنیا بمێنیتەوە باشترە لەوەی پەیوەندییەکی نادروست دروست بکەیت، لە لایەنی تەندروستییەوە گرنگی بە خۆراکەکانت بدە، ئەزموونەکانی ژیانت بۆ ئەنجامدانی پیشەیەکی نوێ بەکار بهێنە، پێویستت ڕاویژ وەرگرتن لە کەسە دڵسۆزەکان هەیە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتی ئەوەیە بیر لە پرۆژەیەکی نوێ بکەیتەوە، هێندە سەرزەنشتی خۆت مەکە و، بەو شێوەیە بیر مەکەرەوە کە هەر شتێك ڕوودات بە هۆی تۆوەیە، بارودۆخەکە بەو شێوەیە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە وزەیەکی زۆرت هەیە و دەتوانیت ئەرکەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت، بۆ هەر پرۆژەیەك هەڵسەنگاندنی باش بکە، پاشان ئەنجامی بدە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


هێندە بەبێ هیواییەوە لە ژیان مەڕوانە، لە ڕۆتینی ژیانت وەرە دەرەوە و لە دەرفەتێکدا گۆڕانکاری ئەنجام بدە، خۆشەویستەکەت نیگەرانت بووە و دەیەوێت بە گەشبینییەوە بتبینێت،ئەم ماوەیە بە هۆی کارکردنی زۆرەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دابڕاویت، کارەکەت ئاسانتر دەبێت ئەگەر داوای هاوکاری لە هاوپیشەکانت بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەو بارودۆخەی ئەم ماوەیە ڕووی داوە، بەهۆی بیرکردنەوە نەرێنییەکانتەوە بووە، هێندە ڕەشبین مەبە بەرامبەر ژیان، هەوڵبدە بیر لە جوانییەکانی ژیان بکەیتەوە، ئارەزووی بەدەستهێنانی خەونێك دەکەیت کە پێتوایە مەحاڵە بەدەستی بهێنیت، بەڵام ئەگەر بە متمانە بەخۆبوون و جددییاتەوە کاری لەسەر بکەیت، زۆر ئاسان بەدەستی دەهێنیت.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com

# www.gulan-media.com

www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com www.gulan-media.com

Weekly
Gulan
January 10, 2022 Issue,No.1300

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626